


هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

# بەیان

گۆڤارێکی مانگانەی ئەدەبی یە

سەرەکی ئەنجومەنی کارگێڕو
سەرنووسەر

مصلح جەلالی



دەستەی نووسەران

فؤاد حسین احمد سکرتێری نووسین

دکتور احسان فؤاد

دکتور کاوس قفتان

دکتور عزالدین مصطفی رسول

مصطفی نریمان

محمد مصطفی حەمبور

محمود زامدار

عبدالکریم فتلی یحیی

صلاح شوان

سگڤان عبدالحکیم

محمد سلیم سواری

سەرپەرشتی هونەری و نەخشەکێشان هناء صباح

مونتێف وخۆش نووس: نزار بەزاز


## لەم ژمارەیەدا

لەم ژمارەیەدا


● تۆماری جەنگ ●
- کرێکارانی عیراق و بەخشەندەیی بەردەوام ........ کامەران حسن ٢
- بۆ بەسرا... شیعر ........ خالد خۆشناو ٤
- ئاهەنگی خوێنی لە کوردستانی ئێران ........ نوری عەلی ئەمین ٦
- شیعری شێخ ڕەزاو عەقلی خومەینی ........ عبدالقادر دەباغی ٩
- شەو دەکەیت بەکێ...؟... چیرۆک ........ عثمان خوا کەرەم ١٢
- ولاتەکەم... شیعر ........ محمد ڕەسول ١٥

● لێکۆڵینەوە ●
- بایەخ دان بە حیلم و عیرفان ........ د. کوردستان موکریانی ١٦
- هونەرمەندو کۆمەڵ ........ و. د. احسان فؤاد ٢١
- باهەندێك وریای زمانەکەمان بین ........ حیلمی عەلی شەریف ٢٩
- ئەدەبی منالان وەکو... و. لەئینگلیزیەوە ........ ئازاد عبدالواحد ٣٢
- ڕاجی و دوو هۆزان ........ نورالدین سعید ٣٧
- هێز دکرمانجی‌دا ........ محمد حسن بنافی ٣٩

● چیرۆك ●
- چیرۆکا کودکی ........ و شوکور مستەفا ٤٢
- لەمەرگ بەهێزتر.. وەرگێڕان لەڕوسیەوە ... د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف ٤٨
- خۆشەویستی ........ ڕەئوف حسن ٥٠
- خەمێکی گەش ........ ئاران کاکەی فەلاح ٥٥
- قوربێ نەگبەتی.. چیرۆکی ئەفسانە ........ غازی فاتح وەیس ٥٧
- خانەگوماتی.. چیرۆکی ئەفسانە ........ محسن بنی‌وەیس ٦١

● شیعر ●
- کسپەی دیرین ........ عوسمان خۆشناو ٦٦
- ئەی مەی‌گێڕی لاو ........ پەریاڵ محمود ٦٩
- باخچەی جوانان ........ م. عبدالله ٧٠
- گەردنانە ئازا ........ سگڤان عبدالحکیم ٧١
- هەڵایسان ........ نەژاد عزیز سورمی ٧٢
- کرج ........ ئازاد محمود مستەفا ٧٣
- گوڵی هۆزەخ.. پەخشانی نوێ ........ جەزاعەلی ئەمین ٧٤
- هوزانڤانەك و چەند هوزان ........ بدل رفو ٧٦

● ڕەخنە ●
- نامەیەکی کراوە بۆ عەلی عارف ئاغا ........ دلشاد مەریوانی ٧٨

● شانۆگەری ●
- شانۆگەری وئەخۆشی‌یە ........ سەلام معنی ٨٢

● کەلەپوور ●
- ڕوون کردنەوەی شیعرێکی عەلی بەردەشانی ........ کامەران بێ‌باك ٨٩

● پەرەمەی لاوان ● ........ ٩٥

● ڕاپۆرتی ڕۆشنبیری ●
- ڕاپۆرتی سلێمانی ........ باوکی شنە ١٠٢
- ڕاپۆرتی هەولێر ........ شێرزاد عبدالرحمن ١٠٤
- ڕاپۆرتی بەغدا ........ باوکی دۆست ١٠٧

● پاتەی بەیان ........ ئاسۆ ١١٠



دەزگای ڕۆشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی

وەزیریە

ئەنیشت

«المعهد القضائی» ت ٤٢٥١٨٤٦ پێنج خەتە


بەرگی یەکەم: وێنەی گۆرانی‌بێژی لاو خوا لێ‌خۆشبوو ئەیاز زاخۆیی

بەرگی دووەم: دیمەنی ڕێگای بابلۆن بەرەو زاویتە

**تکاوگلەیی: -**

تکـایـە هەر نووسـەرێ خەتـەکـەی خۆش و شاش و جوان نەبۆ نووسینەکەی دەخرێتە پشت گوێ.

ئابوونەی سالانە لەناو عیراقدا

7,000 دینار

بە بۆنەی جەژنی کرێکارانەوە

# کرێکارانی عێراق و بەخشەندەیی بەردەوام..

● کامەران حسن ●



جەماوەری گەلە تێکۆشەرەکەمان لە یەکی ئایاری گشت ساڵێك دا ئاهەنگی جەژنی کرێکاری جیهانی دەگێڕێ..

ئەگەر ئەم بۆنەو ئاهەنگ گێرانە لە وولاتانی سەرزەمین دا یەکێتی خەبات گێری بەخشێت و دژی چەوسانەوەو دواکەوتن بوەستن، ئەوا لە نیشتمانی خەبات گێری ئێمەدا بوو بە نیشانەی ئیش کردن لە پێناوی زیادکردنی بەرهەم و چاك کردنی چەشنەکانی لەلایەك و چەك هەڵگرتن و وەستان لە ڕووی دوژمن و بەرگری کردن لە خاکی پیرۆزی نیشتمان دا.. ئەویش لە سەنگەرەکانی پێشی پێشەوەی سەرسنوری نیشتمان..

لە وڵاتی ئێمەدا کرێکار جێگایەکی دیارو نموونەیی لە کۆمەڵگامان دا هەیە ڕۆڵێکی گەورەو مەزن لە ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دا دەبینێت.

ئەمەیش لەژێر سایەو چاودێریەکی تایبەتی دا کە سەرکردایەتی شۆڕش و لە سەرووی هەموویانەوە هەڤاڵ صدام حسین داویانەتێ.. بوارێکی فراوانیان بۆ ڕەخسێنراوە لە کاری نەقابەو بە چەشنێکی زۆر چاك بارو زروفی گوزەران و تەندروستی و پیشەیی و ڕۆشنبیریان بەرز بوتەوە..

بەراستی شایەنی ستایش و مەدحی سەرکردەی قارەمانێ کە بەرێزی لە بارەیانەوە فەرموویە [نوێنەری گەلن لە جێگای کارەکانیان دا، ناڵێم تەنها نوێنەری کرێکاران، ئەمەش لەبەر ئەوەی چونکە کەرتەکانی کۆمەڵایەتی لە شوێنی پیشەیی دەوڵەت و کۆمەڵ دا ماوەیەکە بەوەوە نەماوە کە ئەو جێگایەی کاری تێدا دەکات بۆ کەرتەکە بێت، بەڵکو بوو بە جێگای کارکردن» ئا لەم ڕوانگەیەوە بۆ ڕۆڵ و دەوری چین و کەرتەکانی کۆمەڵایەتی لە کاری بنیاتنانی عیراقی نوێداو لە بەرگری لە خاکی نیشتمان و پاراستنی دەسکەوتە هەرەگەورەو مەزنەکانی شۆڕشی ١٧ - ٣٠ی تەموزدا..

گشت نەوەکانی گەلەکەمان بوون بە کرێکاری بەرهەم هێنەرو سەربازی چەك بەدەست لە هەمان کات دا..

کرێکارانمان لە چوارچێوەی یەك گەلی یەکگرتوودا بوون بە حاڵەتێکی نموونەیی لە تاقی کردنەوەی پێشکەوتوومان دا کە بە دەگمەن لە نموونەی لە وڵاتانی عەرەب و جیهانی دا بەدی دەکەین.

کرێکارانی عیراق گەیشتوونەتە پلەیەکی بەرزی هوشیاری و زیرەکی و هەست کردن بە لێپرساوێتی ی نیشتمان پەروەرێتییان.. لە بەرگری لە خاکی نیشتمان و چەك هەڵگرتن دژی هێرشە دوژمنکاریەکانی خومەینی ی بەدفەساڵ و بەدڕەسەن..

هەروەها لە بەردەوامی و کۆششی بێ پایانیان دا لە بەرهەم هێنان داو پەرەپێدان بە چەشنەکانی بەرهەم ئامادەبوونی جەماوەری کرێکارانمان بۆ خۆبەخت کردن و تێکۆشان و بەخشەندەیی بوو بە ڕاستیەکی دیارو ئاشکرا کە توانیویانە هێزی ئابوری و هێزی سوپایی پتەویکەن بەو چەشنەی کە بتوانن لە ڕووی دوژمنان بووەستن و گورزی خۆیان بە توندی ئاراستەیان بکەن و سەرکەوتن وەدی بهێنن..

شەش ساڵی تەواوە لە شەڕی شەرەفمەندی و کەرامەت دژی هێزی شەڕو تاریکی و نەفامی و چاوچنوکی و سەرکەوتن بە سەریان دا باشترین بەڵگەیە بۆ قسەکانمان..
شەش ساڵی تەواوە گەلی عیراق و کرێکاران لە دوو لایەن دا دەجەنگێن لە گۆرەپانی جەنگی سەرسنوورو گۆرەپانی کارخانەو فابریقەو بنیاتنان و بەرهەم هێنان دا شەش ساڵی تەواوە گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە بەیەك دڵ و یەك گیان و یەك بازۆ کاردەکەن و پێش دەکەون.. و.. لە چوار دەوری سەرکردەی قارەمان صدام حسین کۆبوونەتەوە و هەمیشە بەڵێن و پەیمان و وەفاداریی خۆیان دەنەخشێنن..

وەفاداری بۆ خاك و نیشتمان و سەرۆکی مەزنیان.. پیرۆز بێت.. جەژنی پیرۆزی کرێکارانی خۆشەویستمان پیرۆز بێت سەرکەوتنەکانی گەلەمان لە گشت کەرتەکان دا..

# بۆ بەسرا



● خالد خۆشناو ●

بەسرا بۆ تۆیە خۆشیم
بۆ بیارەو مەندەلیو خانەقین
ڕێی خەباتی دلێرانت . . .
بۆتە عینوان و ڕەمز

لە عیراقا

ولاتی پڕ خۆشیو شادی
ناوت بەرزە. . . . کۆمارێکە
بۆ دڵی من. . . بۆ دڵی هەموومیللەت

بەهارێکە
خونچەی هیوا لێی ڕواوە
× × × ×
ئەی خونچەی جوان
بە خوێنی دڵ...
ئاوت ئەدەین...
گەورەت ئەکەین....
تا ئەبێتە....
تاکە گوڵێك
ناوت ئەنێین
گوڵی ژیان... ئەی بەسرای جوان
گوڵی ژیان
ئەی بەسرای جوان
ئەی هوگرو جوان و...
بۆن خۆش

هەر تۆی کە پەپوولەی سۆزی..
دڵی ئاوارە....
دێنیتە جۆش.
شەرت بێ بیبێنە باخەدان...
ئەی گوڵی ژیان...
لە بەدکاران...
لە ناحەزان....
لە دۆستی هەموو خۆویستان...
ئەتپارێزین...
ئەتپارێزین...
تا دوا هەناسەی ژیان
× × × ×
باکت نەبێ....
باکت نەبێ بە شەیتانی
قوم و تاران...
باکت نەبێ... باکت
بە توپ و تانگ نەبێ
ترست نەبێ...
ترست نەبێ...
ترست لە جرۆ جانەوەر ..نەبێ
زەردەخەنەی... پڕ لە مانات...
پڕ لە هیوات... لەسەر لێوا وشك نەبێ..
× × × ×
لە عێراقا
لە ژێر سێبەرێکی پاکا
لە هەموو دڵێکی بێ باکا
هلوار ئەکەین...
هاواریشمان... بۆ دوژمنان
پەیامێکە... ترسناکە... زۆر سامناکە
دەنگی ئێمە...
موژدەیێکە... هەر بۆ تۆیە
دەنگمان لەگەڵ...
دەنگی تۆیە
گیانمان لەگەڵ...
گیانی تۆیە
دەسا خێراکە هیمەتێ
× × × ×
دەنگمان... دەنگی
ڕابەرێکە...
بۆ ئەم خاکە...
بۆ ئەم گەلە...
هۆشیارێکە...
بێهاوتاو سوارچاکێکە
خۆشمان ئەوێ...
خۆشمان ئەوێ..
لە نێو دڵی هەموومانا
صدامێکە
× × × ×

# ئاهەنگی خوێن
# لە کوردستانی ئێران دا

نوری عەلی ئەمین



(١)

ئەگەر...

چاوەکانم هەڵ بکۆڵن...

پەنجەکانم،

یەکەیەکە لەبن دا بقرتێنن...

پێوەندیش بکەنەپێم و،

لە زیندانەکان دا، دام بڕزێنن...

ئەوجا، هەر دەڵێم:

توخنم مەکەوە،

نامەوێ بت بینم، چونکە:

باشت دەناسم...

دەزانم:

- زاڵمیت و خوێن ڕێژی...

شەڕ دەفرۆشی........
پیلان دەگێڕی........
- بوویتە زەروو، خوێن دەمژی..
لە ئاهەنگی خوێن دا، سەرچۆپی دەگری..
بلوێری مەرگ،
بۆ زیندووەکان لێدەدەی..
بەرەو گۆڕستانی مردووەکان،
ڕایان دەکێشی.........
ئەوانیش، لە خوێن هەڵ دەکێشی...
- کەڵبەکانت دەکەی،
بە گوڵ مێخی ڕق و کینە،
لە زامی شەهیدەکان دا،
ئازاری پێدەنێژی..
(٢)
توخنم مەکەوە،
باشت دەناسم...
- باوی چاوبەست و،
جادووگەری نەماوە...
- فێڵبازیش تەنگی پێهەڵ چنراوە..
وەك ڕێوی ناوکون قانگ دراوە..
شەرمەزارەو،
ئابڕوی تکاوە..
- پیلانیش پیرەو،
هەوێنی ژیانی بڕسکاوە..
دەنگی ناخوا،
هێزی بڕ ناکا،
چرای کەوتۆتە کزی..
تازە.. تۆ دەتەوێ:
بیکەیتە داردەست و،
شەڕی لە نێو گەلان دا،
پێهەڵ بگیرسێنی..
ئیسلامی بە چەقۆییکی کول،
پێسەربڕی...
تیری پێ برسی و، برسی پێبمرێنی...
ئاڵۆزیی لە نێو گەلان دا،
پێبهروژێنی..
لە سێبەری شەڕدا،
پارووی چەور بگلێنی..
خوێنی براو، برا،
بە یەکتر بڕژێنی..
(٣)
توخنم مەکەوە،
باشت دەناسم...
دیسان دەتەوێ:
- بە فێڵ...
- بە پیلان..
منیش وەك بابە سمکۆ،
لە ئاسیاوی سیاسەت دا،
بکەیت بە نێچیرو،
لە دەستاڕی چاوبەست دا، بم هاڕیت..
جەرگم دەربهێنی..
سەرم بپەڕێنی..
فرمێسکی گەرم،
دیسان: بە گەلەکەم ببارێنی...
برینی کۆن و نوێی بهێنیتەوە سوێ..
پەتەکەی ملی قازی،
هێشتا لە شاری مەهابادا،
نەپساوە..
خوێنی لێ دەتکێ...
هاواردەکا:
- ئەی کوردینە..
- ئەی مەردینە.
خوێنەکەم بە خۆڕایی لە یاد مەکەن..
هەرگیز باوەڕ بە درۆو دەلەسەی،

پیاوی لە خوانەترس، مەکەن. .
(٤)
توخنم مەکەوە،
باشت دەناسم. .
تازە. . من:
- بە فرمێسکی درۆ،
- بە پیلانی تۆ. .
جارێکیتر ناکەومە ناو داوەوە. .
خوێنی ڕۆڵەکەم ناخەمە لاوە. .
ئەوەی باوکم بۆی دەجەنگا،
باپیرەم سەری لەسەر دانا،
هەر بۆ ئەوە تێدەکۆشم. .
خوێنی دی - بە لێشاو - دەبەخشم. .
کوردستانی قازی محمد نافرۆشم. . .
ڕێ بە دوژمن نادەم،
لە بازاڕی دۆلاردا،
بیخاتە مەزاتەوە. .
ڕاستە:
- ئەی نەیاری کورد. .
- جێگری شا. . .
تۆ بەخۆڕایی،
لە نوێنی گەرم و نەرم دا،
ئەم خاکەت پێبەخشراوە. .
پشتت پێوە نەیەشاوە،
ئازارت لەگەڵ نەکێشاوە. .
بەڵام. . من:
وڵاتی خۆمەو،
کوێرەوەریم تێدا چەشتووە. .
جەرگمی تێدا سووتاوە. .
هەزاران. . .
شاسواری تێدا گلاوە. .
نەوجەوان و،
کۆرپەو،
داپیرەو،
باپیرەی تێدا نێژراوە. .
لە دەستی نارەوایی،
کۆری شیوەنی تێدا بەستراوە. .
خەڵکی بە زیندوویی، لە ماڵی خۆیدا:
- یان سەربڕ - ڕاوە. . .
- یان زیندەبەچاڵ کراوە. .
- یان لە زیندانەکانی تاران دا،
چاوی بە چنگاڵ هەڵ کۆڵراوە. .
ئەو جا بەرەڵلاکراوە. . .
(٥)
توخنم مەکەوە،
باشت دەناسم. . .
تازە. . من:
بوومەتە،
. . . شێری ناوچیاکان،
. . . پڵنگی ناودارستانەکان،
ڕۆشنبیرو چەك بە دەستم. .
بە تۆ ناگیرێم. .
- گەلەکەم. . .
بۆ وەرگرتنی حەقی خۆی،
لەو کوردستانی ئێرانە،
یەك دڵ و یەك گیانە. .
لە کۆڕی شەڕدا،
شاسواری مەیدانە. . .
لولەی تفەنگەکەی،
گڕی تۆڵە دەبارێنێ. .
خوێنی شەهیدەکەی،
لە خاك دا، دەبێتە گڕو،
زاڵمی وەك تۆ دەسووتێنێ. .

## شیعری شێخ ڕەزاو

# عەقڵی خومەینی

**عبدالقادر دەباخی**

بۆ فریودانی کۆمەڵانی خەڵکی کاول کراو کورو کچ کوژ راوی ئێران بۆ هەڵخڵەتاندنی زیاتری هەڵخەڵەتاوان و شانۆی لێبوردنی ئیسلام و ڕەحمی ئیمام و زۆر مەبەستی تر لە لایەن حکومەتی شانۆگەری ئاخوندەکانەوە لە هەرشارێکی کوردستان چەند مەلایەکی جێ بڕوایان هەڵبژارد کە بچنە قوم و لەوێوە بۆ تاران و خزمەت ئیمامی جەماران.

مەلای گەڕەکی ئێمە جەنابی مامۆستا مەلاعومەر کە مەلای گەڕەکی ئێمە جەنابی مامۆستا مەلاعومەر کە بە قسە خۆش بەناوبانگەو زۆربەی شیعرەکانی شێخ ڕەزای لەبەرە یەکێ لەو مەلایانە بوو.

لە گەڕانەوەی‌دا بەر لەوەی بچمە زیارەتی و بەخێرهاتنی عەرزێکەم شەو دەنگی دزگای کۆمانجم بیست بە پەلە سەرکەوتم تماشام کرد جەنابی مەلاو خێزانی هاتوون، زانیم لە ترسان پەنایان هێناوە ماڵی ئێمەیان بە ئەمین زانیوە. . .

سڵاوم لێ کردو بە خۆشیەوە دانیشتین، دوای بەخێرهاتن و برەقسەیەکی عادی وتم مامۆستا ڕەنگە لەم سەفەرە خۆشتان ڕابواردبێ، فەرموی شاڵلا دەستم شکاباو و ئەم سەفەرەم نەکردبایا، ئێمەیان وەك بەخێربرد بۆ شاری قوم، ماڵی ئاغای مونتەزیری نایبی ئیمام کە لەزانایدا دەستی مەلای فەزیوورەی لە پشتەوە بەستووە، ئەوشەوە، درنگانێ مەلا کوردەکان لە هۆدەیەکی گەورە دانیشتین و قسەمان کرد تەنیا پازدە دەقیقە ئیجازەیان داین کە چاومان بە مونتەزیری کەوت، برواکە سەعاتێ شەوی، بوو کە لەهەموو مزگەوتەکانەوە دەنگی موناجات بەرزبووەوە خەویان

له ئیمــه زەڕانــد، نیــو سەعــات شەوی، بوو کە لە ڕوو دەربابیدا چووینە مزگەوت و چیشتان بەڕێیان کردین بۆتاران.

گەرچی بەلای خۆیەوە ئیمە جێگا بڕوایان بووین بەلام، گەیشتینە جەماران ٤ جارو لە بەینی ئیمام دا ٣ جاری دیکە بەوردی گشت جێگەیان پشکنین.

لە سالۆنی تایبەتی میوانی ئیمام دانیشتین، پاش چەن دەقیقـە سەڵـەواتیـان لێداو ئیمام هات و لە جێگەی تایبەتی خۆی دانیشت و ئیمـەش یەکـە یەکـە دەچووین و دەستمان ماچ دەکرد، بۆ ئەوەی کە دڵی ئیمام نەیشێ ناوی من کە عومەرە گۆردراو بووم بە مەلا عەلی، مەلا عوسمانیش بوو بە مەلا حوسەین!!

ئیمــام دەستی‌کـرد بە قسـە خۆی ئاسـایی‌و عاسمـان و ڕیسمای تێکەڵ کردو دروشمی شەڕشەڕ تا سەرکەوتنی‌دا کە دوای داگیـرکـردنی عیـراق، قودسی ئازیـز ڕزگـار دەکـاو ئیمپراتووری ئیسلامی بەسەرۆکایەتی خۆی پێك دێنێ:

پاش فەرمـایشـە بەنـرخـەکـانی!! وتی چوونـە قوم لە مونتەزیری ڕازیین؟ وتمان بەڵێ وتاریفی نان و خوانی‌کرا، مەلا کوردەکان دنەیان دام کە قسەیەکی خۆش بکەم بەڵکو بزەیـەك بێتـە سەر لێـوی ئیمـامی بێ بەزەیی وتم قوربـان، ئەگەر شێخ ڕەزای خواڵی‌خۆشبو سفرەی ئاغای مونتەزیری دی‌با ئەو شیعرەی دەگۆڕا کە دەڵێ:

**سێ ئیسم هەن موسەممـا هەروەکو ناوی بەقا**
**تەیری عونقا، شاری جابولقا، پلاوی خانەقا.**

بە پێچەوانەی بڕوای ئیمە، ئیمام تێك چوو وتی بۆ شێخ ڕەزا بڕوای بەشـاری جابـولقـا نی‌یـە، دەبێ بیگـرن ئەوە مفسـدە، دوو شاری جابـولقـاو جابـولسـا هەن و ڕیـوایەتی صحیح لە کتێبە گەورەکانی وەك کافی‌و بحار الانواردا نووسراوە.

بە ئیشارەت تێیان گەیاندین کە وەخت تەواوەو دەبێ بڕۆین:

ئیمام بەڕوویەکی ناخۆش خواحافیزی کردو مشت ومڕی

ئیمــە دەستی پی‌کــرد، هەر ئەوانــە کە دنـەیـان دەدام کە قسەبکەم کەوتنە سەرکۆنەم.

بە ناڕە حەتیەوە چووم بۆ ماڵی دۆستێکی ئەدیب و زانام و لەسیر تا پیـواز هەمـووم بۆ گێـڕایـەوە وتی شاری جابـولقـاو

جابولسا بە بڕوای خومەینی هەیە، لەبەر ئەوە شێخ ڕەزا بە نەبـووی دانـاوە بە فتـوای ئیمـــام دەبێ خوێنی بڕژێ‌و بکـوژرێت!! من پێکـەنیم بەڵام ئەو دڵسـۆزە وتی مامۆستا دەبێ بۆ ئێـرانی کاول، بۆ کوردستـانی ژێـر چەپـوکی

ئاخــونـدان و بۆ گەلانی لە ماف بێ‌بـەش ئێـران بگـرین. کتێبەکانی هێناو گەڕا نیشانی‌دام، نووسیمەوە، فەرموو بیخوێنەوە.

لە کتێبی کافی. بەشی «کتاب الحجة باب مولد حسن بن علی، وبــەرگی حەوت» لە کتێبی الانــوار کێ لەکێ‌و لەکێ‌وە نەقڵ دەکا کە حەزرەتی حەسەن فەرمووی: خودا دوشـاری هەیـە کە یەکێکیـان لە ڕۆژهەڵاتەو ئەوی‌تریان لە

ڕۆژئـاوا، دەورانـدەوری ئەو شارانـە دیـواری ئاسنینـەو هەر شارە هەزار هەزار دەروازەی هەیــەو بەحــەفتا هەزار

زاراوە قسە دەکەن کە هەر زاراوە لە زاراوەکانی‌تر جیاوازە، من تەواوی ئەو زمــانــانــەو ئەوەی لەو شارانـەداو لە بەینی

ئەوانـدا هەیـە دەیـزانم، غەیری من و حوسەینی برام نەبێ کەس نای‌زانێ.

لەم سەردەمەی عیلم و زانستەدا جەنابی ئیمام خومەینی کە زاناترین زانای جیهانە لە لاپەڕەی ٣٢٠ کتێبی (کشف

الاسـران)ی خوێنـدا دەنـووسی : گومـان لەبـوونی شارانی

جابولقاو جابولسا جایز نین بێشکە، چوونکە ئێمە نازانین
لە رۆژاواو رۆژهـەلاتی دنیـادا ئەم شارانـە هەن یانین؟!!
رەنگە لە کورەکانی‌تردا ئەو جۆرە شارانە هەبن..

بەراستی دەبێ ئەو تیۆریـە بەنـرخـە ئەو فتـوا پیرۆزەی
خومـەینی بە ئاوی زێـر لەسـەر درگـای گشت زانستگاکانی
دنیا بنووسرێ!!

خوێنەری ئازیزم لەبەر ئەوە هەموومان لەرادەی زانست و
عەقل و شعوری ئەم رێبەرە دنیاگرە شارەزابین و لەبەرامبەر

ئەو گشتـە زانـاییـەدا کرنووش کەین با نەختێ ش کەینەوە.
جابـولقـاو جابـولسـا هەرکـامـەی هەزار دروازەی هەیە دیارە

مەبەست لە دروازەی شاران دەرگای مالان نی‌یە، بەلکو لە
قەدیم و گشت شاری بەگـوێـرەی گەورەیی‌و بچووکی چەن

دروازەی هەبـووە کە شەوان داخـراون و کەس نەی‌تـوانیـوە
هات چۆبکـات، هەزار هەزار دەبێتـە یەك ملیـۆن، بەپێی

هەر دروازە لانـی زۆر کەمی ١٠٠ متـر بووە کە دریـژایی
دیـواری ئاسنین دەبێتـە سەدملیۆن مەترە واتا/ ١٠٠,٠٠٠

کیلومـەتـر، دریـژایی هەرگـۆشـەیـەکی دەبێتـە ٥٠٠٠م
کیلومەترەو ئەگەر ئەم شارانە هیچیان لەبەین دا نەبێ‌و تازە

هەردوو شارەکە بخـەینـە پاڵ یەك دریـژایـەکـەیـان دەبێتـە
٥٠,٠٠٠ کیلومـەتـر، ئەوەش دەزانین کە پانترین شوێنی

سەرزەوی لە ئوستـوادا ٤٠٠٠٠ کیلومـەترە. جا جەنـابی
بەحری زانست و عیلم دە هەزار کیلومەترەکەی‌تر لەکوێ

دینێ.
سەرەرای ئەوەش بە گوێـرەی ئەو رێوایـەتـە کە ئیمـام و

داروده‌ستـەکـەی بـروایـان پێ قایمـەو ناشێ شکی تێـدا بێ

خەڵکی هەر شارە بە حەفتا هەزار هەزار شێوە زمانی جیاواز
قسە دەکەن یانی بە حەفتا ملیون زاراوە!
جا ئەگـەر دیسـان هەر لانی زۆرزۆر کەمی بۆبگـرین

دبیـژین هەر زاراوەیـەکی تەنیـا هەزارکـەس قسـەی پێـدەکا
دەبێتە حەفتا ملیار/ کەس!!! بە هەردوو شارەکە سەدوچل
ملیار ١٣٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ کەس!!!

ئەوەش ئاشکـرایە کە ئێستـا دنیـا لەگشت سەردەمێکیدا
قەرەباڵغترە هێشتا ژمارەی دنیا نەگەیشتوەتە ٤١ ملیارد کەس

تازە ئەگەر بۆ هەزاراوەیەك ١٠٠ کەس بۆ دابنێن دەبێتە هەر
شارە ٧ ملیار کەس و هەردوو شارەکە ١٣ ملیارد کەس کە

هێما ٩ ملیون کەس لە دانیشتوانی هەموو دنیا زیاترە!!
لە هەمووی خۆشتر قسەی خومەینیە کە ئێژی نازانین لە

رۆژهەلات و رۆژاوای دنیادا ئەم شارانە هەن یام نا؟ وەکو
ئەوەی کە دوو شاری وا گەورە ١٤ ملیار کەس دانیشتوانیەوە

لە خەرێتە نەخشەی جیهانی‌دا ونەو ناویان نەدۆزراوەتەوە یا
دوو کۆخن و لە لێوارەکانی ئامازۆندا. شاردراونەتەوە.

پێویستـە ئەو وەحشـەت و تاریکیـە بە نوری زانست و
هێـزی باس گەل بتـارێنین و حکـوومەتی شوومی ئاخوندی

بروخێنین و ئازادی بژیەنین و کۆماری دیموکراتی
دامەزرێنین.

# شوودەکەیت بەکێ؟



○ عثمان خواکەرەم ○

(پرشنگ) کە دەستی خستە ناو دەستی (ئامانج) لە خۆشی‌دا گیانی پڕ بوو لە خوتوکە.

دەمێك بوو ئەم دوو دڵ دارە چاوەڕێی ئەو کاتەیان دەکرد ئاوا بۆیەکتری دیاری‌بکرێن.

یەکتریان لە گیان و ژیانی خۆیان خۆشتر دەویست. ئەوا پاش خوگرتن و ئارامیکی دورو درێژی پڕ لە چاوەنواڕی بە ئاواتی خۆیـان گەیشتن.. ئیتـر یاوەر تاکـەن هێـز بیێت بتوانێت لە یەکیان دووربخاتەوە.

پاش ماوەیـەکـی کەم پرشـنـگ مارەدەکـرێـت لە خۆشەویستەکەی (ئامانج گیان)و . بەیەك شاددەبن.

ئەم دوو دڵ دارە بۆیـەکـتـری سووتـابـوون.. بەڵام پرشنگی شۆخ و جوان هەستێکی بەسـۆزی دیکـەش دڵ و دەرونی پڕ کردبوو!

ئەوەش خۆشـەویـستی بەرانبـەر سەربـازەکـانی ولاتـەکـەمـان بوو کە لە پێنـاوی ئازادی‌و سەربـەرزی پرشـنـگ و، هەمـوو ئافـرەتێکی عێـراقی لە مەیـدانی شەرەف دا، لە دژی سوپـای ئێـرانـی دوژمـن و دەست درێژی‌کـەر دەجـەنگێن.. نایـەڵن بستێ لە خاکی ولاتەکەمان (گڵاو بکەن)

پرشنـگ لەسـەر داخـوازی خۆی وەکـو برین پێچێـك هەمیشە لە تیمارخانەکان دا خزمەت گوزاری دەکردو، شەوو ڕۆژ تیماری سەربازە جەنگاوەرە بریندارەکانی دەکرد!.

لە کارکردنیش دا هەر ئامانجی لە یاد بوو. دڵی خۆی بەوکاتە خۆش دەکرد کە مارەی دەکات و بەیەك دەگەن.. بەڵام ئەوەنـدە دڵ سۆز بوو بۆئـەو سەربـازە بریندارانەش.. ئەوەندە خۆشیانی دەویست، کە دەست شکاوێك یان قاچ براوێکیـان دەهێنـا بۆلای بۆتیمـارکـردنی ئازار وەکو پشکۆ بە پەڕەی دڵی‌دا دەچزا!.. لە ناو ئەمان لەو کاتەدا ئامانجی خۆشەویستی بەیەکجاری لە بیر دەچووەوە.. بەتایبەتی بۆ (ئـاسـۆ) لە هەمـوویان بەپەرۆشتر بوو!.. ئەو سەربازە لاوە تەمـەنی لە نۆزدە ساڵ تێ نـەدەپـەڕی.. هەمرو هاوڕێکانی شایەتی ئازایەتی‌و بەجەرگی‌یان بۆ دەدا!.

لە هێرشێك دا بۆ سەر دوژمن (پارچە بۆمبا) بەر هەردوو ڕانی کەوتبوون.

ڕانێکی لە بەر ئەوەی بەیەکجاری داڕزابوو پزیشکەکان ناچار بوون لە بن دا بڕی‌یانەوە. ڕانەکەی دیکەشی حاڵی شڕ بوو. بەڵام پزیشکەکان بەهەموو توانایەکیانەوە هەوڵی ئەوەیان دەدا نەی‌بڕنەوەو چاك ببێتەوە.

ئەو سەربــازە دڵ فراوانــە لەو بارە ناخـۆشـەشی دا ڕووە خۆشەکەی تاڵ نەکردو، نەی‌هێشت پەستی و خەم و خەفەت وەکــو (مێـردەزمـە) چۆك بداتـە سەر سنگی و ژیـانی دژوار بکات. هەموو خەم و ئازارێکی بەو بڕوایە سارێژ دەکرد کە لە پێناوی وڵاتەکەی‌دا وای بەسەر هاتووە.

لە بەر خۆیەوە دەی وت: «سوپاس بۆتۆ خوایە گیان کە لە مەیـدانی شەڕدا وام‌لێهاتـووە، لە پێناوی سەربـەرزی‌و ئازادی‌و پاراسـتنی وڵاتــەکـەم و دایـك و باوکم دا. هەزار شوکـور بۆتـۆ خوایـە گیـان کە ئۆتـۆمبیلێـك لە ناوەڕاستی شەقـامێـك دا لێی نەداوم و وای لێ نەکـردووم. ئەو کاتـە بەسەرهاتەکەم کەڵکی بۆکەس نەدەبوو.

پرشنگ کە گوێی لەم وتە پڕ لە بڕواو ئیمانەی ئاسۆ دەبوو هەزار ئەوەندەی دیکە نرخی ئەم سەربازە گیان فدایەی لەلا پتر دەبـوو. دەی‌ویست کڕنـوشی بۆ بەرێت. . . هەمیشـە ئارەزوی ئەوەی هەبوو لە ژوورسەری بێت و، چاودێری بکات.

هەموو ژەمێك لە کاتی خۆی‌دا دەرمان و حەبەکانی بۆ دەهێنێت و، دەرخواردی دەداو، تیماری دەکرد.

ئاسـۆش زۆر دڵی بە پرشنـك دەکـرایـەوە. . بە ـ بۆنەی دڵ دانەوەو چاودێری‌و نەرمونیانی ئەوەوە باری ئازاری سووك بووبوو.

هەندێ ڕۆژ پرشنگ دەچووە ژێر باڵی‌و، لەناو چیمەنی خەستـەخـانـەکەدا پێکەوە کەمێك دادەنیشتن. . گوێ‌و دڵی خۆی ئاوپـڕژێن دەکـرد بە وتـە قوت و خۆشـەکانی ئاسۆ. . بەتـایبـەتی کە باسی بەسـەرهـاتەکانی جەنگ و، ئازایەتی‌و قارەمـانیـەتی سەربــازەکـانی ئاوەڵی بۆدەگێـڕایـەوە، کە دەجەنگان لە دژی سوپای ئێرانی دەست درێژی کەر.

ئەگـەر ڕۆژێـك ئاسـۆی نەدیبـایـە ئارامی نەدەمـا. . کە بیری لەو دەکردەوە یادی ئامانجی دەزگیرانی لە مێشکی‌دا دەفـری‌و نەدەمـا. هەتــا وای لێ هات دەرەنــگ دەرەنـگ ئامانجی دەبینی‌و، بەیەکیشەوە کەم دادەنیشتن.

ئامــانجیش هەمــووجـار بەقـورگێکی ئاسـاوەوەو، بەدەم سکاڵایەکی زۆرەوە گلەیی ئەوەی لێ دەکرد سارده لەگەڵ ئەم داو وەکو جاران بەپەرۆشیەوە نی‌یە. پرشنگیش وەڵامی دەدایەوە:

ـ منی ئێستـا خۆم نەزر کردووە بۆخـزمـەت گوزاری ئەو سەربازە لەش تێك چووانەی کە ئەگەر ئەوان و هاوڕێکانیان نەبـوونـایـە من و تۆ ئێستـا نەمـان دەتـوانی وابەئاسانی ئاوو هەوای سەربەستی‌و ئازادی وڵاتەکەمان هەڵ مژنی. . نەمان دەتوانی ئاوا بەکامی دڵ و بەئاسوودەیی لەگەڵ یەکدی‌دا دانیشین.

ڕێزگرتن و خۆشەویستی ئاسۆ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئادەهات دڵ و دەروون و هەسـت و بیـری پرشـنگی پڕدەکـرد. لەم بەولاوە کەسـی دیـکـەی بەیـادا نەدەهــات. . یادو خۆشەویستی ئامانجیش لە مێشك و دڵی‌دا ڕۆژ بەڕۆژ کزو لاواز دەبوو. . هەتا وای‌لێ‌هات خزایە کونجێکی دڵی‌یەوە.

بەڵام ناخـۆشـترین کات لە ژیـانی پرشنگ دا ئەو ڕۆژە بوو کە زانی پزیشکەکان دیسانەوە ناچار بوون بڕیار بدەن ڕانـەکـەی تری ئاسـۆ ببـڕنەوە: چونکە ئەو ڕانەشی کەڵکی ژیانی پێوە نەمابوو، گۆشتەکەی داڕزابوو.

کە ئاسـۆیـان بەبێ‌هـۆشی لە بەردەستی پزیشکـەکان دا هێنایە دەرەوە، پاش ئەوەی ڕانەکەی دیکەشیان بڕیەوە، ئەو هەژارە وەکـو کۆتـەرەدارێـکی لێ‌هـاتبـوو. . بێ‌ڕان. . بێ‌قـاچ. . بەقـەدەر نیـوە زەلامێکی نەمـابـووەوە. منداڵێك دەیتوانی بی‌گرێتە باوەش.

پرشنــگ کەبــەم کەسـاسیـە ئاسـۆی دی دایـە پرمـەی گریـان. . هەر لەو کاتـەش دا سەد ئەوەنـدەی جاران ڕێـزو خۆشـەویستی ئەو لە دڵی‌دا گڕی سەنـد. . فرمێسکـەکـانی خۆی سری‌و لە ژوورسەریەوە وەستا ـ چاوەڕێی ئەوەی دەکرد بێتـەوە هۆش خۆی، بۆئـەوەی لەو کاتـەدا باری ناهەمواری نوێی خۆی دەبینێت، ئەم دڵ نەوایی بکات.

که ئاسۆ چاوی کردەوە بەسەرسامیی و واق ورمانێکەوە سەیری بنی لەشی خۆی کرد. . چی ببینێت؟!. . هەمووی بەسارغی پێچراوەو وەکو مەرەمیکوتی لێ هاتووە.

لە تاودا شەققە لە دەنگی هەناسەی قوول و ساردوسڕو کوتوپچڕیەوە هات. بەپاڕانەوەیەکەوە سەیرێکی پرشنگی کردو چاوەکانی پڕبو لە فرمێسك و توند نوقاندنی.

پرشنگیش لەناو ئەودا وەخت بوو گڕ لە دەرونی بەربێت. خێرا لێی چووە پێشەوەو وتی:

- ئاسۆ گیان نەگریت.. باهەر قارەمانەکەی جاران بیت.

- ئەها چیم لێ هاتووە!!

- قاچەکانت نەماوە؟.. دیمەنی لەشت گۆڕاوە؟. بەڵام لەبەرچاوی ئەم میللەتە بەرزترو بەنرخترو جوانتر بوویت.

- ئۆف خوایە گیان شوکورم بەبەشت

- توخوا مەڵێ ئۆف ئەی‌قارەمان.. توخوت دەزانیت (صدامی باوکمان) - باوکی گەورەو دڵ فراوانمان.

چۆن سەرپەرشتی ئێوەمانان دەکات و ئاگای لێتانە.. هەمووی دوو مانگی دیکەی پێناچێ کە - لە سایەی میریی دڵ سۆزو بەهۆی تیشکی زانستیەوە دو قاچی ڕێکوپێکت بۆدروست دەکرێ.. گیانەکەم. ڕوی ئاسۆ گەش بووەوەو بزەیەك کەوتە سەر لیوی‌و وتی:

وتەکانت هەموی ڕاستە.. خوا هەمیشە سەرۆکمان بۆبپارێزی. باوکی دڵ سۆزو میهرەبانمانە.

ئاسۆ کەمێك مات بوو. لە پڕا بەکزییەکەوە چاوەکانی بڕییە پرشنگ.. دووسێ جاریش لیوی لەرییەوە.. ویستی شتێك بڵێت، بەڵام سەری داخست و بێدەنگ بوو.

پرشنگ بەپەرۆشەوە لێی نزیك بووەوەو، وتی:- بڵێ.. چی لەدڵتایە؟.. بڵێ. شەرم مەکە.

ئاسۆ فرمێسك ڕژایە چاوەکانی‌و وتی:

- من گەنجێکم.. بەڵام بەم قاچە بڕاوانەمەوە ئیتر هیچ ئافرەتێك شووم پێناکات:

پرشنگ بەنەرمییەکەوە نیگایەکی کردو بەدەم وتەکانیەوە سورهەڵ گەڕا کەوتی:

- ئاسۆ ئەوە بەڕاستتە وادەزانیت کەس شووت پێناکات؟!.. دەسا من بەئەوپەڕی شانازییەوە شووت پێدەکەم. بەدەم زەردەخەنەیەکەوە: «ئەگەر تۆ بەمن ڕازی ببیت.»

- ئاسۆ گیان پێویستە لە سەر هەموو ئافرەتانی بەوەفای ئەم وڵاتە لە چاکەی گیان فدایی و خۆبەخت کردنتانا تانێوەمانان وەستاین شوو بەکەسی دیکە نەکەن.. ئەگەر ئێوە بێ پەروا لە سەر ئەم خاکە دەست و قاچی خۆتان بەبڕینەوە نەدابایە، ئێمەی ئافرەت ئێستا بەدەست سەربازی دوژمنەوە هاوارو زریکەمان دەهات.. منداڵە جگەرگۆشەکانیشمان بەسەر نوکی نێزەی تفەنگەکانیانەوە گیانیان دەدەچوو

ئاسۆ بەم بڕیارەی پرشنگ وەکو گوڵ گەشایەوە.. زەردەخەنەیەکی هیوا کەوتە سەر لێوی.

پرشنگیش لە دڵی خۆیدا وتی: «باشامانجیش ئافرەتێکی دیکە بدۆزێتەوە بۆخۆی.»

× ×

لە سەر ئەرکی میری نیشتمان دو قاچ بۆئاسۆ دروست کرا، بەو جۆرەی هەستت نەدەکرد ئەوانە قاچی خۆی نین. ڕێکوپێك و گورجوگۆڵ بووەوە، دەت وت هەر سەربازە ئازاکەی جارانە.

ئاسۆ بەدەم ڕۆیشتنی سەربازییانەوەو، بەقەدو باڵا ڕێکوپێکەکەی وەکو جارانییەوە، چو بۆلای پرشنگ.. قیت لە بەردەمیا وەستاو دەستی خستە ناو دەستی بۆئەوەی لێی مارە بکەن.. بەئاواتی دڵیان گەیشتن.

مێژووش بەشانازییەوە بەئاوی ئاڵتون باسی ئەو بەیەك گەیشتنەیانی بۆنووسینەوە.

× × ×

# ولاتەکەم

○ محمد ڕەسول ○

ئەی ولاتم
بۆ تۆیە هەول و خەباتم
من ڕۆلەی تۆم
تۆ دایکمی‌و
تاگەورەبووم وەك و کۆرپە لەسەرکۆشی تۆدا خەوتووم
ئەی وولاتم
ئەی هەست‌و جۆش و ئاواتم
سوێند بەخاکی پاك و جوانت
هەتا ئیستا وەك و نەزان توشی چەن ڕێی خەراپ هاتووم
بەلام تۆی قارەمان و پاك
ئەتهێنامە سەر ریگای چاك
ئەی وولاتە گران بەهاکەم
قوربانت بم ئەی سەر چاوەی حەیاتەکەم.
سوێند بە باخت، سوێند بە شاخت
سوێند بەفکرەو سوێند بەشاکاری دەماخت
سوێند بەلاوانی ناو سەنگەر
سوێند بە یەزدان
سوێند بە ئاشتی‌و سوێندیش بە شەڕ
سوێند بە کانیاوی بە هارت
سوێند بە گولانی قەدپالت
سوێند بە خوێنی شەهیدانت
سوێند بەجەنگە و بە داستانت
ئەبێ لەپێناو تابمرم
لەناو تۆبێ مالی قەبرم
نابێ ژێردەستی ریگام بێ
مل کەچیم کاروو مەرام بێ
ئەبێ خوێنم بێتە پەین
بەلك و لەجێی شەهیدبووم داری بڕوێ
لەناو خاکی پیرۆزمدا ئەمدارە گولی سوور بگرێ
ئەوسا باخەلکی گشتی عیراق گولی خوێناوی بۆن بکەن
یا هەموویان شەهید بکرێن نەك ژێردەستی قبوول بکەن





د. کوردستان موکریانی

# بایەخ دان بە عیلم و عیرفان لە گۆڤاری "زاری کرمانجی"دا

**بەبۆنەی تێپەربوونی (٦٠) شەست ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی کۆڤاری زاری کرمانجی.**

پێشەکی

یەکەم ژمارەی گۆڤاری زاری کرمانجی لە ساڵی ١٣٤٤ کۆچی بەرامبەر بە ١٩٢٦ی زایینیدا لە ڕەواندز چاپ کراوە.

دوا ژمارەی لە ٢٣ تەمووزی ١٩٣٢دا دەرچووە، لەم ماوەیەدا تەنیا (٢٤) بیست و چوار ژمارەی لێ بڵاوبۆتەوە.

خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری - سید حسین - داماوی موکریانی و بەڕێوەبەری کارگێری عبدالرحمن گیو موکریانی بووە.

کۆڤاری زاری کرمانجی بەم جۆرەی خوارەوە خۆی بە خوێنەرانی بەناسین داوە:-

(زاری کرمانجی - کوڤار (مجلە)یکی ئەدەبی، ئیجتیماعی، فەنی، تاریخیـیە، جاری بێ صورەت و مانگی جارێگە دەردەچێت، خزمەتی ئیسلاحاتی زمان،

لوغەت، ئەدەبیات، تاریخ، سنعەتی کوردەواری دەکا، لە شەخسی نادوێت ئەگەر حەز لە میللەتت دەکەی: زاری کرمانجی بخوێنەوەو خزمەتی زارو میللەت و وەتەنت بکە).

علم و عیرفان

---

لەم وتارەدا هەر تەنیا یەك لایەنی ئەو بابەتانە دەخەمەروو، کە کۆڤاری زاری کرمانجی بایەخێکی زۆری پێداوەو ژمارە نەبووە باسی نەکات، ئەویش بابەتی زانست و زانیاری بووە، کە ئەوسا زاراوەی عیلم و عیرافانی بۆ بەکارهێناوە. هۆی سەرەکی بایەخ دانی سەرنووسەری کۆڤارو رۆشنبیرانی تاك و تەرای ئەوسا، بەم لایەنە گرنگە، بۆ ئەو سەردەمە تاریك و بێرۆشنبیرییە دەگەرێتەوە، کە گەمارۆی هەموو لایەکی دابوو، تاکە رێگەیەکی رزگاری‌بوون لێس، تیشکی زانست بوو، بەڵێ زانست رۆڵێکی گرنگە و دیاری‌کراوی لە ژیانی پێشکەوتنی گەلان دا بینیوەو لە داهاتووش دا دەیبینێت، بۆیە دەبێ بایەخی پێبدرێت هەموو دەرگەیەکی بۆ ئاوەڵەبکرێت، هەر



١

لەم رووانگەوە بووە، کەوا شەست ساڵ لەمەوبەر کۆڤاری زاری کرمانجی دەیان لاپەرەی خۆی بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە، چ لە بڵاوکردنەوەی دەنگ وباسی کردنەوەی خوێندنگەیەکی سەرەتایی و هاتنی مامۆستایەکی نوێ لە رەواندز ،هەولێر، کۆیی، سلێمانی وەیا بە ئامۆژگاری کردنێ بەناردنی منداڵانی کورد بۆخوێندنگە، چ بە ووتار نووسین بۆ روون کردنەوەی رۆڵی سەرەکی زانست و زانیاری لە ژیاری گەلان داو چ بە هۆنراوە هۆنینەوە.

ئەم کەڵکەڵەی زانست و دەوری سەرەکی لە پێش‌خستنی کۆمەڵ دا دەمێك بووە لە مێشکی مامۆستا داماوی نەمردا پەنگی خواردوتەوە، بۆیە بە هەموو هێزو توانایەکی هەوڵی داوە ئەویش لە ئاراستەکردن و گەیاندنی ئەم زانستەدا بەرەش و رووتانی هاو وڵاتیانی‌دا رۆڵێك ببینێت و دەورێکی دیاری‌کراو بگێرێت، ئەوە بوو چاپخانەیەکی بە پارەو پوولی خۆی کری‌و لە حەلەب دایمەزراند، جا هێنایە رەواندزو لە لاپەرە دووی بەرگی یەکەمی ژمارەی یەگەم دا بەم جۆرە هۆی دانانی چاپخانەکەی روون دەکاتەوە:ـ

(هەر چەند تەماشادەکری‌و بەچاوی دیتن دەبیندرێت



تێدەگەی، کە لەم عەسرەدا پێشکەوتن و تەرەقی ئەساسی لەسەر دووکار دامەزراوە یەك مطبوعات دووەم مەکتەب، هەر میللەتێك ئەو دوو لازم و مەلزومانەی نەبوو مللیەتی بۆ ئیسپات ناکرێت و چتێکی ئەحوالی خۆی بە بێگانەو دۆست بداتە زانین.... زاری‌کرمانجی، بەرگی ژمارە - ١)

هۆی ناونانی کۆڤارەکەش بە ( زاری کرمانجی) هەر هۆیەکی رۆشنبیری بووە:-

(سەبەبی تەسمیەی بە (زارکرمانجی) ئەمەیە، کە خزمەتی لوغەتی قەومی کوردان و تاریخ و ئەدەبیات سنعەت و فەن نەشربکاو.. زاری کرمانجی بەرگی ناوەوەی ژمارە - ١)

## نەهێشتنی نەخوێندەواری

کۆڤاری زاری‌کرمانجی بایەخێکی زۆری بەنەهێشتنی نەخوێندەواری داوە، زۆری هەوڵ داوە، منداڵی کورد فێری زمانەکەی خۆی‌و زانیاری ببێت، داوای لە دەوڵەمەندانی کوردی کردووە خوێندنگە بکەنەوە، بۆ ئەوە روو لە زانست و زانیاری بکەن، چونکە بەهۆیەوە ئاسودەیی‌و دڵنیایی باڵی خۆی بەسەریان دا دەکێشی، بۆ وێنە لە لاپەرە (٦)ی ژمارە (١)دا بانگەوازێك کوردان دەکات بۆ ئەوەی بە هاوکاری هەموو لایەك خانەیەکی مامۆستایان بکەنەوەو بەتیشکی زانست وڵات رەوشەن بکەنەوە:-

(ئەو زاتانەی، کە خۆیان بەسەرکردەی کوردان دائەنێن، ئەگەر دار المعلمینێك بکەنەوە بەشەرتێك دار المعلمین جێی ئەوەی ببێت ﺑ١٠ - ١٥ سال لە (٧٠ - ١٠٠) کورد فێری خوێندن ئەبێ‌و بەمە جەهل لە وەتەنی کورد وردە وردە مەحو ئەبێتەوە تەبەقەیەکی بە ئەخلاقی مونەوەری حەقیقی بۆ مستقبلی ئەم میللەتە لێ‌قەوماوە موهەیاو حازر ئەکەن و....)

## بایەخ دان بە خوێندنگە

سەربارەت بە کردنەوەی یەکەمین خوێندنگەی لە ناوچەی رەواندزدا زاری کرمانجی خۆش حاڵی خۆی دەردەبریت و بەخێرهاتنی ئەو مامۆستایانە دەکات، کە ئەم ئەرکە پیرۆزەیان پێ سپێردراوەو لە لاپەرە (١٣)، ژمارە - ٤ نووسراوە:-

(رۆژی پێشەمەی رابردوو مەکتەب لە رەواندز کراوەو دوو مامۆستای زۆر چاکیان بۆ ناردین بوزباشی صالح فخری ئەفەندی‌و عەلی حیکمەت زادە عەبدوڵلا ئەفەندی، کە ئەمساڵ لە دارالمعلمین دەرچووەو تازە پێ‌گەیشتوێکی بەکارە، بۆ منداڵانی وەتەن بۆ رەواندز کەمال حەسون ئەفەندی بۆ باتاس بە مامۆستا تەعیین کران.

بە گیان و دڵ بەخێرهاتنیان دەکەین و موەفەقتیان دەخوازین.).

لەدوای تێپەربوونی چوار ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەم خوێندنگەی سەرەتایی لە رەواندز بەواتا لە ساڵی ١٩٣٠دا یەکەم خوێندنگەی ئێواران، بۆ نەخوێندەوارانی خەلکی رەواندز کرایەوە:

(مەدرسەی شەوی ئەهالی لە رەواندز لە سایەی هیمەت و غیرەتی قایمقام و مەعارف...

مەکتەبیکی زۆرچاك بۆ ئەوانە کراوەتەوە، نێزیك حەفتا شاگرد لە ئەسنافی شار شەوێ دەچنە خوێندن بەراستی مەعلیمەکان چاك دەکۆشن.)

هەروا سەبارەت بە کردنەوەی خوێندنگەی نوێ لە ناوچەکانی دی کوردستان دا لە لاپەرە ٢٨، ژمارە (٧)دا باسس قوتابخانەیەك دەکات، کە لە کۆیە بۆ نەخوێندەواران کراوەتەوە و ستایشی ئەو کەسانە دەکات، کە ئەم کارە گرنگەیان خستوتە سەر ئەستۆی خۆیان و بەم جۆرە کۆڤارەکە ئەم هەواڵەی بلاوکردۆتەوە:-

(وەکو بیستومانە لەسەر هەوڵ و تەقەلای هەندێ پێگەیشتوان وەکو جەنابی عبدالخالق ئەفەندی‌و محەمەد

**ڕەمزی ئەفەندیو عمر أمین ئەفەندیو لەسەر مساعدەو مەرحەمەتی جەنابی قایمقام بەگ و جەنابی فاضل محترم مەلا محەمەد ئەفەندی قوتابخانەیەك بۆ نەخوێندەواران لە کۆیە کراوەتەوە. . . . لەبەر ئەمە بەناوی کوردایەتی تەشەکوراتمان تەقدیم جەنابی محترم قایمقام بەگ و جەنابی مەلا محمد ئەفەندی مەعارف پەروەران و جەنابانی موعەلیمانی پێگەیشتوان ئەکەین و لەم بابەتەشەوە بەدڵیکی خواست تەبریکی ئەم فیداکاریەیان ئەکەین.)**

مامۆستا داماوی موکریانی بەنێوی (خدوك) وتارێکی زۆر بەنرخی سەبارەت بە خوێندنگەکانی سلێمانی نوسیوەو بەراوردێکی زۆر وردی لەنێوان قوتابخانەکانی دوێنێو شەست ساڵ لەمەوبەری کردووەو دەربارەی پایتەختی بابان دەڵێت، وا دیسانەوە بوو بە مەڵبەندی زانست و زانیاریو ئابووریو رامیاری. .

زانست بە نەقدینەیەکی وا دەچوێنێت، کە هەرگیز کۆتایی پێ نایەت و تەواونابێت و زانست بەکلیلی تەربیەت و خوورەوشت دادەنێت، هاوار دەکات بوئەوەی دەست بخرێت و هەوڵی بۆ بدرێت، چونکە بە هۆیەوە لەزەت لە ژیان دەبیندرێت و لە سایەوەوە خۆمان دەناسین و رەش و سپی لێك جیادەکەینە لە کۆتاییدا زاریکرمانجی پلەی نەزانین و تێنەگەیشتنمان بەم جۆرەی خوارەوە باس دەکات:ـ

**(نەزانین و تێنەگەیشتنمان بەراستی لە حەدو حیساب بەدەرە، تا ئیستە بە حەقایقی کارمان نەزانیوە، هەمیشە شەرمان لەگەڵ عیلم و زانین و تیگەیشتن و بلندییەو بە نوری جەهل چرای عیلم و رووناکی مەعریفەتمان کوژاندەوە کەوتوینە نێو تاریکی جەهلەوەو ریگامان لێ گووم بووە).**

دیسانەوە دەربارەی خوێندن و خوێندنگە لە ژمارە (٢٠)دا، کە لە ساڵی ١٩٢٩دا چاپ کراوە لە ووتارێك دا کە بەنێوی (کوردستان گەلێك لە مەعارف مەحرووم کراوە) بڵاوکراوەتەوە، زاری کرمانجی زۆر دڵسۆزانە لەم کێشە مەزنە دەدوێت و هەر سەبارەت هەمان بابەت لە ژمارە (٢١)یش دا سەروتاری کۆڤارەکەی بۆ ئەم بابەتە گرنگە تەرخان کردووەو وتارەکەی بەنێوی (مەکتەبی کوردستان لەبری سەرکەوتن بەرئاوەژوو دەچێت) بڵاوکردوتەوەو تێیدا باسی چۆنیەتی کەم کردنەوەی بایەخ دان بە خوێندنی زمانی کوردی لە خوێندنگە کوردیکان دا لە ساڵی ١٩٣٠دا روون دەکاتەوە.

زاری کرمانجی زۆر هەوڵی بڵاوکردنەوەی دەنگ و باسی خوێندنی خوێندەکاران کوردی داوە، بۆ ئەوەی زیتر هانیان بدات، بۆ وێنە لە لاپەرە ٢٤ی ژمارە ٣دا ئەم هەواڵەی خوارەوەی بڵاوکردوتەوە:ـ

(تەڵەبەیەکی رەواندزی بۆ ئیکمالی تەحسیلی دەرواتە بیروت) نێوی هەواڵەکەیەو ناوەرۆکەکەشی بەم جۆرەیە:ـ

**(لیستەی ئەو تەلەبانەی، کە لە ئیمتیحانی دەرچوون و حکومەت ئەوانی ناردە بەیروت علي حیدر ناوێك، کە بە موصلی نوسرابوو ئەو علي حیدرە موصلی نی یە، رەواندزییە کوری سلیمان بەگ نەوەی علی بەگی سەلاح شۆرە لە سولالەی ئەحمەد بەگی کوری ئۆغز بەگە، ئەحمەد بەگ مامی محمد پاشای مەشهورە، کە حوکمداری سۆران لەسەر ئەو تەواوبوو. .)**

ئافرەت و پێگەیاندنی ئافرەت و خوێندەواری بایەخ بە پێش خستنی بۆتە وتارێکی تایبەتی ژمارە (٨)ی کۆڤارەکە، کە لە پێشەکیدا باسی نرخی خێزان لەکۆمەڵ دا دەکات و لەو ئەندامانەی، کە خێزان پێك دەهێنن و پلەی رۆشنبیریو کۆمەلایەتیان روون دەکاتەوە، جا دێتە سەر گرنگی دەوری ئافرەت لەنێو خێزان و کۆمەڵ داو زۆر بە توندیو هۆشیاری داوای فێری کردنی دەکات چونکە دایکێکی نەخوێندەوار بێت، لە رووداوانی دەوروبەری نابینابێت، دەبێ چ جۆرە مندالیك پەروەردەبکات بۆیە داوای کردنەوەی قوتابخانەیان بەم جۆرە بۆ دەکات:ـ

**(. . . . دەبێ بەتەواوی هیمەت بکۆشین بۆ پێگەیاندنی ئافرەت و پەروەردەکردنی ئەوان «سوختە**

**خانەیان بۆ بکرێتەوە، مامۆستای ژنیان بۆ بێنن هەتا پێیان بخوێنن و چاکەو خراپەیان تێبگەیەنن و پێویستی ماڵان و**

**بەخێوکردنی منداڵانیان فێرکەن کاری شایستە بزانن، تاکو کە منداڵیان بوو بەچاکی تەربیەیان بدەن. . ژمارە ٨، لاپەرە - ٥)**

سەبارەت بە عیلم و عیرفان زاری کرمانجی هیمایەك بۆ ناوچەی شارەزوور دەکات و بەنێوی (خاکی شارەزوور کانی

عیلم و فەن و عیرافان و هونەرە) وتارێکی گرنگ لە لاپەرە

- ١ - ی ژمارە (٢٢)دا بڵاودەکاتەوەو بەم جۆرە دەست بە وتارەکەی دەکات:-

**(لە گەلێك دەورانی رابردوو، شارەزوور جێگەی هەڵقوڵانی عیلم و فەن و هونەرە. . خاکی شارەزوور مەتافی عالەمی فەن و عیرفان بوو.**

**سالی ١٢٢٨ هـ. مەولانا خالید، کە دونیاگیریکرد رۆژهەلات و رۆژئاوای ئاسیای خستە ژێر باڵی عیلم و فەنی خۆیەوە کوردی شارەزووربوو.**

**حوکمدارانی بابان گەلێك خزمەتی عیلم و فەنی شارەزووریان کردووە لە دەوری عەباسیان زیاتر شارەزووریکابە مەرکەزی عیلم و عیرفان. . .)**

دیسانەوە دەربارەی زانین و عیلم و سنعەت و کار لەچەند ژمارەیەك دا بایەخی پێداوەو وتاری جیاجیای لەسەر

نووسیون، بۆ وێنە پەندیکی کوردی هێناوەتەوە، کە دەڵێت سنعەت بازنەی زێرە لە دەست دا، هەر وەختێکی

دەریخات و بیباتە بازار خۆی پێ بەرێدەبات، بەم جۆرە بیرانە هەولێ داوە هانی کورد بدات بۆ ئەوەی روو لە

کارکردن بکات و هەر بە هۆیەوەش دەتوانێت خزمەتی نیشتمانەکەی خۆی بکات، بۆیە دەڵێت:-

**(وەتەن پەروەری بە عیلم و سەنعەت تەواو دەبێت،**

**چونکو زانین (عیلم) کار (سنعەت) قازانج و چاکە بە وڵات دەگەیەنن، پێش کەوتن و بڵندیو زانین بەسەر**

**میللەت دا دادەبەشنەوە. ژمارە - ٨ ،لاپەرە. - ٢ -)**

سەبارەت بە هەمان بابەت لاوێکی کورد بەنێوی

**(ع. ن. م. کۆیی)** وتارێکی بەنرخی دەربارەی عیلم و جەهل نوسیوە، کە تێیدا بەراوردێك لەنێوان زانایی و نەزانی دەکات و تیشکێك دەخاتە سەر نەزانین بۆ ئەوەی بەهەموو

توانایەك لێی رزگاربین و چەند وێنەیەکی شەست ساڵ

لەمەوبەر دێنێتەوە لە تەکنەلوژیەی ئەوسا و پێش کەوتنی ئەوروپا، ئەم رووداوانە هەموو بە عیلم دەبەستێتەوە. هەر

لە هەمان ژمارەدا وتارێك دیسانەوە بۆ عیلم تەرخان کراوە

بەناوی (**موحتاجی زانین - علم - ین**) کە زۆر بەوردی

دەچێتە بنج وێنەوانی سوودو کەلکی عیلم لە هەموو

بوارێکی ژیان داو لە ئەنجام دا دەڵێت وابزانم بۆ دەردمان

دەرمانێکی غەیری زانین پەیدا نابێت.

ئەمەو چەندین وتاری دی، کە سەبارەت بە زانست و

زانیاریو هونەرو فێرکردن بڵاو کراوەتەوەو لەپاڵ ئەم

بابەتانەش دا دەیان گۆشەی جۆراو جۆری دی لاپەرەکانی

زاری کرمانجی شەست ساڵ لەمەوبەری رازاندۆتەوە، کە

هەمووی بۆ بەرژەوەندی خوێندەواری کورد بووە.

# هونەرمەندو کۆمەڵ

تۆماس مان

د. احسان فؤاد کردوویە بە کوردی

## پێشەکی

**تۆماس مان** Thomas mann (١٨٩٥ - ١٩٥٥) نووسەرو رۆمـان نووسی ئەڵـەمان، خاوەنی کۆمـەڵێـك بەرهـەمی ئەدەبیو کۆمـەڵایـەتیو رۆشنبیـریـیـە، جگـە لە چەنـد رۆمـانێـك. لە رۆژانی جەنگی یەکـەمی جیهـانیدا بەهۆی کارتێکردنی بیروباوەڕەکانی (نیتشە)و (شوپنهاوەر)ەوە باری سەرنجی خەتێکی نەتـەوەیی نەریت پارێـز «محـافظ»ی گرتووە. لەسەر کەوتنی بزووتنەوەی نازییەکانەوە لەم خەتە لای‌داوە، لەسـەر بیـروبـاوەڕەکـانی ئاوارە بووە، بووە بە رابـەرێکی بە هێـزی بەرەی دیمـوکراتیو ئازادی خوازەکانی ئەورووپا، لە دژی ڕژێمی یەکتەنیو تۆقاندنی نازییەکان.

لەم وتـارەدا تۆمـاس مان دەیـەوێت لە پایـەو لە پەیـامی هونەرمەند بدوێت، دەوری دەست نیشان بکات لە ژیانی ئاڵـۆزو تێـك شکـاوی چەرخی بیستـەم دا. تۆمـاس مان پەیامی هونەر بە پەیامێکی پاکژو گرنگ لە قەڵەم دەدات، لە تەك ئەوەشـدا تا بڵێـی ڕێـیـێ سەخـت و ئاڵـۆزە، سەرکـەوتنیشی هیـچ مسـوگـەر نییـە، چونکە هونەر هێزی ترسـانـدن و تۆقـانـدن نییـە، هاوڕێیـەکی بەسـۆزی مرۆڤـایـەتییە کە خەمە گەورەکانی دەلاوێنێتەوە، بۆ برین و زامـەکـانی دەگـریت، بە پڕوپـووچ و ناتـەواویـیـەکـانیشی پێ‌دەکەنێ بە مەبەستی چاك کردن و سارێژکردنی زامەکانی.

تۆمـاس مان دەشیـەوێ ئەوە دەربخـات کە مەرج نییـە نووسـەر لەم دەورو پشتـە ئاڵـۆزو تەم و مژاوییـەی تێیـدا دەژی، هەمـوو وەختێـك ڕاستـەڕێی پێشکـەوتنخـوازیو ڕووناکـی بگـرێـت. بەڵکـو هێنـدێ جار بەرەو لاڕێو

تووناوتوونی زوڵم و زۆر دەخزێ بەڵام ئەمە ئەوەندە لە گەوهەری پەیامەکەی ناگۆڕێ کە لە بەهرەو توانستەوە هاتووە، ئەگەرچی چارەنووسیشی بە کارەسات و سەرنەکەوتن کۆتایی بێت وەك چارەنووسی (هامزن)ی نەرویجی (١٨٥٩ - ١٩٥٢)و (ئێزرا پاوند)ی ئەمریکی بۆ نموونە.

تۆماس مان ئەوەش دەردەخات کە چاك و خراپ لە هونەردا بە جۆرێکی ساکار نابێت سەیر بکرێت، لە باری سەرنجی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەوە هونەر نابێت بپێورێت، چونکە کاری ئەدیب و هونەرمەند ڕەوشتکاری نی‌یە، بەڵکو توانستە لە نیگارکێشان و تێك شکان و دروست کردنەوەدا.

بۆ نموونە ئەو خراپەیەی بە شێوەیەکی باڵا دەخرێتە ڕوو لە ئەدەبدا بەکارێکی سەرکەوتووو ناپاب دەژمێردرێت، ئەگەرچی باسی خراپەکاریش دەکات بە پێچەوانەی

جیهانی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەوە. هەروەها ئەوەش دەردەخات کە هونەر مستەکۆڵەیەکی ساردوسڕی شەیتانانە نی‌یە لە ڕووی ژیاندا وەستابێ، هۆیەك نی‌یە بۆ

تانەوتەشەرو گاڵتەجاڕی کە دەستی نەهێڵزم «العدمیة» بکاتەوە لە ڕووی ژیاندا، بەڵکو پەیامێکی پیرۆزی هەیە، دەیەوێت ژیان پێشکەوتووترو گەشترو پاکژتر بنوێنێ، کە

واتە هونەر لە هەموو لەکەیەکی خراپەکاری‌و تاوان بێ‌بەری‌یە، هەر لە دێرزەمانەوە هەڤاڵێکی بە سۆزی

مرۆڤایەتی بووە بۆ زام و برینەکانی چاوی پڕ لە فرمێسك دڵی بە پەرۆش بووە، بۆ ڕزگاری‌کردنی لە هەموو

دەردی‌سەری‌و ئەشکەنجەیەك. با لە پێناوی ئەمەشدا سەرکەوتنی خۆی نەهێنا بێتەدی.

## هونەرمەندو کۆمەڵ

هونەرمەندو کۆمەڵ! چارەشم نی‌یە دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆم بکەم، ئایا ئەوانەی ئەم کارەیان بە من سپاردووە نەیان دەزانی چەند کارێکی وردو ئاڵۆزە؟ زۆرتر بۆ ئەوە دەچم کە زۆر باش هەستیان بەمە کردووە، بەڵام خۆیان لێ نەناس کردووە.

ناشزانم بۆچی ڕاستەوخۆ نەیان گرتووە «هونەرمەندو سیاسەت»؟ چونکە ئاشکرایە کە وشەی سیاسەت لە پشت وشەی کۆمەڵەوە خۆی شاردۆتەوە، لەوانەشە نەتوانێت بەتەواوی خۆی بشارێتەوە، چونکە هونەرمەند ڕەخنەگری کۆمەڵەکەیەتی، ڕۆڵی خۆشی هەیە لە سیاسەتدا، واتە هونەرمەندێکی سەر بە سیاسەتە، بە واتاییکی فراوانتر دەبێت بە هونەرمەندێکی ڕەوشتکار. خۆ ئەگەر بمانەوێت بە تەواوی سەرناوێك بۆ ئەم بابەتە دابڕێژێت ئەو وەختە دەڵێین هونەرمەندو ڕەوشتکاری ـ کە دارشتنێکی ژیان بەخشەو زۆر جاریش مایەی ڕوو زەردی‌و پەستی‌یە، چونکە دەبێت زۆر ئاشکرابێت کە هونەرمەند لە بنەڕەت دا کابرایێك نی‌یە کاری بنیادنانی ڕەوشت بێت بەڵکو پیشەی یەکەمی جوان ناسی‌یە. پاڵ پێوەنەری سەرەکیی هونەرمەند غەریزەی یاری‌کردنە نەك چاکە پەروەری، ڕەوشتی هەرە بنەڕەتیشی لەوەدایە کە بەوپەڕی ساکاری‌یەوە بەوپەڕی پاکی‌یەوە دەوێرێت ئەم یاری‌یە بکات بە کێشەو ناکۆکی‌یەکانی ڕەوشت.

من بەم ڕایە نامەوێت لە پایەی هونەرمەند کەم بکەمەوە، کاتێك دان بەوەدا دەنێم کە پەیوەندی لەگەڵ ڕەوشت دا لاوازە، بەم پێ‌یەش لەگەڵ کۆمەڵیش دا ئەم پەیوەندی‌یەی هەرکزە. ناشتوانم هیچ لۆمەی ئەو هونەرمەندە بکەم کاتێك کە دەڵێت و ڕای‌دەگەیەنێت کە چاك کردنی کاروباری ڕەوشتی جیهان ئیشی ئەو نی‌یەو ئیشی هاوشانەکانیشی نی‌یە، ئەو کاتەش کە دەی‌سەلمێنێت کە لە توانای

هونەرمەندداهەیە جیهان چاك بكات بە جۆرە ڕێرەوێك كە بە تەواوی جیاوازە لە ئامۆژگاری‌یەكانی ڕەوشت، بەوەی ژیانی - واتە ژیان بە شێوەیەكی گشتی بەو ناوەی كە ئەو نوێنەریتی - لە ڕوخسارو ناوەڕۆك دا لە ڕێی بەكارهێنانی وشەو وێنەو بیرەوە بكات بە دیاردەییكی گەش و ڕوون، ڕوونی‌یەك كە ڕێی ئەوە بدات زیندەگی ئەم ژیانە «گۆتە» گوتەنی: كە بریتی‌یە لە گیان تێیدا ببینرێت. هەروەها ناشتوانم بەربەرەكێ لەگەڵ ئەو هونەرمەندەدا بكەم كە دان بەوەدا دەنێت كە ڕەنگ وبۆی ژیان بە هەموو واتاكانی‌یەوە لەوەدایە كە پەیامی هونەری ڕاست و دروست هەڵ بگیرێت و لەم ڕێگایە زیاتر هیچ ڕێگایەكی‌دی نی‌یە.

ئێمە لەلای گۆتە - كە لە نووسینەكەم دا زۆر شتم لێ‌وەرگرتووە چونكە دەربارەی گەلێك دیاردەی ئەم جیهانە بە جوانترین شێواز ڕاستی گوتووە - ئەم ڕستە پوخت و ئاشكرایە دەدۆزینەوە: «لەوانەیە لەكاری هونەری‌دا كاریگەریی ڕەوشت و خوو ببینین بەڵام داواكردن لە هونەرمەند كە ڕەوشت بكات بە مەبەست و ئەنجام و لە بەرهەمەكانی‌دا ڕەچاوی بكات، داواكاری‌یەكە كە كارە هونەری‌یەكەی تێك دەدات».

لەم ڕستە ساكارەدا بەكورتی (گۆتە) دەڵێت:

پێویستە هونەرمەند خۆی دووربخاتەوە لە ئامۆژگاری‌كردن بۆ پەیڕەوی‌كردنی ڕەوشت، لەوانەیە هەمان واتا بەشێوەیەكی ئاشكراتر لە ڕستەیەكی دیكەی (گۆتە)دا ببینین كاتێك كە دەچێتە تەمەنەوە: «هەرگیز نەم ویستووە ئامۆژگاریی خەڵك بكەم بۆ ئەوەی بەرهەڵستی دەزگا كۆمەڵایەتی‌یەكان بكەن، چونكە ئەم جۆرە ئامۆژگاری‌یانەم بە لاف وگەزاف داناوە، ئەگەر دەمیشم دابێت لەم جۆرە بابەتانە زۆر بە نەرمی‌و لە دوورەوە بۆیان چووم».

كە واتە (گۆتە) بەم پێ‌یە وای دادەنێت، ئەگەر هاتو هونەرمەند ڕەخنەی لە ڕەوشت یان لە سیاسەت یان لە ژیانی كۆمەڵایەتی بگرێت ئەم كاتە لەو سنوورەی هەیەتی دەچێتە دەرێ، دووریش دەكەوێتەوە لەو گەردن كەچی‌یەی كە زۆر پێویستە پەیڕەوی بكات، ئایا گەردن كەچی نەریتێكی سروشتی نی‌یە لە هونەرمەنددا؟

بەڵێ گەردن كەچی زۆر پێویستە بۆ هونەرمەند نەك هەر لەو پەیوەندی‌یەدا كە هەیەتی لەگەڵ باری ڕاستەقینەی ژیان داو دامودەزگاكانی‌دا بەتەنها، بەڵكو لە پەیوەندیی لەگەڵ هونەرو لەگەڵ خۆیشی‌دا. بۆیە ئەم لایەنە پاڵ بە هونەرمەندی تاكەوە دەنێت كە زۆر جار هەست بە كەمی‌یەكی زۆری خۆی بكات یان بڵێین خۆی زۆر بە بچووك دێتە بەرچاو، بەڵام ئەم هەست بە كەمی كردنە وردە وردە دەڕەوێتەوە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندی‌یە بەتینەی لە نێوان هونەرو ڕەخنەدا هەیە ئەمە پەیوەندی‌یەكی وایە كە دەبێت قسەییكی لێوە بكەین. ئاشكرایە بەشێكی زۆر هونەرمەندان خاوەنی ڕای تایبەتیشن دەربارەی هونەر واتە ڕەخنەگری هونەرین، یا وەكو خۆیان وا دەردەخەن، لێرەدا مرۆڤ چارەی نی‌یە هەست بە ناكۆكی‌یەك دەكات لە نێوان مرۆڤی هونەرمەنددا كاتێك خۆی بە بچووك دێتە بەرچاو لەو ڕوخسارە هونەری‌یەی كە تایبەتیە بە خویەوە لە نێوان ئەو كاتەی خۆی وەك ڕەخنەگرێك نیشان دەدات وەكو شارەزایەك یان وەكو سەرپشكێك (خبیر)، گومان لەوەدا نی‌یە كە جۆرە ڕەگەزێك هەیە لە ڕەخنەدا لەگەڵ هەموو ڕوخسارێكی كاری هونەری‌دا هاوشانە، ئەمەش ڕەگەزێكە كە ناتوانرێت چاوی لێ بپۆشرێت لە هەر بەرهەمێكدا پێویستی بە هەناسە درێژی‌و زەحمەت كێشی هەبێت، لە ئەنجامدا ئەم لایەنە پێویستە، چەند تەگەرەیێك دەخاتە بەردەم مرۆڤی هونەرمەند لە پلەی یەكەمی سەركەوتن دا.

بەڵام كێشەكە لەوەدایە كە هونەرمەند زۆرجار بەمە وازناهێنێت بەڵكو هەوڵ دەدات ڕەخنە لە بەرهەمی دیكەش بگرێت، واتە خۆی خەریك دەكات بە هەڵسەنگاندن و لێكۆڵینەوە لەباری سەرنجی جوانی ناسی‌یەوە.

ئەوەی جێی سەرنج ڕاكێشانە ئەم جۆرە ئارەزووە بەتایبەتی لە مەیدانی هۆنراودا خۆی بە دەردەخات جگە لە هونەرە ئەدەبی‌یەكانی كە ئەمە بە شێوەییكی ڕاست لە (ژانر)ێكی گەلێك وردو ناسكی ئەدەب دا خۆی دەنوێنێت كە هۆنراوەی ویژدانی‌یە چونكە پەیوەندیی، هۆزاوە لەگەڵ

ڕەخنەدا بەهێزترە وەك لە پەیوەندیی شانۆگەری و ڕۆمان لەگەڵ ڕەخنەدا لەوانەیە ئەمە بگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستی یەی کە هونراوەی ویژدانی زۆرتر باری سەرنجی خۆی دەردەبڕێت و لێکدانەوەکانی بابەت ئاسایی نی یە، بە شێوەییکی تایبەتی وشە دادەڕێژێت بۆ خزمەت گوزاری هەستی خۆی و دەربڕینی باری دەروونی و بە شێوەییکی ڕاستەوخۆ سەیری ژیان دەکات.

ئایا ڕەخنە لە سەرەنجام دا تیرێك نی یە لە کەوانەکەی (ئەپۆلۆ) کە گیزەییك دەکات و ئەنجام دەپێکێت؟ ئەمجا دەلەرێتەوە لەناو جەرگی ئەو پارچەیەدا کە پێکاویەتی؟ وشە تەنانەت کە دەشبێت بە گۆرانی بەتایبەتی لە ڕوخساری گۆرانی دا ڕەخنەیە و ڕەخنەشە بەرامبەر بەژیان لەبەرئەوە شتێکی سەیر نی یە لەم باسەی خۆم دا کە لە پەیوەندیی ئادەمیزادو کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە لە هەموو کەسێك زیاتر بیر لە هونەرمەندیی وشە بکەمەوە کە ئادەمیزادی نووسەرو شاعیرە، دەشتوانم بڵێم کە جۆرە ناکۆکی یەکی ناچاری هەیە لە نێوان هونەرمەندی نووسەرو واقیع و ژیان دا، ئەم ناکۆکی یەش سەرەنجامی ئەو پەیوەندی یە کە نێوان هونەرمەندو وشەدا هاتۆتەکایەوە. چونکە لە تەمەنێکی زووی مرۆڤی هونەرمەنددا جۆرە هەستێك کە بەرهەمی تێکەڵاویی چەند ڕەگەزێکی بە ڕواڵەت دیارو ئەقڵی یەوە پێك دێت وا لەو هونەرمەندە دەکات کە خۆی بە تایبەتی تر دابنێ لە جیهانی دەوروپشتی، بەتایبەتی لە کۆمەڵی بورجوازی دا.

ئەم هەڵوێستە ڕەخنەگری یەی بەرامبەر بەو جیهانەی تێیدا دەژی لە سنووری جوانی ناسی دەچێتە دەرێ و پاڵی پێوەدەنێ خۆی بە ڕابەرێکی ڕەوشت دابنێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەڵوێستێکی پەلاماردان بەکاربهێنێت، ئەمەیش دوورە لە گەردن کەچی یەوە، بەڵام گومان لەوەدا نی یە کە ڕەگەزێکی سەر بە ڕەوشت هەیە توند بەستراوە بەو لایەنی ڕەخنەگری یەی شان بەشانی هونەر دەڕوات، ئەم ڕەگەزەی ڕەوشتیش لەسەرچاوەی بیری چاکەوە هەڵدەقوڵێت، ئەمەیش بیرو لێکدانەوەیەکە کە شوێنی سروشتی خۆی هەیە چ لە مەودای جوانی دا بێ و چ لە مەودای ڕەوشت دا بێ وەکو یەك ـ چاکەو خراپە (الخیر والشر).. باش و بەد (الجید والردئ). (نیتشە گێژە لووکەیەکی سایکۆلۆجی سەبارەت بەم جووتە زاراوە بەرامبەرەی بەرپاکرد). لێرەدا دەبێ بپرسین کە خراپە جیاوازی چی یە لەگەڵ بەددا؟

ئەو جیاوازی یەی نیتشە زۆر جار دەیەوێ بیسەلمێنێ. خراپەو دڵڕەقی مرۆڤ و کینەی ئادەمیزاد مەرج نی یە بە بەد بژمێردرێت لەباری سەرنجی جوانی ناسی یەوە چونکە ئەم نەریتە خراپانە ئەگەر بە جوانی دەربڕین ئەوە پێیان دەگوترێ باش!

بەڵام لە مەودای تاقی کردنەوەی کۆمەڵایەتی دا بەدو گەندەڵ و ساختە هەمیشە بە خراپە دەژمێردرێن، چونکە ئەمانە هەموویان مایەی داشۆری و نزم کردنەوەو زیانی مرۆڤە. لایەنی ڕەخنەگرییش لە هونەردا هەرکە بەرەو دەرەوە ملی نا (واتە لە خودی هونەری لای دا) کە بوو بە کۆمەڵایەتی، دەبێتە کارێکی ئامۆژگاری و ڕەوشت، ئەو وەختەش هونەرمەند زیاتر دەبێت بە پیاوێکی ڕەوشت بنیادنەری کۆمەڵایەتی. ماوەیەکی درێژیش هونەرمەندمان لەم جۆرە ڕۆڵەدا بینی وە. ژانری ئەدەبی باوی ئەمڕۆ (ڕۆمانە)، کە ژانرێکی زاڵە لە هونەری ئەدەبی دا، ڕەنگە هەموویشی لە بابەتی کۆمەڵایەتی یان بڵێین بابەتی ڕەخنەگریی کۆمەڵایەتی یە. ئەمە ئەو ڕێرەوەیە کە پەیرەوی کراوە یان پەیرەوی دەکرێ لە هەموو شوێنێك داو لە هەموو وڵاتێك دا کە ڕۆمان تیایا گەیشتبێتە پلەی گەشەسەندن و خەملین، لە ئینگلتەرەو لە فەرەنساو لە رووسیاو لە ئیتالیاو لە وڵاتەکانی سکاندیناڤیا. بەڵام کە دەگەینە ئەڵەمانیا بارێکی جیاواز بەدی دەکەین. ئەو ڕێبازگەیەی ئەڵەمانە پێی دەڵێین «ڕووکردنە ناوخۆ»وا لەم ئەدەبە دەکات کە ئامادە نەبێت بۆ ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی.

لە کاتێك دا ئەورووپا خەریکی دەرکردنی ڕۆمانی کۆمەڵایەتی بوو، ئەڵەمانەکان خەریکی بەرهەم هێنانی ئەو

جۆرە ئەدەبە بوون کە سیمایەکی گۆشەگیری هەیەو بە ڕۆمانی پەروەردەیی دەژمێردرێت. بەڵام تا چ ڕادەیەك ئەم ژانری ڕۆمانە ـ کە لە خۆیدا هەنگاوێکە بەرزترە لەو ڕۆمانانەی لە شێوەیەکی ساکاردا لە سوارچاکی و شەڕوشۆڕو سەرکێشی دەدوێت، ـ ئەڵێم تا چ ڕادەیەك دەتوانێ نیگارکێشی کۆمەڵ بکات؟. . . با باشترین نموونەی ئەم جۆرە ئەدەبیاتە بگرین کە ڕۆمانی (ویلهیم مایستەر)ی گۆتەیە.

دەبینین لەم کارە مەزنەدا چۆن سەرکێشی تاکەکەسێ بە ئاسانی و سووکی وەردەچەرخی بەرەولایەنی پەروەردەیی لە پاشایش دا ئایا بۆمان هەیە بڵێین بە جۆرێکی زۆرەملێ؟ ـ دەگۆڕێ بۆ باس کردنی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی و بەبگرە سیاسییش!

خۆ (گۆتە) وە نەبێت حەزی لە سیاسەت بازی کردبێت، بگرە ڕەخنەگرتنی هونەرمەندو نووسەری لە دەزگا کۆمەڵایەتی یەکان بەجۆرە لووت بەرزیو لە خۆبایی بوونێك دەژمارد.

کاتێك ڕوو بەڕووی ئەم لایەنە دەبێتەوە وەك بۆ نموونە لەو دیمەنە بە هێزەدا کە بە پەخشان دایڕشتووە ـ ئەوا دیمەنەکەی کە هەرگیز بە هۆنراو دای نەڕشتووە ـ بە توندی پەلاماری ئەو کۆمەڵە دەدات و ڕیسوای دەکات وەك یەکێکی نائومێد چۆن ڕوودەکاتە ئاسمان و دەکەوێتە ئاهونزوولە، چونکە بەو جۆرە دڵرەقی و بێویژدانی یە لەگەڵ ئەو کچە (هەڵگیراوە)دا دەجوولێتەوە. . لێرەدا لەم دیمەنەدا گۆتە دەبینین (لەگەڵ هەموو توندی و چڕیی دیمەنەکەدا) جڵەو بۆ هەستی دەروونی بەڕەڵا ناکات، بەڵکو دەتوانێ خۆی بگرێت. بەڵام ئێمە هەرگیز نکوولی لەوە ناکەین کە یەکێکی وەکو (گۆتە) نابێت ڕوو لە هاندەرە کۆمەڵایەتی یەکان و بایەخ دان بە کۆمەڵ و تێگەیشتنی قووڵی چارەنووس بکات، ئەوەی ئێمە دەمانەوێ ڕوونی کەینەوە جۆری ئەو پەیوەندی یەیە کە لەگەڵ سیاسەت دا هەی بووە.

چونکە لەگەڵ ئەو هەموو بە ئاگاهێنان و هەڕەشەو گوڕەشانەی لە هونەرمەندانی دەکات بۆ ئەوەی دەم بۆ سیاسەت نەبەن، نەیتوانیوە ئەو لایەنە بپچڕێنێ کە ناپچڕێت، یان ئەو پەیوەندی یەی کە لە نێوان هونەرو سیاسەت دا هەیە یان لە نێوان ئەقڵ و سیاسەت دا هەیە تێك بشکێنێ. چونکە ئێمە لێرەدا بەرامبەر ئادەمیزاد وەستاوین، بە هەموو لایەنەکانی یەوەو بەرامبەر ئەو پەیوەندی یەی لە نێوان ئەم لایەنانەدا هەیە، ئەمەیش شتێکە کە کەس ناتوانێ نکوولی لێ بکات، بەرهەڵستی کردنی «گۆتە» بەرامبەر ڕۆمانسیەت دەمارگیریی نەتەوەیی، بەسەرداهاتن و خەیاڵ بازیی کاثۆلیکەکان و گۆڕانیی پیاهەڵدانەکانیان بەسەر سەدەکانی ناوەڕاست دا، یان دووڕوویی بوێژان و بانگ کردنی هوشیارانەی هەندێکیان بۆ پاشکەوتن و تاریکی، بەهەموو ئەم لایەنانە ئەگەر سیاسەت نەبێ چی پێ دەگوترێ؟

با لە بەرگێکی ئەدەبی جیهانیش دا خۆی شاردبێتەوە! ئەمانە لە گەوهەردا سیاسەتن لە خاوێنترین شێوەدا چونکە ئەو بابەتی فینەبەریەتی یەی ـ بۆ نموونە لەگەڵ ڕۆمانسیەتدا ـ خۆی لە خۆیدا سیاسەتە، دوژمنایەتی یە بەرامبەر شۆڕش. با ڕۆشنبیرەکان هەر بە پێچ وپەنا دەربارەی سیاسەتی ڕۆشنبیری (Kulturu Politik) یان سیاسەتی بیرەوەری یانە (Geists Politik) بێنە ناوەوەو بە شێوەیێکی ساختە بەرامبەر وشەی (سیاسەت)ی ڕۆژانە بەکاری بهێنن بەواتا تەنگە بەرەکەی، چونکە ئەمە هیچ شتێك لەو ڕایە زیاتر نادات بە دەستەوە کە دەڵێ «کێشەی مرۆڤایەتی یەکەو ڕێ نادات بە کەرت کردنی» چونکە ئەم کێشەیە لە هیچ وەخت و شوێنێك دا واتایەکی تەنگەبەری نەبووەو هەموو لایەنەکان بە جارێك دەگرێتە باوەش، لایەنی جوانی و لایەنی ڕەوشت کاری و لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی سیاسی هەموویان لە کێشەی مرۆڤایەتی دا یەك دەگرن.

لە ناو ئەم یەکێتی یەدا لە یەك پچڕانێکی ترسناك دەبینین، ئەم لە یەك پچڕان و ناکۆکی یە تایبەتی یە بە دەروونی ڕۆشنبیری یەوە بە پەیوەندیی لەگەڵ کێشەی

مرۆڤایەتی دا.

چونکە ئەقڵی مرۆڤ چەند لایەنێکی هەمەجۆرە کە دەتوانێ بەرامبەر کێشەی مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی لە رادەبەدەرو بەرەڵلا هەر هەڵوێستێکی بیەوێ بیگرێ! تەنانەت ئەگەر ئەم هەڵوێستەش هەڵوێستی نامرۆڤایەتی یان دوژمنایەتی بێ بەرامبەر مرۆڤایەتی! ئەقڵ دروست بوویەکی رێکەوتووو چون یەك نی یەو وا دیاریکراو نانوێنێ کە حەز لەوە بکات جیهان یان ژیان یان کۆمەڵ وەکو وێنەی خۆی دروست بکاتەوە. راستە ئەو هەوڵە دراوەکە هاوکاریی هەموو رۆشنبیرەکان یەك پێ بخات، بەڵام ئەمە هەوڵدانێکە کە هەرگیز سەرناگرێ. چونکە ئەو ناتەبایی و بەرپەرچ دانەوەیەی کە تەوس و کینەیەکی خەستی لێ دەرژێ لە نێوان نوێنەرە جیاوازەکانی بەرەی رۆشنبیری دا کە بیرو باوەڕیان لەیەکتری دوورە لە هەموو جۆرە ناکۆکی یەکی دیکە توندترو بەهێزترە.

لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە جۆرە ئارەزوویەك هەیە بۆ بڕواکردن بەو رایەی کە دەڵێ ئەقڵ خۆی لەخۆیدا پشتی چەپ ڕەوی دەگرێ - ئەگەر بۆم بلوێ ئەم زاراوەیە بەکاربهێنم - بەواتا سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکەی - ئەمەیش دیارە لە بنەڕەتدا لەوەوە هاتووە کە لێك دانەوەکە بەستراوە بە بیری ئازادی و پێشکەوتن و مرۆڤایەتی یەوە.

بەڵام ڕووداوەکانی ئەم جیهانە ئەم جۆرە سەرنجەی گەلێك جار پووچ کردۆتەوە. چونکە ئەقڵی ئادەمیزاد لە توانایدا هەیە بەرەو راست ڕەویش بخرێت، بەڵکو توانای هەیە ئەم هەڵوێستە زۆر بە چالاکی و بە زرنگی بگرێتەخۆ!

سانت بیف «رەخنەگرو نووسەری ناسراوی فەرەنسا» جارێکیان دەربارەی نووسەرێکی بلیمەت و کۆنەپەرستی وەك (جۆزێف دیمتر) خاوەنی بەرهەمی «لە بابەت پاپاوە» دەڵێ «تاکە رەوشتی نووسەران کە لەم کابرایەدا هەیێ بەهرەیە» ئەمە رستەیەکی خەست و خۆڵە کە ئەو باری سەرنجە دەردەبڕێ: ئەدەب و هەڵوێستی پێشکەوتن خوازی بەهاوواتا «مترادف» دادەنێت. لە هەمان کاتدا ئەوەش دەردەخات کە لەوانەیە ئادەمیزاد قسەزان و لایەنگرێکی گەورە بێت بۆ بیرو باوەڕی نامرۆڤایەتی و کوشتن و سەربڕین و دادگاکانی پشکنین! بە ئەو پەڕی تواناو روح سووکی و چالاکی یەوە بەکورتی دەتوانێ لەسەر هەموو ئەو دیاردانە بکاتەوە کە لیبرالی و پێشکەوتن خوازی بە (بەرەی تاریکی) ناوی دەبات.

خۆ ئەگەر پێوانەکەمان بکەین بە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەك شۆڕشی فەرەنسی تووشی جیاوازی یەکی گەورە دەبین لەباری سەرنج دا، تۆ سەرنج بدە چ ناتەبایی یەك هەر لە نێوان هەڵوێستی «مێشلێ» و «تێن» کە یەکەمیان لایەنگرێکی گەورەی ئەم شۆڕشەیەو قوربانی زۆری لە پێناوی دا داوەو دووەمیان بە پێچەوانەوە هێرشی توندی بردۆتە سەر ڕۆبسپیرو دەستەودایەرەکەی. یا وەکو سەیری چۆن نووسەرێکی بە توانای وەکو ئیدموند بێرك دژی بیروباوەڕی شۆڕشەکەیە لەو بەرهەمەیدا بەناوی «چەند سەرنجێك دەربارەی شۆڕشی فەرەنسا».

کە فەرەدریك فۆن گینتس دەم ڕاستی سیاسی سەردەمی رۆمانسی وەری گێراوە بۆ زمانی ئەڵمانی، دەبێ ئەوەش بڵێم کە ئەم بەرهەمەی دوایی کاریگەری یەکی مەزنی هەبوو بۆسەر کۆمەڵێکی گەورەی خوێندەواران بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ تەنانەت بۆ سەر منیش، لە سەردەمێکدا کە بیروباوەڕم مۆرکێکی نەتەوەیی (نەریت پارێز)ی هەبوو، لە وەختێك دا دوژمن بە بیروباوەڕی دیموکراتی بووم».

تەنانەت لە رۆژگارەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دا زۆر شتم لێوە وەردەگرت، خۆ ئەگەر شێوازی نووسینەکەی کە ئێجگار نایابە ببوایە بە بەڵگە بۆ ڕاستی بیروباوەڕەکانی کە لەسەریان دەکاتەوە، دەمان توانی ئەم بیروباوەڕانەی (بێرك) بە بیروباوەڕێکی دروست دابنێین... دەبێت ئەوەیش لە بیر نەکەین کە ئەو رەخنەگرتنە کۆمەڵایەتی یەی نووسەرێکی داستان رێکخەری وەکو (بەلزاك) پێشکەشی کردووە لە گەوهەردا لە سەرچاوەیەکی ڕاست ڕەوی یەوە هەڵ دەقوڵێ، ئەو کەسایەتی یەش کە بەروبوومی کۆمەڵێکی سەرمایەداری

بورجوازی‌یە وەك (بارون دی نۆئینگن) دەتوانرێت بخرێتە بەر شەپۆلی ڕەخنەگرتن چ لەلایەن ڕاست ڕەوەکانەوە، چ لە لایەن چەپ ڕەوەکانەوە بێت وەکو یەك!

بەڵکو ئێمە لێرەداو لەم سەردەمەدا نموونەیەکی هەرە جوانمان لەبەر دەم دایە، کە ناوەرۆکەکەی ڕەخنەگرتنێکی کۆنەپەرستانەیە دەربارەی ژیانی کۆمەڵایەتی، بەڵام لە باڵاترین و جوانترین شێوازی هونەری‌دا، کە بەتایبەتی لە کەسایەتی‌یەکی وەکو خوالێ‌خۆش بوو (کنووت هامزندا) هەیە کە نووسەرێك بوو لە پڕ لە لیبرالیەت هەڵگەڕایەوە «وەرگەڕا» بەتایبەتی (دەستەیفسکی)و نیتشە کاریان کردبۆیە سەر، بە جۆرێك کە زۆر ڕقی لەو ژیانی پیشەسازی‌و بزووتنەوەی ڕۆشنبیری‌یی ئەو وڵاتانە بووەو هەرچی پەیوەندیی بەمانەوە هەیە، لەسەروو هەموو ئەم شتانەوەش زۆر ڕقی لە ئینگلیز بووەو لایەنگری ئەڵەمانەکان بووە، بەرادەیەك کە (ئەدولف هیتلەر) گەیشتە سەر کورسی دەسەڵات ئەم بە ئەو پەڕی گەرمی‌و دڵسۆزی‌یەوە لایەنگریی بزووتنەوەی نازیی‌گرت، هەتا بوو بە ناپاکێ لە وڵاتەکەیدا. هەرکەسێکیش لە بەرهەمی ئەم نووسەرە بە ئاگابێت کە بەرهەمی نووسەرێکی مەزنە ـ سەری ناسوڕمێ لەم ڕێبازە ڕۆشنبیری‌یەو لەم چارەنووسە یەکتەنی‌یە، ئەوەندە بەسە کە ئادەمیزاد لە بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا لەسەرەتای دەرکەوتنیدا تەوس و گاڵتەپێ‌کردنی پڕ هەراو ئاژاوەکانی بیرکەوێتەوە بە هێندێ نموونەی مێژوویی لیبرالی لە بەرهەمەکانی فیکتۆر هوگۆو گلادیستون کە ئەم وا بە چاوی سووکی‌یەوە سەیری دەکرد. بەڵام ئەو هەڵوێستەی کە هەڵوێستێکی ئایدولۆژی سەیرو بە ئەدەبێکی بەرزو باڵا دەژمێردرا لە ساڵی ١٨٩٥دا بوو بە سیاسەتێکی توندوتیژ لە ساڵی ١٩٢٣داو بە شێوەییکی کارەساتاوی‌و پڕ لە داخ و ناسۆر ناوبانگی نووسەرێکی وای کە هەموو جیهان دەیناسی ـ بە جارێ لە ناوبرد.

خۆ هەر لەم جۆرە چارەنووسە سەیرانەی لە چارەنووسی (هامزن) دەکات، بارودۆخی نووسەرێکی کەیە کە ئەمیش (ئێزرا پاوند)ە. باری ئەمیش نموونەیەکی سەرنج ڕاکێشە کە ئەو دەلاقە گەورەیە دەردەخات کە لە ئەنجامی پەیوەندیی ئەقڵەوە بەگرمەو کێشەکانی کۆمەڵەوە پەیدا دەبێ. پاش ئەوەی ئێزرا پاوند هونەرمەندێکی بە جەرگ و نووسەرێکی بەرەی پێشرەو بوو، دەبینین لە ڕۆژانی جەنگی دووەمی جیهانی‌دا خۆی فڕێ دەداتە باوەشی جووڵانەوەی فاشیستی‌یەوە، پروپاگەندەی بۆ دەکات، بەڵام لەو پێشبرکێ‌یەدا گرەوی دۆڕاند پاش سەرکەوتنی سوپایی بەرەی دیموکراتی، ئەو سەرکەوتنەی کە خۆی لە خۆیدا بوو بە کێشەیەك بۆ بەرەی دیموکراتی!

سەیر ئەوەیە پاش ئەوەی (ئێزرا پاوند) تاوانبار دەرچووو گیرا، هێندێ نووسەری مەزنی ئینگلیزی‌و ئەمەریکی کۆبوونەوەو بڕیاریان دا پاداشتێکی ئەدەبیی گەورەی بدەنێ کە خەڵاتی (پۆلینگینە) لە ئەدەب دا، دیارە بە مەرادەیەکی هەرە بەرزی سەربەخۆیی هونەریان دەرخست لەگەڵ دونیای سیاسەتدا، لەوانەشە سیاسەت لەم بڕیارەوە دوور نەبوویێ وەك لە یەکەم سەرنجدا دەردەکەوێت، چونکە من تاکە کەس نیم کە بمەوێ بزانم ئایا ئەم نووسەرە بەڕێزانە ئامادە بوون کە خەڵاتی (پۆلینگین) بدەن بە ئێزرا پاوند ئەگەر بە ڕێکەوت فاشی نەبوایەو چەپڕەوێك بوایە بۆ نموونە؟

ئێستا با لە وەرامی ئەم پرسیارە بە تەڵاشە دوور بکەوینەوە، نەکە باری تاوان کردنم بۆ خۆش بکات لە تەك ئەوەشدا کە نووسینەکانی من گەلێ دوورن لە بیری‌مارکسی‌و چەپ ڕەوایەتی‌یەوە. دەبێ ئەوەش بسەلمێنم کە ڕێبازی ئامۆژگاری‌کردن و خۆ خەریك کردن بە ڕەوشتەکانی جیهانی سیاسەتەوە کە جاروبار هونەرمەندێك، ئەدیبێك دەمی لێوەدەدات، لایەنێکی گاڵتەجاڕو پڕ سەیرو سەمەرەی هەیە، چونکە پروپاگەندەکردن بۆ نموونە بەرزەکانی مرۆڤایەتی پاڵی پێوەدەنێت کە نزیك بێتەوە ـ بگرە زیاتر لە نزیکی ـ لە شتی پڕوپوچ و بێ‌بایەخەوە، ئەمەیش شتێکە کە لە تاقیکردنەوەی خۆمەوە فێری‌بووم

(لیسنگ) دەربارەی شانوگەریی یە بەناوبانگەکەی (ناثانی ژیر) وتویەتی: «بێ گومان ئەمە شانوگەری یەکی گاڵتەجار نی یە کە بینەرەکەی پاش ئەوەی مەیدانی شانوکەی بەجێ هێشت وا لێ بکات بزەی تەوس و گاڵتەجاری بە لێوی یەوە ببینرێت، نەخێر ئەمە ڕۆمانێکی کاریگەرە کە ئەو پەڕی توانای خۆمم تیادا بەخت کردووە». دەیتوانی لە بریتی وشەی گاڵتەجار «نەهیلزم ـ العدمیة» بەکاربهێنێ ئەگەر ئەم زاراوەیە لەسەردەمی ژیانی ئەودا ـ سەدەی هەژدەم ـ لەناودا بوایە.

هونەر ئەگەرچی خاوەنەکانی بە دەیەها کردەوەی ناشیرین تاوانبار بکرێن، بە سروشت لەوە نی یە «مەیدان بەجێ بهێڵێت بە لێوێکی پڕ بزەی گاڵتە پێ کردن و تانەو تەشەرەوە» مشتە کوڵەیەکی شەیتانانەی ساردوسڕ، مشتەکوڵەی نەهێلزم راناوەشێنێت ڕوو بەڕووی ژیان، ئەو ژیانە کە ئەوپەڕی مەبەستی هونەر لەوەدایە گیانی بووژێنێتەوە!

هونەر بەستراوە بە چاکەکاری یەوە، بنچینەکەی پاکیی دڵە، زۆر نزیکە لە ژیری یەوە، لەوانەشە لە خۆشەویستی یەوە نزیکتر بێت. خۆ ئەگەر حەزبکات بەوەی کە دڵی مرۆڤایەتی ختووکە بدات و بیخاتە پێکەنین، ئەمەیان بۆ گاڵتەپێ کردن نی یە، بگرە جۆرە خۆشنوودی یەکە کە تیایدا کینەورق و گەمژەیی دەتوێتەوە، ڕوونی یەکە کە ئازادیو یەکێتی بە دیدەهێنێت.

هونەر کە لە دووتوێی تەنهایی و گۆشەگیریدا هەمیشە سەر لەنوێ لە دایك دەبێتەوە، هەموو وەختێکیش دەبێتە مایەی یەکێتی و تێکەڵاوبوون و، دواکەسیشە کە بیر لە کاریگەریی خۆی بۆسەر مرۆڤایەتی بکاتەوە، بەچاوی سووکەوە سەیری هەموو شتێکی خراپە دەکات، بەڵام هێشتا وەکو نەیتوانیوە بەسەر خراپەکاری دا زاڵ بێت. هەرچەندە زۆر بە پەرۆشە بۆ ژیری بەڵام نەیتوانیوە ترسناکترین جۆری شێتی قەدەغە بکات، هونەر هێز نی یە بەڵکو جۆرە لاوانەوەیەکە، بەڵام لەتەك ئەمەشدا بەڵکو تا ئەوپەڕی بە پەرۆش بوون (جیدییەت) دەنوێنێ، تەرازوویەکی وردە بۆ هەموو کۆشش و هەوڵدانێك بەرەو کارامەیی و تەواوی. هەر لە سەرەتاوە ئادەمیزاد وەك هاوڕێیەکی نزیکی خۆی بەپیری یەوە چووە، هەرگیزاو هەرگیزیش مرۆڤایەتی ناتوانێ چاوەکانی قورس بووە لە ئاستی پاکی هونەردا وەربگێڕێ بەولاوە.

---

---

---

## پەراوێز: -

---

(۱) ئەم وتارەی (تۆماس مان)ە لە دەقی عەرەبیی بەرهەمی The Gratire Vision وەرگێڕاوە. سەرناوی بەرهەمەکە بە عەرەبیی «الرؤیا الابداعیة»یە لە چاپ کراوەکانی «المجلس الاعلی لرعایة الفنون والآداب والعلوم الاجتماعیة» وەرگێڕی (أسعد حلیم)و پێداچوونەوەی د. محمد مندوره ژمارە (٨٥٥) مكتبه نهضة مصر ١٩٦٦.

The Greative Vision بە چاودێریی Haskell M. Block و Herman Salinger دەقە ئینگلیزی یەکەی بڵاوکراوەتەوە.

(۲) لەبەر ئەوەی وتارەکەی (تۆماس مان) پەیوەندیی بە کۆمەڵێك ڕووداوو نووسەری ئەوروپایی یەوە هەیە کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوەو لێکدانەوە هەیە، بۆ ڕوون کردنەوەی هێندێکیان و دەرخستنی ژیان و سەرنجی تۆماس مان سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.

1 - Fredrick L. Schuman, Europe Onthe Eve, New york, 1939.

2 - Ernest Hemingway, A Movable Feart, Jonathan Cape, London, 1964.

3 - Evans, Ivor, A short tlistory of English Litevature, 1964.

4 - Encyclopedia Britannica, g.

# باهەندێك وریای زمانەکەمان بین

حیلمی عەلی شەریف

ئاشکرایە کە زمان جێگایەکی ئیجگار گرنگ و تایبەتی لە ژیانی مرۆڤ دا بۆخۆی داگیرکردووەو نەك هەر زانایانی زمان بەڵکو هەموو فەیلەسوفەکانی سەرزەمینی بەخۆیەوە خەریك کردووە، چونکە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەبێ بوونی زمان نە لە قەوارەو نە لە ئاستی پێشکەوتن دا نەئەگەیشتە ئەم بوونەی ئێستای.

گەلێك لە زانایان و فەیلەسوفان، مرۆڤ بە زمان زانین لە گیانداری تر جیا ئەکەنەوە. هەندێکیان ئەڵێن ئەگەر مرۆڤ زمانزان نەبوایە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئاژەڵ دا نەئەبوو!

هەندێکی تریشیان لەو بڕوایەدان کە زمان هۆی بوون و بڵاوبوونەوەی شارستانێتی‌یە، وە هەر بەهۆی زمانەوە شارستانێتی لە گەلێکەوە بە گەلێکی ترو لە نەوەیەکەوە بو نەوەیەکی تر گەیشتووە، چونکە زمان ئامرازی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن و لەیەك گەیشتن و پێویستی‌یەکانی تری ژیانە، تەنانەت فەیلەسوفە سۆشیالیستی‌یە عیلمی‌یەکان زمانیان گەیاندوتە ئەو پایەی پلەیەی کە هەر خۆی واتا زمان بیرکردنەوە (فکر)یە، چونکە مرۆڤ کە لە دڵی خۆیدا بیر لە شتێك ئەکاتەوە، زمان بەکاردێنێت واتا وشەو ڕستە بەکاردێنێت، هەروەکو بە دەنگی بەرز بیرکردنەوە کە بدرکێنێ . ئەوی‌ڕاست بێت ئەمە بۆچوونێکی گومان لێ‌نەکراوە چونکە ئەگەر زمان نەبێت، بیرکردنەوە بە چ ڕێگایەك بڵاوئەکرێتەوە، وە ئەگەر بیرکردنەوەش نەبێت چۆن زمان پێك ئەهێنرێت. بێ‌گومان کە مرۆڤ لە بەرەبەیانی ژیانی‌دا بیری‌کردوتەوە، لەنێو ئەم بیرکردنەوەیەدا پێویستی بەئامرازێك هەبووە کەبیری خۆی پێ‌ڕابگەیەنێت کەئەویش هەرزمانە، بۆیە زمان هۆی بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندنی بیرکردنەوەیەو بەرهەمێکی بەنرخ و بایەخدارو فەرامۆش نەکراویشێتی.

هەروەها زانا (کروتشە) زانستی گشتی زمانەوانی لەگەڵ زانستی جوانی (علم الجمال)دا بەیەك بابەت ئەزانێت.

ئەمە جگە لەوەی هەر نەتەوەیەك بەدرێژایی مێژووی خۆی، زمانێکی تایبەتی و داڕێژراو لەسەر بناخەی ڕێزمان و ڕێنووس و جۆرە ڕستە ڕێکخستنێك و کۆمەڵە هەلو مەرجێکی جیاواز لە هی نەتەوەیەکی تردا بۆخۆی پێك هانیوە. وە بۆی بووە بە مەرجێکی سەرەکی بوون و مانی و کردویەتی بە ئامرازی لە یەکتری گەیشتن و جێ‌بەجێ‌کردنی پێویستی‌یە سەرەتاییەکانی ژیان و دەسکەلای بیرکردنەوەو یەکێتی ڕیزەکانی و بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندنی لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

ڕۆشنبیری‌یەکانی خۆی.

هەروەها هەر کۆمەڵە خەڵکێك هەرجۆرە دەسەڵات و خاوەن هەلو مەرجی جۆراوجۆربن بە بێ زمانێکی یەکگرتووی ڕەسەن و لێهاتوو نابن بە نەتەوە، چونکە زمان مەرجی سەرەکی پەیدابوون و دامەزراندنی نەتەوەیە. زانایانی ئەنثرۆپۆلۆجی و نەتەوەناسانی ئایدیالیست و مەتریالیستی عیلمی، هەردوو لایان زمان بەمەرجی سەرەتایی فەرامۆش نەکراوی دامەزراندن و پەیدابوونی نەتەوە ئەوزانن.

هەندێك هەر زمان و زەوی کە لایان وایە ئەم دوو مەرجە هەستی ناو کۆنیش دێننەکایەوە، بەمەرجی دامەزراندنی نەتەوەیەك ئەزانی.

سەبارەت بەم بایەخە گەورەیەی زمان لەژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌دا، نەتەوە پێشکەوتووە خاوەن شارستانی‌یەکانی جیهان تا دێت پتر خەریکی پێشخستن و پەرەپێدان و گەشەپێ‌کردن و ڕازاندنەوەی زمانەکانیانن.

بەڵام نەتەوەی کورد چونکە لە هەلو مەرجێکی تایبەتی‌دا ئەژی پێویستی بەوە هەیە کە توندوتۆڵ دەست بەزمانەکەیەوە بگرێت وە زیاتر بیپارێزێت، واتا ئەرکی پاراستن و گەشەکردنی ئەکەوێتەسەر.

نەتەوەی کورد لە چەند قەوارەیەکی سیاسی‌دا لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تردا ئەژی‌و زمانی ڕەسمی‌و سەرەکی هەر قەوارەیەکی سیاسیش زمانی نەتەوەیەکی‌ترە، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەوە هۆو دەزگاکانی هاتوچۆکردن و ڕاگەیاندن لەنێو وڵاتانی سەرزەمین دا بە شێوەیەکی سەرسوڕمێنانە پێش کەوتووەو گەشەی کردووە، ئەم دوو هۆ گرنگە زمانی کوردی‌یان دووچاری دوو دیاردەی دژ بەیەك و جیاوازکردووە کە ئەرك و فرمانێکی تایبەتیان خستۆتە سەرشانی زانایان و خوێندەوارانی نەتەوەی کوردەوە.

دیاردەیەکیان بۆی بۆتە خێرو پێشکەوتن و گەشەکردن و دیاردەیەکیش ئەگەر وریا نەبین ئەبێتە زەرەروزیان.

وەکو هەموو دیاردەکانی تری ژیان هیچ گەل و نەتەوەیەك نی‌یە لەبەشە جۆربەجۆرەکانی ژیانی سیاسی‌و ئابوری‌و ڕۆشنبیری‌و کۆمەڵایەتی‌دا چ گەورەبێ یان پچوك، زۆر پێشکەوتوویان کەم پێشکەوتوو، تەنیا پشت بەخۆیان ببەستن و زانایی‌و زانست و شارەزایی‌و تاقی کردنەوە سەرکەوتووەکانی گەلانی تری جیهان بخەنە لاوەو فەرامۆشیان بکەن. ئەگەر هاتو هەر گەلێك یان نەتەوەیەك ئەم ڕێبازە بگرێتەبەر، هەرچەندە کارێکی ئێجگار گران و سەرنەگرتووە، ئەوا ئەم گەلە یان نەتەوەیە خۆی ئەخاتە کونی زیندانەوەو شورەیەکی گۆشەگیریانەو تاکە بژێوی بە دەوری خۆیا ئەکێشێت و لەبڕینی ڕێگای پێشکەوتن و سەرکەوتن، هەنگاو ئەنێتە سەر ڕێگای لاوازی‌و ژێرکەوتنەوە.

جا ئەگەر سەدان ساڵ لەمەوبەر لاوازی زانست و تەکنۆلۆجیاو بێ‌هێزی دەزگاکانی هاتوچۆکردن و ڕاگەیاندن، تێکەڵ بوونی گەلان و کەڵك لەیەکتری وەرگرتن و شارەزابوون لە زانست و تاقی کردنەوە بەنرخ و بایەخدارەکانی نێو گەلانی جیهانی لە چوارچێوەیەکی تەنگەبەردا خزانبێت، ئەوا ئێستا پێشکەوتنی هۆیەکانی هاتوچوکردن و ڕاگەیاندن، خەریکە سەرانسەری جیهان بکات بەیەك وڵات. هەروەکو ڕووبەرو درێژایی‌و پانایی وڵاتێك چەندە گەورەبێت و هی نێوان وڵاتانیش ئێجگار بچوك و کەم وکورت کردۆتەوە. وە ئەم دیاردە نوێ‌یە، هەروەکو لەکۆری پیشەسازی‌و کشتوکاڵ و تفاقی جەنگی، زەمینەیەکی سەیرو لەباری هانیوەتەکایەوەو وڵاتان لەم کۆرانەدا ئەرکی دەیان و سەدان ساڵیان بەرەنجی چەند ساڵێك بۆ دێتەدی، هەروەها لەکۆری زمان و پێشکەوتنی زمانەوانیش دا هەمان دیاردە جێگا پەنجەی دیارەو هەموو گەل و نەتەوەیەك ئەتوانێت لەکۆری زمان وزمانەوونی‌دا کەڵك لە شارەزایی‌و تاقی کردنەوەی گەل و نەتەوەیەکی‌تر وەربگرێت. بەڵام لەتەك ئەم لایەنە چاك و بەکەڵك و بایەخدارەدا، لایەنێکی

زیان بەخشنی هەیە، ئەگەر زانایان و شارەزایانی ئەم بابەتە گرنگەی نەتەوەیەك ئاگاداری زمانەکەی خۆیان نەبن کاتێك بەخۆیان ئەزانن زمانەکەیان گەوهەرو ناوەرۆك بۆش و کەوتۆتە قەوارەیەکی بەتاڵ و پوچەڵەوە. رێزمان و رێنووسی شێواوو رستەی لەسەر بنج و رەسەنێتی خۆی ترازاو خۆیان بەسەر زمانەکەدا سەپاندووە.

خۆ بەزمانی بێگانە بیرکردنەوەو بە وشەی زمانی خۆماڵی نووسین لەهەموو دەردەکانی تری زمان شێواوی خراپترو زووتر خۆی بەسەر زمان دا ئەسەپێنێ.

جا ئێمەش پێویستە زۆر وریاو شارەزایانە کەڵك لەلایەنە چاك و بایەخدارەکانی پێشکەوتنی زانستی زمانەوانی گەلان و نەتەوەکانی تری ئەم سەرزەمینە وەربگرین و زمانەکەمانی پێ پێش بخەین و پێی گەشدارتربکەین.

زۆرکەس هەن، سا دەستی نەزانی راپێچی کردبن، یان مەبەستێکی پەردەپۆش لولی دابن، بێپێزکردنی زمانی کوردی‌و شێواندنی بە زمانێکی تر ئەخەنە قالبێ برایەتی‌و یەکێتی‌و دۆستایەتی‌و بگرە رەوتی بەرەوپێش چووی مرۆڤایەتییەوە!

کەچی ئەم کارو کردەوەو بۆچوونە نە لەگەڵ یەکێتی‌و برایەتی هیچ دوو نەتەوەیەك دا رێك ئەکەوێت و نەهیچ نەتەوەیەکیش زمانەکە بەوە دەوڵەمەندو سوودمەند ئەبێت کە نەتەوەیەکی تر زمانەکەی خۆی بۆ بشێوێنێت و بایەو بناخەی زمانەکەی خۆی بۆ بێ‌پێزو لەرزۆك بکات و نە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش بەوە بەختیار ئەبێت نەتەوەیەك دەست لە رەسەنێتی‌و رەنجی هەزاران ساڵی پێکەوەنانی زمانی نەتەوایەتی خۆی بهێنێت و پەنا بەرێتە بەر زمانی نەتەوەیەکی تر.

ئەوەتا مێژوو لە نموونەی برایەتی‌و یەکێتی دوو نەتەوەو چەند نەتەوەیەك لە قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتوودا کە هەر نەتەوەیەکی ئەم قەوارە سیاسی‌یە ئازادانە دەستی بەزمانی زگماکی‌و نەتەوایەتی خۆیەوە گرتووەو پەرەی پێ ئەدات لە کاروانی رەوتی زمان و زمانەوانی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بەرەوپێش ئەڕوات. هەروەکو مێژوو نموونەی واشی تێدایە کە نەتەوەیەك بەهۆی ژێردەستەییەوە وازی لە زمانی نەتەوایەتی خۆی بونەتەوەیەکی گەورەی داگیرکەر هانیوە، کەچی نەتەوە گەورەکە بەوەش لێی رازی نەبووەو تەقەلای لەناوبردنی هەموو خاسی‌یەتە نەتەوایەتی‌یەکانی تریشی داوە!

بێ گومام برایەتی‌و یەکێتی خەباتی ناو کۆیی دوو نەتەوەیان زیاتر، وە دۆستایەتی نێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی هەر بەوە بەهێزو پتەوو پەرەسەندوو ئەبێت کە هەر نەتەوەیە لە چوارچێوەی مەرجەکانی بوون و مانی خۆیدا زیاتر خاسی‌یەتی نەتەوایەتی خۆی بخەملێنێت و بەرەوپێشتری ئۆتۆنۆمی‌و یەکێتی فیدراڵی لەنێو ئەو نەتەوانەی لە قەوارەیەکی سیاسی یەکگرتوودا ەژین هاتونەتەکایەوەو مافی پێ لێنان لە چارەنووسی گەلان و سەرەتاکانی مافی ئادەمزاد لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی‌و پرۆگرامی مۆراکراوو باوەڕپێکراوی نێو هەموو رێکخراوە دەوڵەتی‌و نەتەوایەتیەکانی جیهاندا بوونەتە راستی‌یەکی ماددی.

بۆیە ئێمەش کە نەتەوەیەکی دیارو خاوەن مێژوویەکی سەربەرزانەو پرشانان و زمانێکی رێکوپێك و خاوەن بناخەو پایەی رەسەن و دامەزراومان هەیە ئەبێ لەلایەکەوە کەڵك لە زروخی تایبەتی ژیانی نەتەوەکەمان و هەڵکەوتی جوگرافی کوردستان وەربگرین و لەلایەکی تریشەوە زمانەکەمان لە تێك چوون و شێواندن بپارێزین. واتا دەرگا بخەینە سەرپشت بۆ کەڵك وەرگرتن لەزانستی‌و ژیانی رۆشنبیری‌و تاقی کردنەوە بەنرخەکانی گەلان هەروەکو شورەیەکی قایم و پۆڵاییش بە دەوری زمانەکەمانا بکێشین، نەوەکا دەستی تێك دانی رێزمان و رێنووس و رستەدارشتن و سەرەتاکانی تری زمانەوانی دزە بکاتە زمانە رەسەنە خۆشەویستەکەمانەوە.

# ئەدەبی منداڵان

## وەکو ئەناتۆل فرانس دەیبینێ..

ئازاد عبدالواحد کردوویە بەکوردی

خاتـوو (د.....) داوا لە ئەنـاتـۆل فرانس دەکات بیروڕای خۆی سەبارەت بە ئەدەبی گونجاوو چاکی منداڵان بنووسێت (فرانس)یش بە نامەیەك کە ئەو نامەیە بەشێکە لە بەشەکانی کتێبە بەناوبانگەکەی:

«کتێبی هاوڕێکـەم»، وەرامی دەداتـەوە. ئەو کتێبـەیشی کردووە بەدوو بەشەوە «کتێبی بییر» و «کتێبی سوزان». ئەو نامەیەی (فرانس) لە ژێر ناوونیشانی «کتێبخانەی سوزان» دایە کە لێرەدا (سوزان) کچی نووسەرە.

کەواتـە هەرچی بیـروڕایـەکی دەری بڕیوە ئاراستەی ئەو کچـەی ئنجـا ئاراستـەی هەمـوو منـاڵان کراوە. (ئـەنـاتۆل فرانس) هەروەکـو ڕای هێنـاوین بەو شێـوە تایبـەتـەی خۆی دەنووسێ کە وەك دیارە شێوەیەکی تەقلیدی کۆنە پارێزە.

واتـە لە ڕووی وشـە سازی یـەوە هیـچ تازە بوونەوەییکی تێدا نی یە بەڵام ڕستە ئەدەبی یەکانی هێمنانە ڕ خوڕ، وەکو ئاوی ڕوون و ساف بەرەو ئامانجە کانیان تافەتاف دەکەن، بەبێ ئەوەی بەو ڕوونی و بێگەردی یەی تۆزسڤالێ لە بریقەو قووڵی یـەکـەی بدۆڕێنێ. لەو دیـو شێـوازی ناسـك و پاراوو ڕواڵـەتی ساکـارو گاڵتەئامێز، زانیاری یەکی قووڵ و فراوانی شاردوەتـەوە کە لەکـارتێکـردنی چاووگـەکـانی بیری یۆنانی و لاتینی بەدوور نی یە (فرانس) لەو نامەیەیدا بەتەنیا داکۆکی لە ئەدەبی منـاڵان ناکـات، بەڵکـو بەشێـوەیـەکی تێکـرایی داکۆکی لە ئەدەب و هونەر دەکات. بۆیە دەبینین خۆی لە قەرەی باسێ مەسـەلـەی خەیـاڵی زانستی و مەسـەلەی پاشە ڕۆژی هونـەرو پێـویستی یـە مرۆڤـایـەتی یەکەی داوەو باسی

بەشدار بوونی ئەدەب دەکات لە پێشکەوتنی ئادەمیزادا.

* * *

بۆ خاتوو د. . . . . . . . .

پاریس /١٥ی کانوونی یەکەمی/ . . . . ١٨٨

- ئەوە ڕۆژی سەری ساڵ هاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو ڕۆژە ڕۆژی دیاری پێشکەش کردن و ئاوات خواستنە، بۆیە منالان بەشێکی زۆری ئەو دیاریانەیان بەردەکەوێ، ئەمەش شتێکی ئاسایی‌یە مادام ئەوان زیاتر لە کەسانی دی پێویستی‌یان بە خۆشەویستی و سۆز هەیە. جوانترین شت لە منالاندا ئەوەیە کە زووربەیان هەژارو دەست کورتن و هیچیان نی‌یە تەنانەت ئەوانەشیان کە لە خێزانی دەوڵەمەندو هەبووندا لە دایك بوون، جگە لەو شتانەی دەیادەنێ هیچی دیکەیان نی‌یە ئەو کەل وپەلانەی پێشکەشی ئەو منالانە دەکرێ، بۆ کەسی ناگەڕێنەوە. ئەوەش کارێکی دلخۆشکەرەیە، ئەو یاری و کتێبانەی بۆیانی هەلدەبژێرین لەگەل حەزو ئارەزوویان بگونجێ. ڕۆژێ لە ڕۆژان گووتارێکی فەلسەفی دەربارەی یاری» دەنووسم. چونکە ئەو مەسەلەیە هەمیشە بیرکردنەوەم دەدەنێ بەلام ناوێرم خۆم لە قەرەی بدەم بەبێ خۆئامادە کردنێکی باش. هەرچی ئێستایە قسەکانم دەربارەی ئەو کتێبانەیە کە بۆ منالان دەنووسرێن و بلاودەکرێنەوە.. لەبەر ئەوەش کە خانم داوانی لێ کردووم، ئەوە هەندێ بیرورا دەربارەی ئەو بابەتە دەردەبڕم.

- یەکەم پرسیار کە لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە: ئایا پێویستە ئەو جۆرە کتێبانە بدەینە دەست منالان کە بەتایبەتی لە پێناوی ئەواندا نووسراون..؟!

تەنیا ئەزموون و تاقیمانەمان بەسە بۆوەرام دانەوەی ئەو پرسیارە، ئەوەی سەرنج بۆلای خۆی ڕادەکێشێ ئەوەیە کە منالان لە زووربەی کاتدا وەڕسی و بێزاری‌یەکی زۆر نیشان دەدەن لەکاتی خوێندنەوەی ئەو کتێبانەی کە لە پێناوی ئەواندا نووسراون و دانراون. ئەو دوور کەوتنەوەیەیان دەتوانین بەوە لێك بدەینەوە کە منالان لە لاپەرەکانی پێشەوەڕا هەست دەکەن کە نووسەرەکە هەوڵی داوە. بچێتە ناو جیهانی ئەوانەوە، لە جیاتی ئەوەی ئەوان بباتە ناو جیهانی خۆیەوە. دەشزانن ئەگەر بەردەوام بن لەسەر خوێندنەوەی کتێبەکە، ئەوە لە کۆتاییدا ئەو تازەیی و شتە نهێنی‌یانەی کە دەروونی مرۆڤ لە هەموو قۆناغەکانی تەمەندا تینووە بۆیان نایدۆزنەوە.

منالان لەگەل کەم تەمەنیشیاندا ئارەزووی فێربوون لە کەللەیان دەدا، کە هەر ئەوەیە زانایان و شاعیران دروست دەکات. ئەوانیش دەیانەوێ جیهانی دەرەوەو هەروەها جیهانی ناوەوەی مرۆڤیان بۆبخەینە بەردەم.

بەلام ئەو نووسەری بی‌یەوێ وایان لێ بکا بچنەوە ناو قەپێلکی خۆیان و گۆشەگیر بن و لە مەودای وردبوونەوە لە منالێتی خۆیاندا بەندیان بکات، ئەوە ئەو نووسەرە زۆر پەستیان دەکات. لەگەل ئەوەشەوە بەداخەوە ئەو کارە زۆر بەرچاو دەکەوێ. واتە کاتێ بۆ منالی دەنووسین لەو نووسینانەماندا دەمانەوێ منالانە بچین و منال بیینەوە، بەلام بێ‌گومان پاکێتی و ناسکی ئەوانمان تێدا نابێ. من کتێبێکی منالانم لە بیرە ناوونیشانەکەی:

«پەیمانگای سووتاوە» ئەو کتێبەیان دامێ بیخوێنمەوە، هیوایەکی گەورەشیان بەو کتێبە هەبوو، لەو کاتەشدا من لە تەمەنی حەوت سالیدا بووم، بەلام بە ئاسانی تێگەیشتم ئەو کتێبە شتێکی پڕوپووچە ئەگەر کتێبێکی ترم لە وێنەی کتێبی «پەیمانگە سووتاوەکە» بخوێندایەتەوە، ئەوە لە هەموو جۆرە کتێبی تەرە دەبووم و جارێکی دی بەلایاندا نەدەچوومەوە، هەرچەندە لە منالیمدا کتێبم دەپەرست:

خانمەکەم: ڕەنگە بلێی «لەگەل ئەوەشدا پێویستە ئەوەی دەینووسین و دەیخەینە بەردەستیان لەئاستی عەقلە بچکۆلەکانیان بێت..» بێ‌گومان ئەمە ڕاستە. بەلام ئێمە لەو جۆرە نووسینانە سەرناکەوین، ئەگەر کەرەستە ئاشناکانمان بەکار هێنا، کە لە دروستکردنی شتی پڕوپووچ و دواندنی ساویلکانەی منال خۆی دەنوێنێ.. یان لە گووتنی شتی وا کە هێزوبڕستی تێدا نەبێ. وەك بمانەوێ لە نووسینەکانمان بۆ منالان هەموو ئەو مەسەلانە

بەلاوە بنێین کە بۆ عەقڵی گەورەکان بشێ و بی‌یەوێ کاریان تێ بکاو ئیقناعیان بکات. بۆ ئەوەی منالآن تێمان بگەن هیچ شتێ ناگاتە ئەوەی نووسەرێکی بلیمەتی شێواز جوان هەڵبژێرین. چونکە ئەو شاکارە گەورانەی بۆ گورێژگەو کچۆڵەکان دەگونجێ، ئەو شاکارە جوان و پاکانەن کە پڕن لە داهێنانی هونەریی ئەو شاکارانەی کە گونجاندنی بەشەکانی و سازاندنی پەیوەندیی نێوانیان ئەو شاکارە کامڵ بووەی لێ دێتە بەرهەم و چاوئەبڵەق دەکات کە بەو شێوازە بەهێزە نووسرابێ و لە ڕووی ماناوە ئەوەندە دەوڵەمەند بێت.

زۆرە کەڕەت هەندێ منالم هان داوە چەند بەشێك لە سروودی «داستانی ئۆدیسە» بەمەرجێ بەشێوەیەکی جوان وەرگێڕرابێ - بخوێننەوە، ئەو منالآنە سەری ڕەزامەندی‌یان بۆ لەقاندووە و کەوتوونەتە ژێر سیحری‌یەوە.

من وا تێ دەگەم خوێندنەوەی «دۆن کیشۆت» جێگەیەکی گەورە لەدڵ و دەروونی منالآندا بەجێ دەهێڵێ، بەتایبەتی ئەوانەی گەیوونەتە تەمەنی دوازدە ساڵی‌یەوە. بەڵام هەندێ بڕگەی لێ دەربهێنین پێش ئەوەی بیاندەینێ بیخوێننەوە.

خۆم هەر لەوکاتەوە کە فێری خوێندنەوە بووم ئەو کتێبە بەرزەی (سرفانتس)م خوێندەوەو چووە دڵمەوەو خۆشم ویست، واش هەستم کرد، بەشێکی گەورەی ئەو خۆشی‌یەی تاکو ئێستا لەبیرم ماوە قەرزاری ئەو خوێندنەوەیەیە. هەروەها کتێبی (ڕۆبنسن کروسۆ) خۆی یەکێکە لەو کتێبانەی سەدەیەکە بۆ منالآن تەرخان کراوە. لەو کاتەدا بۆ پیاوی کامڵ و بەسەروسیماو بازرگانەکانی شاری لەندەن و دەریاوانەکانی مەلیکی خاوەن شکۆ نووسرابوو. نووسەر لەو کتێبەدا هەموو توانای هونەری و بیرکردنەوەی ساغ و فراوانیی زانیاری و لێزانی خۆی بۆ خستوەتەکار.

لە دواییشدا بەدەرکەوت ئەو سیفەتانە زۆر پێویستن بۆ خلافاندن و دڵخۆش کردنی قوتابیان. ئەو کارە ئەدەبی‌یانەی پەنجەم بۆیان ڕاکێشا «دراما»یان تێدایە، هەروەها کۆمەڵەکە سانێکیان گرتوەتە خۆ، بۆیە جوانترین کتێب لە دنیادا هیچ مانایەکی لەلای منالدا نی‌یە، ئەگەر هاتوو ئەو بیرانەی باس کرابوون بە شێوەیەکی ڕووت و موجەرەد پێشکەشیان کرا، لەبەر ئەوەی بەهرەی تێگەیشتنی تەجرید لە پاشان لە لای ئادەمیزاد - هەریەکە بەجۆرێ - پێ دەگاو پێش دەکەوێ. مامۆستاکەم لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی‌دا (وەکو ڕۆلان و[1] لۆمۆن[2] نەبوو، ئەمەشی لەسەر ناکەین بەگلەیی) ئامۆژگاری دەکردین کتێبی (ماسییۆن) کە ناوی (زەوی وشکانی بچووك)ە بخوێنینەوە. بەتایبەتی لە کاتی پشوودا تا هیلاکی ڕۆژانی خوێندنمان لە بیر بچێتەوە. ئەو بۆیە ئەو قسەیەی بە ئێمە دەگووت بۆ ئەوەی سەرنجمان بۆ ئەو کتێبە ڕابکێشێ تاکو وا بزانین خۆی بەو خوێندنەوەیە هیلاکی نامێنێ. بەڵام لە واقیعدا ئەو منالەی بتوانێ کتێبێکی وەك ئەوەی (زەوی وشکانی بچووك) بخوێنێتەوەو بەدڵی بێ ئەوە منال نی‌یە، دڕندەو گیانەوەرە. لە لایەکی دیکەشەوە من وا تێناگەم هیچ تەمەنێکی دیاریکراوی دیکە هەبێ، بتوانێ ئەو جۆرە کتێبەی بە دڵ بێ. بۆیە کاتێ بۆ منال دەنووسن، زۆر لە خۆتان مەکەن، بەڵکو بە ڕێك و ڕەوانی بیر بکەنەوەو بە ڕێك و پێکی و جوانی بنووسن. بام هەموو شتێ گەرم و گوڕی ژیانی تێدا بێت.، بۆ ئەوەی ژیان لە چیرۆکەکانتانا مەزن و ئاسۆ فراوان و بەهێز بێت.. ئەوەش ئەو نهێنی‌یەیە کە لە نووسینەکانتانا خۆشەویستی و ڕەزامەندی خوێنەران بە دەست دەهێنن.

وا بزانم تاکو ئێرە هەمووشتێکم گووت، لەوەتی بیست ساڵە نە لە فەرەنساو نە لە هەموو جیهاندا نە گەیشتینە سەر ئەو بڕوایەی کە دەڵێ پێویست ناکا، جگە لە کتێبی زانستی شتی دی بدەینە منالەکانمان بیخوێننەوە، لە ترسی ئەوەی نەوەك بیرکردنەوەیان بە شیعر بپوکێتەوە. ئەو ڕایەو لە بیروزەینی خەڵکدا جێگیر بوو، تاوای لێ هات، کاتێ حەقایەتەکانی (پیرۆ)[3] لە چاپ دەدرێنەوە، ئەوە ئەو چاپانە تەنیا بۆ هونەرمەندان و ئارەزوومەندانی کتێب کۆکردنەوە دەبێ. بۆ نموونە ئەگەر سەیرێکی ئەو چاپانە بکەین کە (بیران)و (لۆمیر) پێشکەشیان کردووین دەبینین یەکسەر دەچێتە ئەو کتێبخانانەوە کە تایبەتە بە

ئارەزوومەندانی کتێب کۆکردنەوە، ئەوانیش بەرگی‌یان تێ‌دەگرن و بە زەرکەفت لەسەریان دەنووسن. لەپاڵ ئەمانەشدا کتێبی خانەخانەی وێنەدار ئامادە دەکرێ بۆ ئەوەی لە جەژنەکانا پێشکەشی منالان بکرێ کە وێنەی جالجالۆکەو هێللکە شەیتانۆکەی زەریاوشوێنی گەرادانانی گیانەوەران و ئامێری گازی تێدایە.

ئەو جۆرە شتانەش منال وا لێ‌دەکا لە کتێب دوور بکەونەوە.. لە کۆتایی هەموو ساڵێکی خوێندن دا، ئێمەو خێزانەکانمان ئەو کتێبە زانستی‌یە ئاسان کراوانە دەمانخنکێنێ. وا هەست دەکەین چاومان کوێر بووەو لە ناو ئەو لێشاوی کتێبانەدا خنکاوین. ئەو کتێبە زانستی‌یانەش نەشێوەیەکی هونەری جوان، نەبیرێکی جوان وپاك، نەهونەرو نەچێژ و نەهیچ شتێکی ئینسانی تێدا نابینی. بەڵکو ئەوەی بەرچاوت دەکەوێ تەنها تێکەڵاوکردنی مادە کیمیاوی‌و بینینی حاڵەتە فیزیۆلۆژی‌یەکانە.. دوێنێ کتێبێکیان نیشان دام بە ناوونیشانی: [سەرەتایەك لە شتە عەنتیکەکانی پیشەسازی!] ئای لەو خۆش بەختی‌یە لە پاش دە ساڵی دیکە هەموومان دەبینە وەستای کارەبا..!

بەرێز (لویس فیگییە)، (لەگەڵ ئەوەشەوە کە پیاوێکی چاك و خێرخوازە) لەو قاوغەی دەقی پێوە گرتووە دێتە دەرێ!! کاتێ بۆی دەردەکەوێ کە مێرد منالان و کورو کچۆڵە بچکۆڵەکانی فەرەنسا تا ئێستاش حەقایەتی منداڵان دەخوێننەوە، پێشەکی یەکێك لەکتێبەکانیشر دەنووسێ - کە تایبەتە بە کەس وکاری منالان - بۆ ئەوەی تیایدا بڵێت: حەقایەتەکانی (پیررۆ) لە دەستی منالەکانتان بسەنەوەو کتێبەکانی دکتۆر (لۆدۆفیکۆس فیکۆس) - کە هاورێی خۆیەتی با بخوێننەوە. ئنجا دەڵێ: (خانمەکەم جان. ئەو کتێبە داخە. ئەگەر ویستت بیخەرە ئەولاوە. ئەو کتێبە «چۆلەکەیەکی شین وەك ڕەنگی کات» کە بەلاتەوە خۆشەو واتی لێکردووە بگریت، کتێبێکی باش نی‌یە. روو کتێبی «لە هۆش خۆچوون بە ئێتیر» بخوێنەوە. کارێکی باش نی‌یە تەمەنت حەوت ساڵان بێت، شتێ دەربارەی توانای بێ‌هۆش کردنی (لبرۆتۆکسیدی ئازۆت) نەزانی. بەرێز (لویس فیگییە) ئەوەی دەرخست کە جنۆکە گیانەوەرێکی خەیاڵی‌یە. ئەو هۆیەشە وای لە کەسانێك کردووە نەتوانن دەربارەی ئەو جنۆکانە بۆ منالان بدوێن. ئەو پیاوە دەیەوێ باسی ئەو (پەینە) بکات کە لە ئاژەڵە زەریایی‌یەکان دروست دەکرێ. باشە! دکتۆر، کە جنۆکە هەبێت و خەیاڵی بێ، کەواتە لە هەموو خەیاڵێکی چالاکدا هەیە کە بەسەر شیعردا کرابێتەوە. هەر بەفەریکی‌و تازەییش لە کەلوپوری داب ونەریتی میللیدا دەمێنێتەوە. بچووکترین کتێب کە ئیمای بیرێکی شاعیرانە بدات و هەستێکی جوان بوروژێنێ‌و دڵ و دەروون ببزوێنێ، زۆر چاکترەو بگرە چاکی‌یەکەی بۆ منالان و مێردمنالان پێوانە ناکرێ لەگەڵ هەموو ئەو کتێبانەت کە پڕن لە زانیاری میکانیکی، کەچی حەقایەتی منالانی بچووك وگەورە، ئەو حەقایەتانەی بە شیعر نووسرابێتەوە یان بە پەخشان، ئەو نووسینانەن کە بەگریان و پێکەنینمان دەهێنن و سەراسیمەمان دەکەن.

ئەمرۆکە بە دڵ خۆشی‌یەکی زۆرەوە کتێبێکم بە دەست گەیشت بە ناوونیشانی: [جیهانێکی ئەفسووناوی] کە بریتی‌یە لە دوانزە حەقایەت لەو حەقایەتانەی لە جنۆکە ئەفسانەیی‌یەکان دەدوێت. ئەو پیاوە زانایە کە ناوی (لۆسکۆرە) لە پێشەکی‌یەکەیدا ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە حەقایەتی ئەفسانەیی پێداویستی‌یەکی ئەزەلی لەلای مرۆڤ دابین دەکات. هەروەها دەڵێ: (پێویستیمان بەئەفسان هەیە بۆ لە بیر چوونەوەی زەوی‌و واقیع و بێ ئومێدی نێتیایدا، هەروەها نوچدانە تووندوتیژەکان لەلای دەروون بەرزەکان.

کۆستە گەورەکانی لای ئەو خەڵکەی خاوەنی هەستی گەورەو بەرزن، ئەو پێداویستی‌یەش شتێکی کەونی‌یە. خەونیش وەکو پێکەنین، مرۆڤ لە ئاژەڵ جیا دەکاتەوەو سەرکەوتنی ئەو بەسەریدا جێگیر دەکات..) بەم جۆرە منال پێویستی بەوەیە خەون ببینێ. هەروەك چۆن پێویستە هەست بکات کە خەیاڵی لە جوڵانەوەی بەردەوام دایە، لەبەر ئەوەشە پێویستیان بە

حەقایەتەکان هەیە.

چیرۆك نووسان لە توانایاندا هەیە جیهان بەپێی بینینی خۆیان دارێژن.

دەشتوانن دەرفەت بۆ لاوازان و ساکاران و منالان برەخسێنن تاکو جیهان بە ڕێورەسمی خۆیان دارێژن. بەو شێوەیە ئەو چیرۆك نووسانە کاریان تێدەکەن، کارتێکردنێکی قوول و یارمەتییان دەدەن بۆ خەیاڵ فرین و هەست کردن و خۆشەویستی.

خانمەکەم: لەوە مەترسە چیرۆك نووسان مێشکی منالّ پرکەن لە حەقایەتی جنۆکەو کورتە بالاکان.. چونکە منالّ چاك دەزانێ ژیان لەو جۆرە شتە ئەفسووناویانەی تێدا نییە هەرخەیالّی زانستییە منالّ دەخەلّتێنێ و فریوی دەدات. هەر ئەویشە تۆوی ئەو هەلانە دەروێنێ کە لە دواییدا زەحمەتە ڕاست بکرێنەوە. پیاوە بچکۆلەکان لە هیچ شتێ سلّ ناکەنەوە، دەتوانن لەسەر شێوەی (فیرن)[٤] وای بە بچن کە دەتوانرێ بە هۆی قازیفەیەکەوە بچنە ناو مانگ.. وێرای ئەوەش پەیوەندییەکانی ئادەمیزاد دەتوانێ لە زیانی هەلّوەشانەوە خۆی بە دوور بگرێ کە ڕەنگە بەهۆی یاسایەکانی هێزی ڕاکێشانی زەوییەوە تووشی بێ..!

ڕۆمانەکانی (جول فیرن) وێنەیەکی کاریکاتێرین بۆ زانستی پاك وتەمیزی فەلەك و گێتی. ئەم ڕۆمانانەش هیچ حەقیقەت و جوانی و سیحرێکیان تێدا نییە ئیتر منالان چۆن و چ سوودێ لە زانستێ وەردەگرن کە بەرنامەیەکی نەبێ و بەرەو ڕێگایەکی داخراو بڕوات.. چ سوودێ لە ئەدەبێکی کارکردەی خەلّەتێن وەردەگرێ، کە ڕووی لە زیرەکی و لە هەست وەرگێڕاوە..؟

پێویستە بۆ جیهانی مەزنی ئەفسانەی شیعری بگەڕێینەوە، ئاوڕێ لە شاعیرانی هەموو میللەتان بدەینەوە، بگەڕێینەوە لای هەر شتێ کە هەست و موچرکەی جوانیمان بداتێ.. ئەفسووس کۆمەلّگای ئێمە پڕ بووە لەو دەرمان خانانەی کە لە خەیالّ دەترسن.. لەوەشدا زۆر بەهەلّەدا چوون، چونکە هەر خەیالّ و وردە درۆکانیەتی هەموو جوانی و چاکە خوازییەك لە جیهاندا بلاودەکاتەوە.. تەنیا بە خەون و خەیالّ گەورە دەبین..

دەسا ئەی دایکەکان، لەوە مەترسن خەیالّ زەینی منالّەکانتان کوێر کاتەوەو بیرکردنەوەیان بپوکێنێتەوە، چونکە بە پێچەوانەی ئەوەوە لە هەلّوچەوتی قوڕو هەلّنوتان دەیان پارێزێ..!

پەراوێزەکان

١ - ڕۆلان: RolLon زانای ئەدەبی کۆن و مێژوو نووسی فەرەنسایی [١٦٦١ - ١٧١٩]

٢ - لۆمۆن: Lhomond زانای زمانەوانی فەرەنسایی و دانەری چەندتێکستێکی لاتینی بۆ تازە پێگەییوان (١٧٢٧ - ١٧٩٤).

٣ - پیرۆ: perrult نووسەری حەقایەتی منداڵانە، ئەندامی ئەکادیمیای فەرەنسایە (١٦٢٨ - ١٧٠٣)

٤ - جول فیرن (١٨٢٨ - ١٩٠٥) داهێنەری ڕۆمانی زانستی خەیالّییە وەك ڕۆمانی: ( لە زەوییەوە بۆ مانگ)و (بیست هەزار فەرسەخ لە ژێر زەوی)و (دەورویشتی جیهان لە هەشتا ڕۆژدا).

# راجى و دوو هوزان

○ نورالدين سعيد مصطفى ○

گەلەك هوزانڤانێت كورد یێت هەین هەتا ڤێ گاڤێ ج بەرهەمێت وان رۆناهی نەدیتی‌یە، هندەك ژ وان بەرهەما یێت دبن ئاخێڤە رزین و یێت هاتین ـ هنداكرن ژ بەری دەستێ كەسێ بگەهتێ.

راجی ژی ئێكە ژ وان هوزانڤانا كو كەسێ ل سەر نە نڤێسی‌یە، ژیانا وی دبن پەردا تارێڤە مایە، هەر چەند پتر ژ دیوانەكێ هوزان هەنە، ب درستی ئەز ج ژ ژیانا «راجی» نزانم، چ ژێدەرا ل سەر ژیانا وی نە نڤێسی‌یە؟ ژ بلی ماموستا عبدالرحمن مزوری دوو هوازنێت وی بەلاڤكرینە.[1]

راجی نە ناڤێ هوزانڤانی یێ درستە، بەلێ ناز ناڤێ وی‌یە دهوزانێدە، هەمی هوزانێت وی ل مالكا دوماهیێ ناڤێ وی بەرچاڤ دبت،[2] راجی ئێكە ژ هوازنڤانێت نوی، ل سالێت «پێنجیێ» ژ بەری (٣٥) سالا دەست ب ڤەماندنا هوزانێ كری‌یە، هوزانێت راجی گەلەك ب بهانە، بێهنا هوزانێت مەلایێ جزیری ژێ تێن، هەروسا تەڤنێ مروێ رستی‌یە.

راجی هوزان نە بەس ب كوردی تنێ چێكرینە، هندەك مالكێت چواز رێزی ب زمانێ عەرەبی ڤەهاندینە و ل دوماهیا دیوانا خوە نڤێسی‌یە ل ژێر ناڤ و نیشانێت «تواريخ بعض أوقاته»و دیروكا ڤەهاندنێ[3] ژی ل سەر خویایە.

هوزانێت راجی بەهرا پتر یێ دڤێ دیوانێدە ل سەر ئەڤینێ‌نە، هندەك بسروشتێ كوردستانێ ڤەهاندینە و پەسنێت ولاتی كرینە.

بو مە خویایە ل سالا (١٩٥٠)یێ و پێڤە «راجی» هوزان ڤەهاندینە، هوزانڤانەكێ ڤی چەرخی‌یە و یێ نوێیە، بەلێ ماموستا مزوری یێ گوتی :ـ هوزانڤانەكێ كەڤنێ كوردە،[4] چێدبت هندەك ل ڤێرێ ب پرسن و بێژن ئەگەر «راجی» هوزانڤانەكێ نوی بت، بوچی نەدیارە؟ نەدیاریا راجی ژبەر بناڤێ نهێنی هوزان ڤەهاندینە و هەروسا ژبەر هندەك ئەگەرێت دیژی. . . ژبەر ڤێ یەكێ، ناڤێ وی بەلاڤ نەبویە.

براستی ئەگەر مرۆڤ بەرێ خوە بدت هوزانێت راجی دێ گەلەك پەیڤێت جوان و نازك دێ دناڤ دا بینت،

هەروسا ژ بلی پەیڤێت کوردی، پەیڤێت عەرەبی و تورکی ژی دناڤ هوزانێت ویدا دیارن، ئەو ژی ژ زیرەکیا

راجی‌یە دزمانێ عەرەبی و تورکی‌دا.

تەڤاڤەك هوزانێت راجی ل جەم من هەنە ل ژێر ناڤ و نیشانێت «دیوانا راجی»

هیڤی‌دارم ئەگەر هوزانێت «راجی» ل دەڤ برادەرەکی دی هەبن بەلاڤ بکت دا کو خوینده‌ڤان مفای ژێ وەرگرن.

براستی من تشتەك ژ هندەك کەسا گولێ‌بی ل سەر ژینا

«راجی»، ل کویڤە خواندی‌یە؟ ل کیش گوندی مەلاتی کری‌یە؟ نوکە چی‌یە و ل کیڕێ‌یە؟ بەلێ نە ب درستی، ژ

بەر هندێ من نەکاری ئەز بنڤیسم، بەلێ من هیڤی‌یە ئەز دێ ل دویف گەرم هەتا ب درستی ئەز بزانم کی مەلایە؟ کورێ کێ‌یە...؟

کەرەمکن ل گەل ڤان هەر دوو هوزانا
عەبایێ کەچێ[٥]

بهارە چاخێ سەیرانێ، رۆی عەردی وەکی بەحرە کەچێ دەر بیستی نیسانێ، عەبا رەش صائیم الدهرە عەبا

رەش مارێ دەحلانە، ئەنی رۆژا حەزیرانە مە دل تم ڤیر و ئامانە، ژ لە و خوارن وەکی ژەحرە ب من غورفە د بو

ئاتەش،[٦] وەکی دلبەر تەبەسومکر دوو مارێ رەش، کەزیێ یارێ ژ بومن تەڤ کولو قەهرە ژ بو من ئاورێ یارێ وەکی

تیپێ میکانینە ئەڤین دژوارە، پر گەرمە ب من وەك ئاگرو تەحرە ئەڤینا دلبەرێ کوشتم کرم دینێ شەڤ و رۆژا ل من

برهێ خو دشکینی خەیالە لێ بمن سحرە ب چاڤێ رەش دبوم شەیدا وەکی بلبل کرم قەیدێ وەلێ «راجی» هجوم دا

سەر، رەڤاند ئەو بی حکو...[٧]

قەرەغو شەڤا رەش[٨]
دلبەر تە دێ م صوندێ ب نەورۆز و بئاتەش تە ژکی

دەرێ ئانی‌یە ئەڤ گڤت و کەنی خوش دلبەر ئەد بێم[٩]

عەینی ئەرەیا ب تە دا ئەڤ یان قەرەغێ داتە دنێڤ پەنجێ شەڤا رەش دلبەر ب خودی کی دوو مەهن ما مە دبەندێ

هەر دەم ئەد بێم زولفێ تە ئەز کرمە مشەوش دلبەر دوو مەهن مەت تو ل من نائێ خەیالێ یارەب هەیە جارەك دی

ب کم سەیر و گەش دلبەر وەرە دائیم ل سەرایێ بجڤین

ئەڤ هەی هەی بفرین قەدەحو کاسا مەیا خوش دلبەر تە چ حەق بو ل مە هێ قەهر نەظەرکر حەتا وەکو خستن درۆێ

تە دەڤێ رەش دلبەر هەکە «راجی» ب دلێ خوش تە ببینی دێ فەرض بکت سەرخو، ماچێ بکەت بەرێ رەش.

سەرەکانی:
١ - گوڤارا بەیان ژمارە (٥٥) سالا ١٩٧٩.
٢ - دیوانا راجی دەست نڤیس.
٣ - ژێدەرێ بەرێ.
٤ گوڤارا بەیان ژمارە (٥٥) سالا ١٩٧٩
٥ - دیوانا راجی دەست نڤیس
٦ - ئاتەش: ئاگر
٧ - ئەڤ پەیڤە نەهات خواندن ژبەر ژێ کێم بی.
٨ - دیوانا راجی دەست نڤیس
٩ - ئەد بێم: ئەز دبێژم،

# هێز دگرمانجی دا

محمد حسن بناڤی

ئەگـەر مرۆڤ هویـرك چاڤـێ خوە ب زمـان و تورێ کوردیدا بخشینین، دێ بینین وەکی هەمی زمانێت جیهانێ یێت زینـدو سەخلەت و سیفـەتێت خوە یێت تایـەتی یێت هەین. وەکی گەلـەك زمـانـا پەیڤێن کوردی ژی دهێنـە گەردان (تصریف) کرن ژکریارێ (فرمان)ی بۆ هەمی کاتا چ ڕابردوو بیت ئان نەڕابردوو، داهاتوو. هێز وەکی گەلەك زمانا کار دڤی ئەزمانی دکەت ب شێوەکێ ڕاستەوخو، هێز دکـەڤیتـە سەر بڕگـەکێ ژ وشێ و مانـا وێ دگوهـوڕیت هەروەسـا دکـەڤیتـە سەر ڕستێ و مانـا ژێ دهێتە گوهاڕتن و دکـەتـە پرسیـاری. هێـز بابەتەکە دکوردیێ دا کێم کەس پێ ل سەر ئاخفتین، ژبەر هندێ من ب پێتڤی زانی ئەز ڤی بابەتی هلبژێرم و ل دویڤ پێ چێبونا خوە شروڤەکەم و دانم بەرچاڤێت خاندەڤانا.

هیڤیدارم ئەز شیابم پیچەکێ ڕوهن کەم بۆ ڕەزڤانێت بهێن.

هیڤی دکەم هەر کەسەکێ ڕەخنەك ل سەر هەبیت من پێ ئاگهدارکەت.

هەروەکی زمـان ناسیت جیهـانی پێناس دکـەن، بڤی ئاوایێ خارێ یە! «ڕەنگـەکێ گرتنێ یە یان هێزەکە، ئانژی گرانیـەکـە دکـەڤیت سەر بزوێنـابرگێ دپـەیڤێدا ب زمانێ مورفولوجیستا (morphiLogist) دبێژنێ بەندا هێزێ SuperFixes [1]

لێ مەرج نینە هێز هەمی دەما بکەڤیتە سەرپیتا بزوێن بتنێ، بەلکی جهێ خوە دگوهـوڕیت و دکـەڤیتـە سەر پیتا کونسەنانت ژی دووشێدا ئان دڕستێدا هەروەکی ئەم بێژین (کوڕ) ئەگـەر هێز بکەڤیتە سەر بڕگا ئێکێ مانا ژی (کوڕە - هەرێ یە - تەڤنە) ئەگـەر نەکەڤیتە سەر مانا کوڕی ب خوە ددەت وەك:

ئازاد کوڕەکێ زیرەکە.

سەگڤانی کوڕەکێ هەی.

بێگـومـان ئەگـەر هێـز بکەڤیتـە سەر فونیمێ مانـا وێ دگـوهـوڕیـت و فونـیـمێ ب خوەژی ل گەل مانـاوێ دگوهوڕیت، دیسا دبیتە ئەگەرا گوهوڕینا دەنگێ فونیمێ ژی.[2] هێـز دهـەمـی زمـانێت (هنـدو ئەورووپیـدا) یا کاریـگـەرە، دشـێت ژبـرگـەکێ بۆ ئێکـا دی بچیت و کارتێ بکـەت، وەکی دکـوردیێ دا ئاشکرایـە... هەر بڤی ڕەنـگـی دزمـانێ فارسی و ئینگلیـزی و ڕوسی و ئیتـالیـدا کاردکەت. دزمـانێ چیکیدا هەمی دەمـا هێـز دکـەڤیتـە سەر برگائێکێ ژپەیڤێ.[3]

هەر بڤی ڕەنگی هێـز دکـەڤیتـە سەر ڕستێ ژی و ڕستێ دکـەتـە پرسیـاری ئانکـو خورتیـا دەنگی دکـەڤیتە دویماهیا پەیڤێ و پرسیارێ دروست دکەت.[4] وەك:

كاوه چوو بازارى.

كاوه چوو بازارى؟

درستا ئێكێدا هێز نەكەتە سەر، رستە وەكى خوەيەو چ لێنەهاتيەو رستەكا خەبەريە، بەلێ رستا دووێ هێزا كەتيە سەرو رستە ياگوهارتى‌و كريە پرسيارى، خورتيا زمانى پتر ياكەتى سەر پەيڤا (چوو).

دكتور (ابراهيم عزين) ژى دبێژيت: هێز دكەڤيتە سەر پەيڤەكێ ژ رستێ ئان گەلەكاو رستا خەبەرى دكەتە پرسيارى وەك:.

دەبێ دەرسەكە بخوێنم؟[٥]

ل ڤيرێ هێز نەكەتە سەر رستائێكێ‌و هەر وەكى خوەيە، لێ‌رستا دووێ هێزا كەتيە سەر پەيڤا (دەبێ)و رستا كريە پرسيارى.

مەلا مەحمودێ دێرشەوى دكتێبا خوەدا (مشتاخا چيا گوتنێن پێشيا) دبێژيت: «تيپا كافێ (ك) دوو دەنگێت هەين وەك (كا ياتەيە ماكادين ژى ياتەيە؟)[٦] ل ڤيرێ سەيدايێ ناڤبرى ب دوو دەنگا دئەژمێريت و ل دويڤ گوتنا وى دڤێت هەرئێكێ ژوان نيشانەك هەبيت و بۆ بهێتە دانان. ل دويڤە بۆ چوونا من پێتڤى نينەنيشان بۆ بهێنە دانـاندن، چونكى ل ڤيرێ پەيڤا (كا) ياسڤكەو چ هێزو خورتى نەچوويە سەرو رامان ژێ (كايە). بەلێ ئەگەر هێز بكەڤيتە سەر دێ بيتە ئالاڤێ پرسيارێ، هێز پتر جهێ خوە تێدا دبينيت ژنيشانێ.

هەروەسا ليژنا زمانێ كوردى دگوڤارا كورى زانيارى عيراقدا دبێژيت: «دكرمانجيا ژوورىدا (پ)ا قەلەوو (ك)ا قەلەو ڤبەرگوهيزۆ مرۆڤى دكەڤن، وەديارە ئەڤە ياتايەتە بۆ وێ ديالێكتێ، ئەگەر تيپێت جياواز هەبن باشە، وەسا ديارە دئەلف و بێ‌يالاتينيدا هندەك تيپێت بۆ داناين ژبەر كو ئەڤ تشتە دديالێكتێت ديدا نينە پێتڤى ب تيپێت جياواز ناكەت، بەلێ[٧] وەرە چ تيپێت جياواز دئەلف و بێ‌يا لاتينيدا بۆ ڤان تيپا نەدانـانەو نادانن، ل دويڤ بۆ چوونا من هێزە دەنگى (پ)و (ك)ێ دگوهوريت ،چونكى هەروەكى مە دياركرى هێز دكەڤيتە سەر فونيمەكێ ژپەيڤێ‌و دەنگى وێ‌و ماناوێ پێكڤە دگوهوريت. ڤێجا ئەو فونيم يان ئەو پيت چ بزوێن بيت ئان نەبزوێن.

پێتڤى‌يە ئەم (دەنگ)ى‌و (تيپ)ێ ژێك جودا كەين، دەنگ ب رێكا ئەندامێت ئاخفتنێ ‌هێتە دەربرين و ب ئەگەرا گوهـ ليوونێ مرۆڤ هەست ب‌ د كەت. هنديكە تيپە وێنێ وێ دەنگى‌و ب نيشانا خوە دن‌ پێدا ديار دبيت و مرۆڤ وەردگريت ب بينينێ.[٨]

ل ڤيرێ ژى تيپا (كافێ)و (پێ)و (تێ)و (يمێ) بتنێ ب دژواريا هێزێ‌و خورتيا زمانى ئەو جوداهى دكەڤيتە دەنگێت وان، پا ئەگەر ل دويڤ بۆ چوونـاوان بچين دڤێت ژمارا تيپێت كوردى ب چارا هەتا پێنجا زێدە ببيت.

ئەگەر وەسابيت دڤێت دزمانێ ئينگليزيدا ژبيست وشەش تيپا پتر هەبن چونكى ژمانێ ئينگليزى (٢٣ - ٤٤) دەنگێت هەين بەلێ نيشا (٢٦) تيپا بتنێ ياكێشاى.[٩] ئەگەر هەر دەنگەكێ دزمانەكيدا پەيدابوو خودانێ وى زمانى تيپەك بۆ دانا چێنابيت و ل گەل وى زمانى ناگونجيت. چاخێ ئەم ل سەر هێزێ دئاخڤين چێنابيتە ئەم بلندى‌و نزميا دەنگى ژبيربكەين، چونكى هەرئێك ژڤانا وەكى دەنگەكێ سەربەخوو خوەسەر كار دكەنە سەر رامانا پەيڤێ ئان رستێ‌و مانا وان دگوهورن وەك: (كەر) و (كەر). هەر دوو ئێك پەيڤن ئەگەر هێزێ بێخينە سەر تيپا ئێكێ رامان ژێ (كەرە - گوهدرێژە - چارپێ‌يە) ئەگەر هێز نەكەڤيتە سەر ب رمانا (كەر - پرت پارچە) دهێت، ئەڤەژى چەند پەيڤكن ژوان يێت ب خورتيا زمانى ناڤەروك ژى دهێت گوهارتن:-

كەل - كەل:- ئەڤ هەردوو پەيڤە ژروخساريڤە ئێكن و ژناڤەروكێڤە ژێك جودانە، ئەگەر هێز بكەڤيتە سەر تيپا (ك) مانا (گەرم، كەل) ددەت وەكى بێژى (ئەڤ ئاڤە گەلەكا كەل بووى) ل ڤيرێ رامان ژێ گەرماتيە هەروەسا ب رامانا ناڤ تايێت دارێ دهێت وەكى بێژ (سڤورەكێ دكەلا گويزێدا) ئان (ئازاد دكلا دارێدا رونيشت). ئەگەر هێز نەكەڤيتە سەرو ب سڤكى بێتەگوتن رامان ژى (كەل - قلعة) دهێت وەك: (كەلا ئاميديێ كەلەكا كەڤنە دديروكێدا).

کلیل - کلیل :- ئەگەر هێز بکەڤیتە سەر ب ڕامانا (کلیل) دهێت، ئەو ئاڤا هشك و نویسەك وچڕا ژدفنا مرۆڤی دهێتە خار وەك (کلیلی ژدفنا ئازادی پاقژکە). ئەگەر کاف یا سڤك بیت ڕامان ژێ (کلیلە - مفتاح)، وەك: (کلیلا دەرگهی بینە دەری ل مە ڤەکە).

کەو - کەو:- کەوا برینایە، ئەگەر خورتی بکەڤیتە سەر، دەمێ ئێك بریندار دبیت بەری هەمی تشتا دێ برینا وی کەوینن دکوردەواریێ دا ب تشتەکێ دژوار وەکی: گیا ئمبەلی، تریوکێ، هەروەسا کەواندن ژبۆ مرۆڤێ کاسۆ بیت بۆ تشتەکی و گەلەبڤێت و پشتی ڤ دەست بکەڤیت و تێر ببیت دبێژنێ: (خوە کەواند ئان کەوها) ئەگەر خورتیا زمانی نەکەڤیت سەر ڕمان ژێ (کەوە) وەك: (کارکەو دژڤستانێدا ل کوردستانێ دزۆرن).

کویر - کویر:- ب ڕامانا (کویر - کەند - قور - قول) دهێت ئەگەر هێز بکەڤیتە سەر مینا (بیرا مە پێنج مەترا یاکویرە) ئەگەر ب سڤکاتی بهێتە گوتن ڕامان ژێ (کویرە) گیسکێ نێر دەمێ دبیتە دوو سالی دبێژنێ (کویر). وەك: (ئازادی کویرەکێ شاخ قولوژێ هەی).

کەلی - کەلی:- ئەگەر گران بێتەگوتن ب ڕامانا زادێ کەلی دهێت وەك: (ئەڤ گرارە باشا کەلی بۆ پیرەمێرا یاباشە) ئان وەبێژی (بربرا چادانکیە ییت کەلیت.

ئەگەرسڤك بێتەگوتن ڕامانا (کەلیك، کەلی)ددەت وەك: کەلی یا ماری، کەلی یا گیای، ئازادی گەلە کەلیکێت ئیناین.

کولك - کولك: کولکێ جهالی، کولکێ خراری. ... هتد مینا دبێژن. «کولکێت جهالی دراندن و سێڤ ژێ ئینان دەر» ئەڤەگەر هێز بکەڤیتە سەر. ئەگەر هێز نەکەڤیت سەر ڕامان ژێ (کولك، کول)ە وەك: «کولکەکا دبنێ پێ من ڕاهاتی ئەز ژبەر ناحەوهەم» بنیاتێ ڤی پەیڤی پێ ژ چاوگێ (کولبوون) هاتی لێ ژبەر بچویك کرنێ یا بویە (کولك).

چال - چال:- ئەگەر هێز بکەڤیتە سەر ڕامانا (چال - تیت) ددەت، چال ئەوە ئەگەر پنیەکا سپی ل سەرێ مرۆڤەکی ئان گەناورەکی هەبیت دبێژنێ (چال) وەك: (خەمێ بزنەکا چالاهەی گەلەکا ژێهاتیە) ئەگەر بێ هێز بیت ڕامان ژێ (چال - عومبار)ە مینا دهێتە گوتن (مە چالەکا ل پشتا گوندی تژی گەنم کری).

چار - چار:- ئەگەر هێز بکەڤیتە سەر ڕامان ژێ ژمارە (چارە) وەك: (چارکنارێت ولاتێ مە دوژمنا چاڤ لێ دزیقن) ئەگەر ب سڤکی بێتەگوتن ڕامان ژێ (چارەیە، چارکرنە) وەك: (دختورێ نەساخا چارە دکەت).

ژڤان پەیڤا دزمانێ مەدا دمشەنە، بەس بۆ نمونە مە ئەڤە بتنێ دانان پێش چاڤێت خاندەڤانا دا کومڤا ژێ بهێتە وەرگرتن و چارەسەریا ڤێ کێشێ بهێتەکرن دزمانێ مەدا ژلایێ پسپورێت زمانیڤە چونکی گەلە زەحمەتە بۆ ئێکێ ژنوی فێری زمانێ کوردی بوی ڤان پەیڤا ژێك ڤاڤێریت تێبگهیت.

ژێدەر


١ - محمد امین هەورامی - سەرەتایێك لە فیلولۆژی زمانی کوردی - بەغدا ١٩٧٤ ل٨٧ - ٨٨.

٢ - هەر ئەو ژێدەر ل ٨٩ - ٩٠

٣ - د. عبدالرحمن معروف - زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فونەتیکدا - بەغدا ١٩٧٦ ل٧١.

٤ - جگەر خوین - ئاواو دەستورا زمانێ کوردی - بەغدا - ١٩٦١ - ل٦٢.

٥ - دەرسا دکتۆر ابراهیم عزیز ڕۆژا ٨ - ١٢ - ١٩٨٣.

٦ - مەلا مەحمودێ دێرشەوی - مشتاخا چیا ژگوتنێن پێشیا - بەغدا - ١٩٨٠ل ٢

٧ - لیژنەی زمانی کوردی - گوڤاری کوری زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەغدا - ١٩٨٣ ل٣١٠.

٨ - د. عبدالرحمن معروف - زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فونەتیکدا - بەغدا - ١٩٧٦ ل١٠.

٩ - کاروان ژمارە (١٦) - ل٤٢.



# چیرۆکا کودکێ

○ شوکور مستەفا ○

**لەپیتی لاتینی‌یەوە وەری‌گێڕاوەتە ڕێنووسی سەرکوردیی عیراق و فەرهەنگولی بۆسازداوە**

زلامەك هەبوو، گاڤان بوو. مالا وی دووری گوند بوو، و مغارەکێ دە بوو. ڕۆژەکێ، پیرەکا وی ب حەملی بوو. ڕۆژەکێ، پیرەکا وی کەتە بەر پیرکا. خودێ تەعالا قوندرێك ژێرە شاند، ژ دێلا زارۆکاڤێ. ئەو قوندر، ڕاهشتنێ، دانی سەر ڕەفکێ، ڕۆژەکێ گاڤان ژ چۆلێ هات، ئەو و پیرەکا خوە ڕونشتن. نێرین گۆ قوندر شتاغلی، گۆ: «یابۆ؟!» ئەو گاڤان گەلکی ترسییا.

گۆ: «یا ڕەببی، ئەڤ چیە؟» گۆ: «لازمە تو هەڕی قیزا حاکم ژ مرە بخوازی». دە، قیزا حاکم گەلەکی ئەسپەهی‌یە. حاکم قیزا خوە نادە ب پەرە، ددە ب شەردا. کورسیك ل جەم حاکم هەیە، زیڤە ئو یەك زێرە. ئێ گۆ دهەڕە مالا حاکم قیزا وی ژ بۆنا بخوازە، ل سەر کورسییا زێر ڕوودنێ. ئێ گۆ درە ژ خوەڕە تشتەکی بخوازە، ل سەر کورسییا زیڤ ڕوودنێ: دە، گاڤا قوندر ولۆ ژ باڤێ خوەڕە گۆت، باڤێ وی گەلکی ترسییا. گۆ: «لاووا ئەز گاڤانم، حاکم وێ سەرێ من ژێ بکە!» قوندر گۆت: «ئەز ژ تەڕە بێژم، لازمە تو هەڕی قیزا حاکم ژ مرە بخوازی!».

باڤێ وی، سبەهێ ڕابوو، گاڕانا خوە هشت و چوو مالا حاکم. ب دەرەنجارە بانی کەت و چوو ژوور، لەسەر کورسییا زێر ڕوونشت، گۆ: «بلا حاکم سەرێ من ژێ بکە، ئەز ژ ڤی حالی خەلاس ببم!» حەیانی حاکم ژ خەو ڕابوو، جارکێ نێری گۆ گاڤانێ گوند ل سەر کورسییا زێرا خوەزگینی بێ ڕوونشتی‌یە، دلێ وی ب گاڤان شەوتی گۆ: «کوڕۆ گاڤان، تو شاش بوویە! چ ب تەهاتی‌یە؟ مالخرابۆ! هەگەر ژ تەڕە چەند قورووش لازمن، هەڕسەر کورسییا زێر ڕوونە، ئەزێ چەند قورووشا بدم تە، تویێ زلامەکی فەقیری». گاڤان ژ حاکمرە گۆت: «یا حاکمێ من، ئەز هاتمە قیزا تە ژ لاوێ خوەڕە بخوازم». حاکم ژ گاڤانرە

گۆت: «ئەزێ شەردەکەی سڤك ژ تەڕە بێژم». گۆ: «بێژە، حاکمێ من!» گۆ: «سبەهێ شباڤێ، لازمە چەل سوارێ، تمـام لبـاسێ وان سۆرو هەسپێ سۆرو ڕمێ وان سۆر ل هەوشـا من توبێ مەوجـوود بکی. توبێ نەینی، ئەزێ سەرێ تە ژێ بکم!». ئێ گۆ: «سەر چاڤا م، یا حاکمێ دەلال!».

گاڤـان ڕابـوو ب دلکی ب قوول، گرییـاو چوو مالا خوە. نێـری گۆ ژنـا وی ڕوونشتی‌یـە، دگـری. ئەو ژی ڕوونشت، ژ ژنـا خوەڕە گۆت، گۆ: «سبـەهێ وێ حاکم سەرێ من ژێ بکە!» ژنا وی گۆ: «یا گاڤان، حاکم چ ژ تەڕە گۆ؟» گۆ: «ژ من دخـوازە چەل سوارێ تمـام چەکێ وان سۆرو هەسـپێ وان سۆرو ڕمێ وان سۆر، سبـەهێ شبـاڤێ، گۆتی‌یـە، توبێ ل حەوشـا من مەوجـوود بکی. توبێ مەوجـوود نەکی، ئەزێ سەرێ تە ژێ بکم» گاڤـا گاڤـان وەر گۆت، دەنـگ چوو قونـدر، گۆ: «یـابـۆ!» گۆ: «چی‌یە؟» گۆ: «تاتەك هەیە، لە فلان دەرێ، تاتەك پرێ بلنـدە، تو ناس دکێ؟» گۆ: «ئـەرێ». گۆ: «لازمـە تو هەڕی بەر وێ، تاتێ، قولەك د تاتێدە هەیە، دەڤێ خوە تێخی قولا تاتێ و بانیکی، بێـژی: «ئـەحمـەد خان، برێ تە، پێ محەممەد خان سلاڤا ل تە دکە، گۆتی‌یە: «لازمە سبـەهێ بەرێ فەرچێ چەل سوارێ لبـاسێ وان سۆرو هەسپێ وان سۆرو ڕمێ وان سۆر ل حەوشا حاکم مەوجوود بن»، و ڤەگـەڕی وەرە، ئیشێ تە پێ تونـە بە». گاڤـان گرییا، گۆ: «ئەو قوندر وێ مالا من خەراب بکە!».

گاڤان چوو، بەر تاتێ سەکنی، دەنگەکی بان کر، گۆ: «ئەحمەد خان، برێ تە محەممەدخان سلاڤا ل تە دکە، گۆتی‌یـە: «لازمـە، سبـەهێ بەری فەرەچێ، چەل سوارێ لباسێ وان سۆر، ئو هەسپێ وان سۆرو ڕمێ وان سۆر ل حەوشا حاکم مەوجوود بن. حەیانی نیڤ ساعەتێ ئیشێ وان هەیـە. وێ ڤەگـەڕن». کەسی دەی نەکـر. گاڤـان ڤەگەڕی‌یا، هات. قوندر گۆ:

«تو هاتی؟» گۆ: «ئەز هاتم!» گۆ: «دە، ڕازە، خوەدێ کەریمە!».

گاڤان ڕازا، خەما ژ ترسارە، خەوا وی نایە.

حاکـم ژی، چەلاچی ل جەم هەنـە. ئەمـری سەر چەلاچی‌یـا کری‌یـە، گۆتی‌یـە: «سبـەهێ، هوونێ هەڕن سەرێ گاڤان ژێ بکن. شەردێ گۆ من ژێرە گۆتی‌یە نکارە بینـە، نە ئەوو نەك کەسکی دن!» سەرێ سبـەهێ، چەلاچی ڕابـوون، نێـرین گۆ چەل سوارێ، لباسێ وان سۆرو هەسپێ وان سۆرو ڕمێ وان سۆر ل حەوشا حاکم سەکنە. ژ حاکمرە گۆت، گۆ: «ڕابە، بنێرە بێ گاڤان چ کری‌یە. وێ ڤیزا تە ئیژا ژ تە بستینە، حاکم ڕابوو، نێری گۆ چەل سوارێ لبـاسێ وان سۆرو هەسـپێ وان سۆرو چەکێ وان سۆر ل حەوشا وی سەکینە.

گاڤـان ژی ژ ترسـارە، سبـەهێ شبـاڤێ ڕابـوو و بەرێ خوەدا مالا حاکم. جارەکێ نێری گۆ چەل سوار ل حەوشا حاکم سەکینە، گەلکی کێڤا وان هات. هاتە مالێ، قوندر گۆ: «هـە، یابۆ! سوارێ مە هاتە، نەهاتنە؟» گۆ:

«هاتنە!» گۆ: «لازمە تو هەڕی ژ حاکمرە بێژی، ڤیزا وی بینی». گاڤان هات، گۆ: «حاکمێ من، من شەردێ تە ئانی، لازمە تو ڤیزا خوە بدی لاوێ من». حاکم ڤیزا خوە سوار کرو گاڤان ب سەرێ ب سەری هەسپێ گرت، بەرێ وێدا مغارا خوە.

ڤیزك ڕوونشت، قوندر ژی ل سەر ڕەفکێ‌یە. دنیا بوو مۆغرب، گاڤـان و ژنـا خوە داکەتن ناڤ گوند، ڤیزا حاکم ب تەنێ ما ل مغارێ. جارکێ، نێری گۆ قوندرەك ژ سەر ڕەفکێ کەت و گندری، هات بەر وێ سەکنی. ڤیزا حاکم گەلکی ترسیا، گۆ: «یا ڕەبی، ئەڤ چی‌یە؟» قەدەرێ نیڤ سەعـاتێ ما، نێـری گۆ قونـدر تەقیقـا، خۆرتـەك ژی دەرکـەت، گەلـکی سپێـهی‌یـە. ڤیـزك نە ب دلـکی دلکـەتی‌یێ، ب حەفت دلا دلکـەتی‌یێ، محـەممـەد خان گۆت: «یـا ڤیـزا حاکم، تە ئەز عەجبـانـدم؟» گۆ: «ئەرێ وەڵڵاهـ، یا خۆرتێ دەلال!» گۆ: «لازمە تو قەهوەکی ژ مرە بکەلینی؛ بەلێ قەهوا تە نەفوورە. گۆ قەهوا تە ب فوورە،

ئەزو تویێ نە ما بن ڕزقێ هەڤ دوو». ڤیزکێ ڕابوو، جمجمێ ئانی، گۆ قەهوەکێ بکەلینە، قەهوە دانی سەر ئێگر. گەلکی ل محەممەدخان دنێڕە، جارکێ، هشێ وێ چوو قەهوە فووریا. نێری گۆ محەممەدخان نەخوییایەو ژ بەر وندا بوو. ڤیزك ڕوونشت و گرییا: هەیا سبەهێ ڕانەزا. حەیانی گاڤان و ژنا خوە ژ هەڤرە گۆتن، گۆ: «ڕابن، ئەمێ هەڕن مغارا خوە، بنێڕن بێ ڤیزا حاکم و ڤوندرێ مە د چ کێفێدەنە». هاتن، نێری گۆ ڤیزا حاکم ڕوونشتییەو دگری، گۆ: «چما تو دگری؟» گۆ: «ژ خوە!».

ڤیزا حاکم ڕابوو سوڵەك هەسنی ژ خوەڕە چێکرو گۆپالەکی هەسنی ب دەستێ خوە گرت، گۆ: «ل من حەرام بە، ددوو چاڤێ محەممەد خانرە، ئەز تو جارێ مێرا ل دنیایێ ناکم. ئەزێ بگەڕم حەیانی سوڵا من بقەتەو گۆپالێ من بشکێ». ڤیزا حاکم ژ مغارا گاڤان دەرکەت و مەشییا. گەلکی پەریشان بوو. سوڵا وێ قەتییاو گۆپالێ وێ شکەست. تشتەك ل دنیایێ باشر نەکر. ڕۆژەکێ، دخوە فکری، گۆ: «ئەزی ڤەگەم جەم باڤێ خوە. ژ باڤێ خوەڕە بێژم: «بەلا ژ منڕە قەسرەکێ د سەرێ حەفت ڕێیا ل چۆلێ چێکی، تویێ ئوتێلەکێ د هوندوورێ وێ دە ژ منڕە چێکی، ژ بۆنا گو چڤەیسە گۆ دەرباس بن د سەر وان حەفت ڕێیا ژ چیرۆکەکێ بێژن». باڤێ اوێ گۆ: «سەر چاڤێ من، یا ڤیزا منا دەلال».

حاکم ڕابوو، ئەمرێ سەر ئۆستا کرو بەرێ خوەدا سەرێ حەفت ڕێیا دەست پێکرن، ژ ڤیزا خوەڕە قەسرەك د سەرێ سەرێ حەفت ڕێیا دە ئاڤەکر؛ ئوتێلەك د هندوورێ قەسرێ دە چێکر غولام و خزمەتکار ل بەر دەستێ ڤیزا خوە دانین و ڤیزا وی ل سەر بانێ قەسرێ ڕوونشت. دوربین دا بەر چاڤێ خوە. ژ ئەسرو پێڤە ل سەر دنیا دنێڕە. چڤەیسە زلامێ گۆ ژ ئەسرو پێڤە دبینە، هەگە ب زۆر بە، ب خوەشی بە، وێ بینە مالا خوە. وێ ژێرە ڤەدرو مالفەتێ بکە: حەیانی دبە ئێڤار، وەختێ چیرۆکا، دبێ: «هوونێ ژ مرە چیرۆکەکە بێژن». ڕۆژەکێ ژ ڕۆژێ خوەدێ، زلامەکی کۆر هەیە. لاوەکی وی زلامێ کۆر هەیە، عەمرێ وی حەفت سالن. ب دەستێ باڤێ خوە گرتییە، ژ گوندەکی تێ، دکە هەڕە گوندەکی دن. دنیا ئەسرە، دگهێن بەر ئاڤەکێ.

تاتەك بلند جەم وێ باڤێ هەیە. ئەو زلامێ کۆر ژ لاوێ خوەڕە دبێژە: «لاوۆ، خەوا من تێ، تو مار ب من ڤەنەدن». لاوێ وی ڕوودنێ بەر سەرێ وی. ئەو ژی ڕادزێ. جارکێ لاوکێ بچووك دنێڕە چەرڤین ژ تاتێ هات، گەلکی ترسیا. گۆ: «گەلۆ، ئەڤ چییە؟».

جارەکێ نێری دەنەك ژ تاتێ دەرکەت و گندری، هات، کەتە ناڤ چەم. تژە بووو جار دن کەتێ. لاوکی چوو بەر چەم سەکنی، گۆ: «وەللەهـ، ئیجار، ئیجار، ئەڤ دەن بێ، ئەزێ لێ سوار ببم، تێکەڤم، ڤێ تاڤێ، بنەڕم ب چ تێدە هەیە!».

لاوك ژ خوەڕە دنێڕە. جارکێ نێری دەن هات، ئەوێ خوە ئاڤێتە سەر دەن، کەتە هوندورێ تاڤێ، نێری گۆ مغارەکە گەلکی خوەشە، هەمی نەقشاندییە ب کەڤرێ مەڕمەڕ. چل تەخت د هوندورێ مغارێدە دانینە. لاوکی کەتە بن تەختەکیو خوە ڤەشارت. حەیا ساعەتەکێ، جارکێ نێری، بوو پرەپرێ کەڤوکا. چەل کەڤۆك هاتنەو پەرییێ خوە ژ خوە کرن. هەر یەکێ بوو خۆرتەکی ل سەر تەختێ خوە ڕوونشت. نێری یەك ژ وان گەلکی دلێ وی ب قولە. تەمبوورەکێ وی هەیە، دانی سەر چوکا خوەو ژ خوەڕە قولێ دلێ خوە دبێژەو لە تەمبوورا خوە دخە. بوو وەختێ شڤێ. نێری پیرەك دیا وان هەیە، شڤا وان ئانی. ئا محەممەدخان ژی ئانیو ژێرە گۆت: «لاوێ من، ئیسال حەفت سالی تەیە، ڤولپتییە سالا هەشتا، ژ بۆنا خاترێ کەڤنەك ژنا تە خوە خستییە ڤی حالی، تو گەلکی دڤەهەری، ل هەر ئێڤار تو کێفا مە دشکەنینی. ژ بۆ

خوددیٚ، تویٚ شڤا خوه بخوی». گۆ: «یا دیٚ، شڤا من تیٚخـه بن تەختیٚ م، داوییٚ بیٚنـا من فرەهـ ببـه، ئەزیٚ بخوم». دیبا وی شڤا وی خسته بن تەخت و چوو.

سەریٚ سبەهیٚ، لاوك نیٚری گۆ ڕابوونه سەر خوه، هەر چەل. جار دن لباسیٚ کەڤۆکا ل خوه کرن و چوون. لاویٚ بیٚ کوڕ گەلکی دقـەهـرە، گۆ: «یارەبی»!، کەلگیٚ دەن دەرکەڤە هەڕە ئاڤیٚ، ئەز هەڕم؟ بەلیٚ نها، باڤیٚ من شیار بوویـه، ویٚ ل من خیڤـه!» بیٚ کوڕ ژی شیاربـوو، بان لاویٚ خوه دکه، دنیٚرە کەسەك ل وان دەرا تونه، دبیٚژە ڤەی لاویٚ وی کەتی‌یه ئاڤیٚ، خەنـەقی‌یـه. بیٚ کوڕ بان دکـەو دگری. حەیانی سبەهیٚ، دەن ژ تاتیٚ دەرکەت، لاوك خوه ئاڤیٚتـه سەر دەن. باڤیٚ وی ل وان دەرا دگـەڕەو دکـەڤەو ڕادبه. بان باڤیٚ خوه کر؛ گۆ:

«یابوٚ!» باڤیٚ وی گۆ: «چیه؟ لاوۆ، تو ل کو ما بووی؟» ژ باڤیٚ خوەڕە گۆت: «گوندەك هەیه، نیٚزیکه، ئەز چوو بووم ناڤ گوند، و ڤایه من ژ تەڕە گۆشت ئانی». باڤیٚ وی ژیٚرە خەبـەردان، گۆ: «ئـیٚـرو دوو ڕۆ تە ئەز ل ڤیٚ چۆلـیٚ بەردامـه، تو ژ خوەدیٚ ناترسـی، و تو چوویـه ژ خوەڕە دگەڕی!» لاوك گەلکی شەیتان بوو، باڤیٚ خوه ڤانه کرو ب دەستیٚ وی گرت و مەشیان. هاتن بەر ئاڤیٚ. خوه ل پشتا خوه کرو ب ئاڤیٚرە دەرباس کرو مەشیان.

جارکیٚ نیٚری گۆ قەسرەك د سەریٚ حەفت ڕیبا دەبە. دنیـا ژی سەرە. ڤیـزا حاکم دۆربین ل بەر چاڤیٚ وی‌یەو ل سەر ڕیٚـیـا دنـەرە. جارکیٚ، نیٚـری لاوکـەکی ب دەستیٚ باڤیٚ خوه گرتی‌یـەو دمـەشن. باڤیٚ وی ئختبـارە، عەمریٚ وی هەشتیٚ سالەو کوڕە ژی.

ڤیزا حاکم گۆ: «وەللّەهی، نها، ئەڤ زلامیٚ ئختبار زانه چیـرۆکـا بیٚـژە. ئەزیٚ وی ببینم. بەلا ئیشـەڤ ژمنـرە چیرۆکەکیٚ بیٚژە». گاڤا گۆ هاتن نیٚزیکایی ل قەسرا ڤیزا حاکم کرن، بان وان کر، گۆ: «یا لازمیٚ ئیختبار، گوند ل ڤان دەرە نیٚزیـك تونـەنـەو تو زلامـەکی ئخباری. لازمه گۆ ئیشـەڤ تو بیٚ مالا من، ژ بونـا خاتـریٚ گۆ تو ل چۆلیٚ نەمینی». گۆ: «بـالا بە، یا خاتـوونا دەلال». هاتن و ب دەرەنجا ڕە هلکشیان. جیٚ وان خوەش کر.

بوو وەختـا شیـڤیٚ. ژ وانـرە شیڤ ئانی. شیڤـا خوه خوارن و قەواك ژ زلامیٚ کوٚڕە گۆ: «ئخباریٚ دەلال، توییٚ ل دنیـاییٚ دگـەڕی، لازمـه ئیٚشەڤ توییٚ ژ مرە چیرۆکەکیٚ بیٚـژی، گەلکی بیٚنا من تەنگـه، ئەز عاجزم». گۆ: «یا خاتوونا من، وەلّەهـ، ئەزیٚ چیرۆکەکیٚ ژ خاتوونا خوەڕە بیٚـژم». باڤیٚ وی نوقـوچـەك لیٚخست گۆ: «تـو ژ کو زانی چیـرۆکـا بیٚـژی؟» ڤیـزا حاکم گۆ: «یا سوٚفییٚ دەلال، بلا ژمرە بیٚژە، تو نابیٚژی، لازمه گۆ ئەڤ بیٚژە».

ئیٚ گۆ: «یا خاتوونا من، بەلا ژ تەڕە چیرۆکەکیٚ بیٚژە!».

لاوك ژ باڤیٚ خوەڕە گۆت: «یـابوٚ!» گۆ: «چیـه؟» گۆ: «تیٚ بیرا تە، وەختا گۆ ئەم هاتن بەر ویٚ ئاڤیٚ؟» گاڤا لاوك ئولوٚ گۆت، ڤیزا حاکم گۆ: «خوەدیٚ تە بهیٚله، مینا یه گۆ تو زانی چیرۆکا بیٚژی!» گۆ: «ئەم هاتن بەر ئاڤیٚ، م دی، جارکیٚ، ئەم ل بەر ئاڤیٚ ڕوونشتبی بوون، باڤیٚ من ڕازا. م دی شرقین ژ تاتیٚ هات. گاڤـا لاوك ولـو گۆت، ڤیـزا حاکم گۆت: «لاوکیٚ بچووچك، وەرە تەنشتا من ڕوونیٚو ڕاست بیٚـژە». لاوك ئانی ل تەنشتا خوه دانی. گۆ: «یا خاتـوونـا، من، من دی، دەنـەك ژ تاتیٚ هات کەتـه ناڤ چەم، تژە ئاڤ بوو و جار دن کەتـه تاتـیٚ. ئەز بەر چەم سەکنـیـم. جارکیٚ، دەن جار دن هات، من خوه ئاڤیٚت سەر دەن: کەتـه هنـدووریٚ تاڤیٚ». ئەم کەتن تاتیٚ، م دیٚ، د هنـدوریٚ تاتیٚ دە مغـارەك هەیـەو چەل تەخت د هنـدوریٚ ویٚ دە دانینـه. وەختـا بوو ئیٚڤـار، م دی چەل کەڤـۆك هاتـن و لبسـیٚ خوه دانین، بوون چەل خۆرتیٚن مناسب. هەر کەسکی ل سەر تەختیٚ خوه ڕوونشت. یەك ژ وان ناڤیٚ وی محەممەد خان بوو، گەلکی دلیٚ وی ب قول بوو.

ئەو ژی ل سەر تەختێ خوە ڕوونشت و تەمبـوورا خوە دانی سەر چوکا خوەو ژ خوەرە ل تەمبوورێ دخەو دسترێ. دییا وان شیڤا وان ئانی. محەممەدخان شیڤا خوە نەخوارو دییـا وان گۆ: «لاوێ من، ئیسـال، حەفت سالێ تەیـە، قولپتیـیـە سالا هەشتـا، تو گەلکی دەقـەهـری، ل سەر کەفتـەی ژنـا، شیڤـا خوە بخـوە تو گەلکی دەقەهری، هەر ئیڤار تو کێفا مە ژی دشکەنینی. ژ بۆ خوەدێ، تویێ شیڤا خوە بخـوی». گۆ: «یـا دێ، شیڤـا من ئیمـە بن تەختێ ئەزێ گاڤەك دن. بخوم». شیڤ خستە بن تەخت، ئەوی نەخوار. بوو سبەهـ، من نێری هەر کەسکی ڕابوو، لبسێ خوە ل خوە کر، بوون کەڤۆك و فرییان، چوون. ئەز مام ل بەندی دەن. حەیا دەن چوو ئاڤێ، ئەز لێ سواربووم و دەکەتم. تو نێری گۆ باڤێ من ل وان دەرا دگەڕەم و من ب دەستێ وی گرت و ئەم هاتن».

ڤیزا حاکم ژ ئێ ئختبارڕە گۆت: «لازمە لاوێ تە ب فرە بیێ، وێ تاتێ پێش من بکە، ئەزێ ڤێ قەسرێو مالێ تێ دە تمام تەسلیمێ تە بکم». وێ گاڤێ، بوو سبەهـ، لاوێ ئێ کوڕ ل پێشییـا ڤیـزا حاکم کەت، بر بەر تاتێ. حەیانی حوکمێ نیڤرۆ ڕوونشتن. جارکێ نێرین شەرقین ژ تاتێ هات و دەن دەرکـەت. ڤیـزا حاکم خوە ئاڤێتـە سەر دەن و کەتـە تاتێ. لاوك ڕابـوو، بەرێ خوەدا قەسـرا باڤێ خوەو چوو.

ڤیزا حاکم کەت بن تەختێ دەرگیستیێ خوە. چاڤێ وێ ل ڕێیە. حەیا حجوکمێ ئەسیر، جارکێ نێری هەر چەل کەڤـۆك هاتـن، تەرییێ خوە داتیـن. نێـری گۆ: محـەمـمـەد خان گەلکی زەعیف بوویـە، هات و ل سەر تەختێ خوە ڕوونشت و ڕاهشتـە تەمبـوورا خوەو ژ خوەرە گۆت. نێـری دییـا وان شیڤ ئانی، دان وان. شیڤـا محەممەد خان ژی ئانی، گۆ: «لاوێ من، شیڤ بخوە، ئیسـال حەفت سالێ تەیـە ژ بۆ ناکـەڤنـەك ژنا تە خوە خستیـە ڤێ حالێ». گۆ: «یا دێ، شیڤا من تێخە بنت تەختێ من، ئەزێ داوییێ بخـوم». حەیـا دنیـا بوو نیڤێ شەڤێ، ڤیـزکێ دەستێ خوە ئاڤێتـە محـەممـەد خان. محـەمـمـەدخـان ل بن تەخت نێری، نێری گۆ دەرگیستییا خوە هاتییە.

گۆ: «تـو د کورە هاتییـە؟» گۆ: «ئیسـال حەفت سالێ منە ئەز ل دنیایێ تە دەگەڕم». گاڤا بوو سبەهـ، محەممەد خان ژ دییا خوەڕە گۆت: «ئیرۆ ئەز نەخوەشم، ئەز، ئێ ل مال بم». وێ ڕۆژێ، ل مالی ما، ئەویو دەرگـیستییـا خوە کێف و حەنەکا خوە کرن.

گۆ: «یـا ڤیزا حاکم، دییـا من قەبـوول ناکـە گۆ ئەز تە بینم، ڕابـە، ئەمێ هەڤـدوو برەڤینن». دە، دیکـەکی وان هەیـە، گۆ هەوالـەك ل مالا وان دقـەومـە، ئەو دیك بانگ ددە، دەنگ دچە دییا وان، دییا وان تێ. وێ ڕۆژێ، گاڤا دیك بانگ دا، دییا وان ژی ژ چۆلێ ڤەگەڕی مال، گۆ: «ئیرۆ هەوالـەك محـەممـەدخـان هەیـە، لۆما نەهاتییە ب مەڕە». جارکـێ «هـاتـە مال نێـری، گۆ: «لاوێ خوە محـەمـمـەد خان نە ل مالـە. ب دوو وان کەت. ئەوی ئیسمێ سێـرێ ل خوە خوەنـد، خوە کرە پەز» دییـا وی نێزیکای لێ کرو هات، گۆ: «شڤانۆ، تە تو زلامەك و ژنەك نە دنە ل ڤر ڕە چوون؟». ئەوی گۆ: «بەلێ، من دی ل ڤر ڕە چوون».

وێ گاڤێ، پیرێ ب دوو وان کەت، تشتی نەدییو جار دن ل شڤێن ڤەگەڕییا، نێری شڤان نە ل وێ دەرێیە. محـەمـمـەد خان خوە کرییـە کەراش و ژنـا خوە کرییـە کەراش و ژنا خوە ژی کرییە دۆرچی. دییا وی دوو وان کەت، ئەوێ نێری گۆ لاوێ وێیە، ناس کر، گۆ: «کوڕۆ محەممەد خان، خەلاسییاتە ژ دەستێ من تونە، وەللەهـ، گۆ ئەڤ ژنا تە ژ تە هینا نە بەدەوتر بە، ئەزێ ئیسمێ سێرە ل وە بخوینم و ئەزێ وە بکمە ئاخ، و گۆ ژنا تە ژ تە چێتر بە، هوون ژ هەڤـرە بمبـارەك بن!» دە، وێ گاڤـێ، محەممەد خان ب دەستێ ژنا خوە گرت و هەردوو هاتن.

دیا وی نێری گۆژنا محەممەد خان ژ وی هینا بەدەوتره.
گۆ: «هوون ژ هەڤره بمبارەك بن!».
ئو تویێ ژ مره بمینی خوەش.

## فەرهەنگۆك

قوندر: کوولەکە
شاند: نارد
ژ دێلا زارۆکا: پاش منداڵان، لە دوو منداڵان

شتاغلی: گورگ،
گەلك: گەلەك، زۆر
هەڕی: هەڕە، برۆ
ئەسپەهی: شایستە، لایق
شەرد: شەرت، مەرج
جەم: لا، کن، نك

زیف: زێو، زیو
سەرژێکرن: سەربرین
دەرەنج: پلیکانە، (دەرەج؟)
هەیانی: هەتاوەکو
خوەزگینی: داخوازی، خوازبێنی
شەوتی: سووتا
شاش بوون: شپرزەبوون، لێشێوان
شباق: شەبەق، ئاریك ولێڵە، تاریك و ڕوون

چەل: چل
تات: تاتەبەرد، گابەرد
پر: پرد
تول: کون
نائیکی: بانگ کەی
بان کر: بانگ کرد
چەلاچی: چهرخەچی، پاسەوان، کێشکچی

سپێهی: سبی
کەلاندن: کوڵاندن
فوور: کوڵاو
جمجێ: گوم گومەی قاوە
ئێکر: ئاگر
هش: هۆش

نەموی‌یایە: دیارنیە
چ قەیسە: هەرچی
ڕێوی: ڕێبوار
تاب: توان، تاقەت
بەدتەلەف چوون: بەتەلەف چووە، بە فیرۆ چوون

هندوور: ژووری
مالفەت: مەعریفەت
چەرقین: چرکەچرك
گندری: گلۆربۆوە
دەن: کووپە
پەری: پەڕ

چوگە: چۆك
ل من خیفە: لێم دەدا
تونە: نی‌یە
ڤانەکر: قانیع کرد
تونەنە: نی‌یە

نوقووچ: نوقورچ
لاوك: لاو، کوڕ
کەڤۆك: کۆتر
دۆرچی: پاسەوان، نۆبەگر
دەرگێستی: دەزگیران
ل ڤر: لێرە
بەدەوتر: جوانتر
کەراش: سەروپێ‌پێژ، ئیشکەمبەچی، کەلەپاچەفرۆش



# لە مەرگ بەهێزتر

د. ئەورەحمانی حاجی مارف
لە ڕوسی یەوە کردویەتی بە کوردی

من ڕووداوێکی سەرسوڕهێنم دەربارەی قاچاخچی یەك بیستووە. کەپیتالیستەکان نیگاری ئەو جۆرە ڕووداوانە، بە ڕوونی، لە گشت لایەکی تاریکیاندا دەکێشن.

ئەم چیرۆکەمان تا ڕادەیەك بەدگۆیی یە دژی قاچاخچی و هەر کەسێکی تر، کە پارەی لە ژیان خۆشتر ـ بوێ.

لە لێنینگراد یەکێکی وا دەژیا ناوی پ. یا. سیسیاییڤ بوو. تا بڵێی مرۆڤێکی ساختەچی و فێڵباز بوو. لە سەرەتای سەردەمی سیاسەتی ئابووریی نوێدا سەرتاشخانەی هەبوو. جگە لە سەرتاشین، پارەی بێگانەشی دەکڕی و دەفرۆشت و بەگشتی لە ژێرەوە گەلێ ئیشی نارەوای دەکرد. بێ گومان پارە ڕژایە خەزێنەیەوە.

هاوینی ساڵی بیست و شەش خەزێنەی پڕپڕ بوو. کەمێك لەو شوێنە توند کرا دەبوو لێی توند بکرێ. زوو ئازیزیان لە لێنینگراد دوور خستەوەو ڕەوانەی دووریان کرد. بەکورتی حەوت کەمتر یان هەشت زیاتریان دایە ـ مەگەر شەیتان لەمە تێ بگات. من هێشتا لەم کارانە باش سەر دەرناکەم. بەکورتی وەك کەڵەکچی و قاچاخچی ڕەوانەی هەرێمی چاریمسکی یان کرد.

واتە بیویستایەو نەیویستایە ناچار بوو بچێت.

خۆ دەبێ ئەوەش بڵێین، خۆیشی چاوەڕوانیی ئەو بەندکرانەی دەکرد. دڵی لە خەتەردا بوو. بەر لە هەفتەیەك دەورو بەرەکەی ئاگادار کرد، وەك بڵێی دەیزانی شتێکی لێ ڕوودەدا.

بێ گومان بۆ ئەوەی نەوەك شتێك بقەومێ، چاکەتە کۆنە چەرمەکەی هێنا، بەرگەکەی هەڵوەشاندو دەلیرەی زێڕی قەیسەرێ و یەك قاڵب زێڕی لە ناوەوە پێدا دووری. ڕەنگە لە بیرتان بێ ـ میری ساڵی بیست و چوار بۆ پێویستی تەکنیکی ئەو جۆرە قاڵبانەی دەرکرد.

ئەوە بوو ئەو بۆ ڕێکەوتی ماڵ وێرانی ئەوەی بە چاکەتەکەیەوە دووری و چاکەتەکەی هەرگیز دانەدەکەند. لە

پانتۆڵەکەشیدا پارەی کاغەزی هەمەجۆری حەشارداو کەوتە چاوەڕوانی.

بەڵام زۆر چاوەڕوانی نەکرد. ئەوەندەی نەبرد بە چاکەتەکەیەوە گرتیان. پایزێ ڕۆی بۆ ئەو شوێنەی دەبوو بۆی بچێ.

تەنیا ئەوە ئاشکرا نی‌یە، کە لەوێ چۆن دەژیا. دوور نی‌یە خراپ نەژیابێ. بەتایبەتی پارەی کاغەزی زۆر پێ بوو. هەرکە پێویستی پێی دەبوو پانتۆڵەکەی هەڵدەوەشان و کاغەزی لێ دەردەهێنا. بەڵام قسەی خۆمان بێ هیچ دەستی بۆ زێڕەکان نەبردبوو.

سالێك پتر بەو چەشنە دەژی. لە ناکاو نەخۆش دەکەوێ. تووشی سنگ یەشە دەبێ. لەوێ سەرمای دەبێ. لەسەر کار هەوای سارد لێی دەداو ئیتر نەخۆش دەکەوێ.

بێگومان، دەکەوێتە کۆکەکۆك، هەڵامەت گرتن، دەنگ نووسان، پلەی تای دەگاتە چل. گشت گیانی دێتە ژان، ئارەزووی خواردنی نامێنێ. بەگشتی کابرا هەست بە نزیك بوونەوەی کۆتایی ژیان دەکا.

بەڵام بە هۆی ئەو هەموو پارەوە کە هەیبوو حەزی نەدەکرد لەو دنیایە جیا ببێتەوە. حەزی نەدەکرد لیرەکانی بە خەڵکی تر ببرێن.

چی بکا؟ چۆن خەمی خۆی بڕەوێنێتەوە؟

شەوێ چاکەتە چەرمەکە دادەکەنێ و سەر لە نوێ بەرگەکەی هەڵدەوەشێنێ.

هەر ئەوەندە فریا کەوت پێنج شەشێکیان قووت بدات، لە ناکاو یەکێك لەو هاوڕێیانەی لە کوڵێتەکەدا لەگەڵی دەژیان بەو تاوانەی زانی.

هاوڕێکەی کە پێی زانی کەوتە هاوارو قیژەو مەودای نەدا پارەکانی تر قووت بدا.

ئەگەرچی ئەو پەلاماری هاوڕێکەی‌داو لێی پاڕایەوە، بەڵام هاوڕێکەی وتی:

- من حەفەت بۆ زێڕەکان ناخۆم. من خۆ نایانبەم بۆ خۆم. بەڵام ناتوانم ڕێگەت بدەم قووتیان بدەی. بەتایبەتی چونکە هەندێ جار سنگ یەشە چاك دەبێتەوە. ئەوسا پارەشت نابێ و گەدەشت دەگیرێ.

بە کورتی زۆری پێ نەچوو نەخۆشەکە چاك بووەوە. سنگی‌یەشی نەما. هەناسەی بەربوو. بەڵام نەگبەتی‌یەکی نوێ سەری لێ هەڵدا - سکی ژانی دەکرد، خواردنی بۆ نەدەخورا، دەمی وشك دەبوو.

خوا ڕەحمی کرد نەخۆشەکە هەموو لیرەکانی قووت نەدابوو، ئەگینا بە یەکجاری پەکی دەکەوت.

بەڵێ نەخۆشەکە دەیتوانی هەوڵ بدا بۆ عەمەلیات کردن بینێرن بۆ تۆمسك. بەڵام خۆی حەزی نەدەکرد. بەرگەی عەمەلیاتی نەدەگرت. هەروەها دیارە لەوەش ترسابوو کە لە کاتی بەنجدا ناتوانێ باش تەماشا بکاو نەشتەرکارەکان لیرەکانی دەدزن.

تەنیا دەرمانی هەمەجۆری دەخواردو ڕێی دەدا مەساجی سکی بۆ بکەن.

دەرمانی بەکاری هەمەچەشن، بێگومان زێڕەکانی لە سکی‌یەوە بۆ دەرێ ڕاونا. بەڵام کە ژماردنی کەمێ هێنا.

لێی ڕوون نەبوو لە کاتی هاوزارو قیژە قیژەکەدا چەند لیرەیەك دیار نەمان، یان لە گەدەیدا ماونەتەوە.

ئەگەر بڵێ لە گەدەیدا هیچ نەماوە، ئەوە سێ لیرەو یەك قالب ناتەواوە. کە واتە دەبێ واز لە دەرمان خواردن و مەساج کردن بێنێ.

بۆچی بە خۆڕایی گومان لە خەڵك بکەم؟ ڕەنگبێ هێشتا لە گەدەمدا بن. بەتایبەتی ئەمە بۆ تەندروستی زیانی نی‌یە. زێڕ ژەنگ ناگرێ، کەواتە با تا دنیا دنیایە هەر لەویدا بێ.

بەڵام بێگومان حەیفە پارە بنوێ. جا بەڵکو لای خەڵکی‌تر لە گەڕدابێ.

چیرۆک

# خۆشەویستی بەزۆر!

○ ڕەوف حەسەن ○

«یەکەمین نیگا»

لەنێـو دەنگـەدەنگی خەڵك و ڕادیـۆی چایخـانـەکـەدا ڕووی‌کردە هاوڕێکەی:

- نەوەڵـڵا، ناویشی نازانم.. هەر کە بینیم، یەکسـەر هەردوو ئەژنـۆم شکـاو.. ئیتر ناوی بزانم یان نەیزانم گرنگ نی‌یە.. گرنگ ئەوەیە خۆشم ئەوێت و گیرۆدەی بووم.

بەبێ ئەوەی بایەخ بەقسەکەی بدات و بێ‌ئاوڕدانەوە لێی:

- ئەوە پێی دەڵێن خۆشەویستی لە یەکەمین نیگاوە.. وەك تیروایە دڵ و جەرگ دەپێکێ.

- بەڕاستی وایـە.. من ئێستـا پێکـراوم.. ئیتـر تا ئەو ڕۆژەی ناوەکەی دەزانم وای دائەنێم ناوی «شیرین»ە، باڵا شۆخ و کەزی‌یە خاوەکانی وام پێدەڵێن.

- مانای وایە خۆت بە «فەرهاد» قوڵنگ بەدەست دەزانی؟!

- بێگومان.

- ئامان ئاگاداری خۆت بە!

- بۆ؟!

- نەك پیـرێـژنێکی فەرهـادکـوژت لێ پەیـدا بێت و، ڕەنجی ساڵەهای ساڵت بەفیرۆ بدات!!

- ئەوە تۆ بەگـاڵتـەتـە!؟ دەبـاشـە.. قەیناکە.. بەسەری برایەتیمان لێت زویر دەبم.. بۆ هەستم بریندار دەکەیت؟! خۆزگە بتدیایە.. بزانە هیچی لە خاتو «زین»ی حیکایەتە کوردی کەمان کەمترە.

- تەنیا کڵاو زەڕەکەی کەمە، وانی‌یە؟!

- ئافەرم..

- دە کەواتـە «کـاکـەمـەم» گیـان! بەزاتی‌خـوا مەگـەر فریشتـەکـانی ئاسمـان ژوانتـان بۆ ڕێـك بخـەن.. بەڵام بەس نی‌یە تۆ (زین)ی خۆتت جارێك دیوە!

- بۆ؟ بۆچی کاکە مەم خاتوزینی نەدیبوو؟

- بەخەو.

- کەواتە ئەم ئەشقەی ئێمە لەهی ئەوان ڕاستترو بەهێزترە..

- بێگومان!

لەنێو دەنگەدەنگی خەڵکی‌یەوە، دەنگی گۆرانی‌یەکەیان دەهـاتـە گوێ کە دەیـوت: «ڕووتم نەدیـوە کچـەکە گیان، ئەشقی باڵاتم»!

«تەلەفوون»

بەشەرم و ترسەوە بە «سروە»ی وت:

- ئەمشەو خەوم پێوە بینیت..



«سروە» بەوێنەی کەروێشك ڕاچەنی و دەستی کێشا بە مێزەکەیدا:

- خەوا! بەمنەوە؟! چۆن؟!

نا.. هیچی وا نەبوو.. هەر تەنیا پێکەوە ئەدواین

- دە کەواتە لەنووکەوە بۆم بگێرەوە.. دەی.

هەناسەیێکی پشووی دا..

- لە خەوما وەك ئێستا پێکەوە بووین.. تۆ وتت: «ئەوە بۆ ژن ناهێنی؟» وتم «ئاخر چییکەم کەسی وا نی یە حەزم لێ بکـات» وتت «ئـەی باشـە تۆ حەزت لە هیچ کچێـك نەکردووە؟» وتم «قابیلە!» وتت «لە کێ؟» وتم «لە کیژێکی شۆخ و شەنگ» وتت «ئەو کیژە شۆخ و شەنگە بەم حەزەی تۆ دەزانێت؟» وتم «نەوەڵلا.. نازانم» وتت «ئەی بۆ ناچیت پێی بڵێیت؟» وتم «ئاخر ناوێرم پێی بڵێم..

سروە.، ئارامی لەبەر برا.. بەتووڕەییەوە قیژاندی:

ئەم ڕاوە ڕێـوی یـەت لە چی یە؟! بۆ نازانم مەبـەستت چی یە پێم بڵێ دەی.

- ئەو کیژە کێ یە؟ خۆم دەچم پێی دەڵێم و با بیبڕێتەوە.

- تۆ تووڕەم مەبە.. ئەمە خەو بوو خەو.. ئیتر بۆ بەیانی بە ناچاری بە خوشکم وت.. ئەویش پەیمانی دامێ ئەمڕۆ تەلەفوونی بۆ بکات و بیبڕێتەوە..

- ئۆخـەی، ئەوا ئەمـەمـان زانی.. باشـە ئەی بۆ خەو بەمنەوە دەبینی و ئەم بگرەوبەردەیە ە خەوتا لەگەڵ مندا دەکەیت؟

- ئێستـا «سـروە» خان! خەو خەوی خۆمـەو چۆنم بۆی

وای‌دەبینم.. لەپڕ زرەی تەلەفوونەکە لێیدا.. دڵی ئەم کەوتە لێدانی خێراو بە ڕەنگی هەڵبزڕ کاوەوە هەستا (خۆیەتی.. خوشکمە.. ئێستا هەمووشتێ ڕوون دەبێتەوە) سروە تەلەفوونەکەی نا بەگوێیەوە:

- ڕۆژ باش... «ئارام» گیان.. خۆش بیت.. نا.. عەزیتە.. دوای دەوام خۆم تاکسی‌یەك دەگرم و دێم... دەڵێم نا.. مەیە.. با نەمان بینن.. ئافەرم..

ترش وخوێ‌کردن وانەبێ بۆچی چاکە.. ئەویان گرنگ نی‌یە.. بازنەکان بەقەد ئەو کەلەپچەیەی کردووتە دڵمەوە تۆکمە نین.. باشە.. دوایی.. دوایی.. کوڕە ئاخر عەیبە.. لە تەلەفووندا.. بای بای.

چاوی نوقاندو تەلەفوونەکەی داخستەوە.. ماوەییەك هەستی بەوە نەکرد ئەو هەناسە ساردە لە ژوورەکەیدایە.. کە چاوی هەڵێنایەوە..

- ئۆی.. ئەوە هەر وەستاویت.. ببوورە.. ئێ توخوا.. خەوەکەت گەیشتە کوێ؟! ئێ، ئێ.. خوشکت تەلەفوونی بۆ دەکات.. باشە ئەوە بۆ هەر تەلەفوونەکەی بۆنەکرد؟! ڕەنگە ئەو کچە شوخ وشەنگە بەسەزمانە هەر چاوەڕوان بێت.. باشە ئێوە بۆ بەزەیی‌یەکتان پیایا نایەتەوە!! دیارە زۆر دڵرەقن.. تۆو خوشکت دڵتان بەکەس ناسووتێ..

«سروە» کە پێ‌ی ووردبۆوە.. هەردوو چاوی لێ دەرپەڕاند

- ئەوە بۆ وا ئەبلەق بوویت.. شەرم ناکەیت گوێ لەرازو نیازی خەڵکی ئەگریت ها.. لات سەیرە کچ وکوڕێك تەلەفوون بۆ یێکتر بکەن.. ئارام بگرن.. ئێوەش پێ‌ی دەگەن.. با خوشکت تەلەفوونەکەی بکات.. ئەوە بۆ تەلەفوونەکەی نەکرد.

ئەمیش بە هەناسە ساردی‌یەوەو.. زۆر بەهێمنی وەڵامی دایەوە - سروەخان.. خۆت دەزانیت تەلەفوونمان نی‌یە.. لەوانەیە ژنی ساڵە دراوسێکەشمان ترش وخوێ کرابێ.. ببوورە.. یانی لەماڵەوە نەبێت و خوشکیشم نەوێرێ بچێ تەلەفوون بکات.. نەوەك هەر مێردەکەی لەماڵەوەبێت.

«گوڕڕانێکی بچکۆلانە»

کاتێ گەڕایەوە.. بینی ئەلقەی ژنێتی لەپەنجەدایە.. بەجارێ ئارامی لەبەر هەڵگیرا.. بەلام وا خۆی نیشان نەدا.. بە هێمنی لێ‌ی چووە پێشەوە.. بۆ پیرۆزبایی دەستی گوشی

- شەوبۆ گیان.. بەدڵی خۆش.. من تەنیا بەختیاری تۆم دەوێت.

- سوپاس کاکە کامەران..

لە پەلەپەلیدا.. قسەکانی هەردوکیان تێکەلاو دەبوو:

- دیارە بەدڵی خۆت بووە بێگومان چونکە کەس ناتوانێ زۆرت لێبکات من خۆم لەم کارانەدا سەرپشکم تازە ئەڵێی‌چی؟ ئەمەژیانە چیکەم چارەنووس وای‌هێنا من چەندساڵێکە لێت دووربووم بەر لە ڕۆشتنیشت هیچی ئەوتۆ لە نیوانماندا نەبوو چۆن!!؟ نا..نا.. زۆرشت هەبوو بەلام تۆ وەك ئێستا وا پەرۆش نەبوویت نا.. من لە غەریبایەتیشدا هەر بەتەمات بووم ئاخر من دەستم لێ شتبوویت دەڵێی‌چی.. کە دەتبینمەوە ئەم هەموو گۆڕانە ڕوویان داوە ئاخر تۆیش زۆر گۆڕراویت شەوبۆخان! تۆ زۆر نازدارو قەشەنگتر بوویت کامەران تۆیش زۆر گەرم وگوڕتر بوویت ئەم ئەلقەیەشت زیادکردووە..

کامەران هەردوو دەستی شەوبۆی لەنێوان دەستەکانی خۆیدا کردبووە کۆترێکی خرپن.. شەوبۆش بە پشیلەیلکێ دەستەمۆ دەچوو.. ئەمجا دەستی کردە یاریکردن بە ئەلقەکەی پەنجەی.. ئەلقە شل بوو.. لەوە دەچوو هی پەنجەی شەوبۆ نەبێت..

پێکەوە دەستیان بە دواندن کردەوە:

- شەوبۆ تۆ سەیری ئەم هەموو گۆڕرانە! کامەران تۆ وای دەبینی باشە ئێمە ناتوانین شتێ بگۆڕین؟ بۆ ناتوانین!؟ شتێکی بچکۆلانە ئەگەر بمانەوێ ئاسانە هەر ئەم ئەلقەیەو

هیچی دی بەڵێ.. خۆی هەموو نهێنی یەکان لەوەدایە شەوبوگیان! چەند بەئاسانی لە پەنجەت دەرهات کامەران گیان! چەند ئاسانیش دەچێتە قامکێکی دیمەوە ماڵەکەم! ئەوەتا دەڵێی هیچ نەگۆڕراوە چاوەکەم! لەراستیدا خۆی هیچ نەگۆڕرابوو..

زەردەخەنەی دڵنیاییان گۆڕی یەوە

- شەوبۆگیان پەنجەی دەستە ڕاست کەمێ گەورەترەو ئەڵقەکە پێ ی شل نی یە.. وانی یە؟!

- دڵەکەم قامکی دەستەچەپ بەهێزو دەسەڵاتدارترە.. ئەی نەتدی چ گۆیەندێکی گێڕا!! توخوا وانی یە؟.

تێبینی: لەبەر ئەوەی دەنگی ئافرەت ناسکترە، واتە تیژترە.. گوێگر دەتوانێ لەیەک کاتدا لە هەردوکیان تێبگات و، لەگەڵ دەنگی گڕی پیاودا جۆرە هارمۆنیایێک دروست دەبێت و، داشەکانیش بۆ تێکەڵاو نەبوونیا لای خوێنەر.

«تووتەلە سەگ»

بەدەم ڕێگاوە، بە تووڕەییەوە، لەبەر خۆیەوە دەیوت:

- بڕیارێکەو داومە.. تازە بە تووتەڵە سەگیشی نازانم.. ئای دەردی دامێ! توخوا ئافرەت وایە!؟ هێ ی، خۆ ئەمە لای خۆی هەڵبژاردەیە.. مەرجەو مەرجی پیاو.. ئەگەر لەمەو دوا وەک تووتەڵە سەگیش دووم بکەوێ هەر ئاوڕیشی لێ نەدەمەوە.

بەبێزاری و سەربادانەوە.. یادی ڕۆژانی ڕابردووی کردەوە.. یەکەمین نیگا.. زەردەخەنە.. سڵاوو ڕۆژباش.. نامە.. تەلەفوون.. گیانەکەم.. خوای جوانی.. کڕنووشی پەرستن.. پەیمانی کۆتایی...

- باشە ئەم چەتیوە بۆ وام پێ دەکات! خەوو خواردنی لێ حەرام کردم ئەم هەموو خۆشەویستی و سۆزو نازهەڵگرتنەو، ئەو هەموو بێ مەیلی و نەرامۆشکردنەی ئەو!

بێزاری و تووڕەییەکەی خاوتر بۆوە.. بەردەوامیش بەڕێوەیە:

- زۆر لە خۆی بایە.. جاران کەی وابوو؟! لە نهێنی یەکی سەیر دەچێت دەڵێی کۆمەڵێ نهێنی یەو بەڕێگادا دەڕوات.. کۆمەڵێ نهێنی شۆخ وشەنگ چەشنی پەلکەزێڕینە.. ئەی باشە کوا هەست؟! کوا سۆز؟!

دەڵێی ڕێگاکەی بۆ دەسنیشانکراوەو وەک هێڵی شەمەندەفەر نابێ لێ ی لابدات.. بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ڕێبواران جارجار دەنگیشی بەرز دەکردەوەو هەستی بە کەس نەدەکرد

- خۆ ئەو من بەهیچ نازانێت.. وا دەزانێ هەرنیم.. نە ئاوڕێک، نە بایەخێک.. نە ووتەیێکی خۆشی وەک جاران.. هەرهیچ.. وەک نەیێکترمان دیبێ و نەیەکترمان ناسیبێ..

دەڵێ ی هێزێک لەپێشیەوە کەمەندکێشی دەکات..

- لەوسەری هاتوومەتەوە.. سوور دەزانێت من بۆ ئەوچۆنم.. لە خۆشەویستی و سەوداسەریم بێگومانە.. دڵنیایە هەتاهەتایە دەستبەرداری نابم و بەدوایەوەم.. لە هەرجێ یەکدا ئاوڕبداتەوە دەمبینێتی.. ئاوڕنەداتەوە هەنگاوەکانم دەبیسێت.. وەک سێبەرەکەی وام.. تەنانەت لەتاریکاییشدا هەربەدوایەوەم کەچی وا دەزانێ تووتەڵە سەگێکی بەدواوەیە.

سەری هەڵبڕی.. کیژە نازدارو لەخۆباییەکە پڕ لە نهێنی یەکەی لەپێشەوەبوو.. ئەمیش وەک سێبەرەکەی.. یا وەک «شتێکی دی!!» بەدوایەوە بوو.

«ناشتن»

ئەو خۆشەویستی یەی لەسەر تەختی شکۆمەندی تاجێکی پیرۆزەی لەسەر نابوو دابەزی، بووە پلیکانە.. مارەبڕین و بەیەك گەیشتنی دوارۆژ شانی دادا بەسەر تەختەکەو، تۆیەڵێك پاساو نەریت خۆیان کردە تاجی سەری.. ئیتر «شیلان»و (بەختیار هەموو دەرفەتێکی یەکتر بینینان بەئاسانی بۆ دەرەخسا.

شیلان زۆر شادمان بوو.. هەر دەتریقایەوە..

- بەختیار گیان بۆ واماتی؟!

- نازانم!

- جاران هەموو ئاواتێکمان ژوانێکی ئاوابوو.. واش نەبوو.. بەڵکە بەترس و دڵەخورپێوە بوو.. کەچی زۆر گەشاوەو کامەران بوویت.

- ڕاست دەکەیت.

- خۆ نەخۆش نیت! بیر لەچی دەکەیتەوە؟!

- بیر لە خۆمان و خۆشەویستی یەکەمان دەکەمەوە..

«شیلان» سەری نا بەسەری یەوە.. وای هەست دەکرد وەك دوو باڵندە باڵیان گرتۆتەوە لەم باخچە بۆ ئەو باخچە.. لەم چڵ بۆ ئەوچڵ ئەفڕن

- دڵەکەم! ئەوڕۆژە نزیك بۆتەوە کە تیایدا بە بەرگی زەهرای بووکێنی یەوە دەمبینی.. ئاواتمان بەجاری دێتەدی.

«بەختیار»بیری لە بەرگی سپی بووکێنی دەکردەوە..

[ئەوە شیلانە.. بەرگە بووکێنی یەکە دەگۆڕێ.. دەگۆڕێ.. بەتەواوی لەکفن دەچێت].

دەستی گرت بە ناوچەوانی یەوەو:

- نا.. نا..

بەختیارگیان.. ئەوە چیتە.. هیچ ڕوویداوە؟

- هەر لەخۆمەوە بیر لەشتی ناخۆش دەکەمەوە..

- بەخەگیان.. بیر لەو شتە خۆشانەی داهاتوومان بکەرەوە.. بیر لە ڕۆژی گواستنەوە بکەرەوە..

بەختیار ویستی وابیربکاتەوە.. بەڵام بەجاری ڕەنگی هەڵبزرکا..

[تابووتێك بەسەر ئۆتۆمبێلێکەوەیە.. بەرەو گۆڕستان دەگوێزرێتەوە شیلان ویستی هەستی بزوێنیو بەجۆرێکی دی سەری‌کردەسەری:

- بەخەگیان.. ئەوە منم لەپەردەدا چاوەنوارتم.. ئەوەش تۆیت خۆت دەکەیتە نێوپەردە.. بەتەنیا خۆم و خۆت و ئەوپەڕی سەربەستی.. دە پێم بڵێ.. چی‌دەکەیت شەرمی ناوێ.. بڵێ.. قسەبکە.. ئێمە ئائێستا خۆشەویستی یەکتربووین.. لەمەودواش حەڵاڵی یەکترین بڵێ.. ئەو کاتە هەست بە چی دەکەیت؟

بەختیار بۆ دوور دەڕوانی..

[لەنێو تەمێکی سپیدا. خۆی شیلان پێکەوەن.. بە جووتە تەرمێکیان هەڵگرتووە.. گەشتوونەتە سەر لوتکەیێکی بەرز.. گیریان خواردووە.. هەر دەبێ بیشی نێژن.. ئەوەتا شۆڕیان کردەوە.. بۆ نێو دۆڵێکی هەزاربەهەزار.. پێکەوە دروود دەخوێنن بۆی.. پێکەوە دەستیان لێ‌بەردا.. بەرەوخوار.. بەرەو بۆشایی لەبن نەهاتووی تەمەکە. تەرمەکە دوورکەوتەوە.. هاواریان دەکرد «چیمان بەخۆمان کرد» دەنگیان دوور دەکەوتەوە.. دەگریان.. ئەو هەر دوور دەکەوتەوە.. تا لەنێو تەمەکەدا بەئاستەم دیاربوو.. ئەمان هێدی‌بوونەوە.. بەسەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان دەکرد.. بەناچاری دەستی ماڵئاوایی کردنیان لە تەرمەکە بەرز کردەوە.. تەرمەکەش ها ئێستا ها تاوێکی دی لەچاو وون دەبێت...]

«شیلان» بەکەمێ ماتەمینی یەوە لێی پرسی:

- پێت نەوتم لەوکاتەدا هەست بەچی دەکەیت..

بەختیار زەردەخەنەیێکی دڵدانەوەی بەڕووی شیلان دا پرژاندو بەهێمنی لێوی هەڵهێنایەوە:

- شیلەگیان.. هەر لەئێستاوە هەست دەکەم کە ژن ومێردین.

# فەمێلی گەش



○ ئارام کاکەی فەللاح ○

مات وبێ هێزو شرۆلە، بەهێمنی و بێ تاقەتی و تۆزێك توورە، بەسەرنجیکی وێل و لە خۆدابرانێکەوە «بەختیار» وەك هەموو نیوەڕۆیەکی بەسەرەڕۆیی و سەرگەردانی لە دوکانی مامیەوە، بەشەقامی گۆڕاندا لە دوای ئیش کردن، ئەگەڕێتەوە بەرەو ماڵەوە. خەیاڵی نەهەنگیکە داڵدەی نادات و هەڵی ئەلووشێت و شپرزەو نامۆی کردوە..

شەکەتیشی با لەو لاوە بوەستێت.. خۆ تیشکی خۆرەکەش هەردەم خۆی ئەکات بە ناو سەرو لەشی بێ هێزی ئەوداو بواری لە خۆدابڕانەکە،ی فراوانتر ئەکات. بەڵام هیچی بەو نەهەنگی خەیاڵە نایێت کە پەیتا پەیتا بە هەڵپەو هەڕەمەکی، وەك گێژەنی ئاوخۆی ئەکات بەناخ و دڵ و دەروونی‌داو لە سەرنجی نامۆی ئەخوات، ئەیفرێنێ، ئەبیات و ڕێگا دوورەکەی ماڵە دەیانی بۆ کورت ئەکاتەوە.

وائێستاکە نیوەڕۆیە، هەموو شتێ گەرم و زۆر کەسیش توورەیە، لەسەروو مزگەوتی گەورەوە ڕاوەستاوەو چاوەڕوانی پاس ئەکات. هەرخەڵکەو بەهەڵپەو شاڵاو خۆیان ئەخەنە ناو پاسەوە، وەك چەن شەپۆلێك لە دەریاکەی خۆیان یاخی بووبن، ئەمیش بەو هەموو هەست ناسکی و خەیاڵ و لە خۆدابڕانەوە، کەی تاقەتی ئەو شەڕە ـ شەقەی هەیە.. وا دیارە جارێ پەلەی نی‌یە، خۆ بیرکردنەوە کەیشی بواری هیچی نادات و سڕی کردوە.. نەبێ بەس بە تەنها هەر ئەمڕۆ وابێت، وابۆ ماوەی هەفتەیەك زیاترە، ڕامان و خەفەت و ئاخ و هەناسە قووڵەکانی زیاترو سەوزترو گەرمترو درێژترن. لەوە ئەچێ هەستی بەزۆر نالەباری تازە کردبێ، کەوەك نیمچە دڕکەکانی ژیان لە بەر پێ‌دا قووت بووبنەوە، بەڵام «بەختیار»، بەناو بەختیاری خۆمان، عاشقی بیر کردنەوە دا باریوەکەنی یەو حەزی بەو جۆرە مامەڵە کردنە نی‌یە.. کەی خۆش ئەکاتەوە بۆی؟!: چۆنە وا کەوتۆتە ناو ئەم دنیا خەیاڵاوی‌یەی خۆیەوە؟.

ئەگەر شاعیرێك بوایە، لەوانە بوو شیعرەکانی زۆری خەم و ئازار پێ بدرکانایە، یان پەلەی ئاوات و هیوای سەوزی ناو دەروونی کەف و کوڵی پێ‌بدایە... لەو هیواو ئاواتە سەوزانەی هەندێ جار، تاقە هاوڕێکەی کە ئەهاتەوە بۆ لای، بەدڵدا نەوەیەکەوە بۆی باس ئەکردو ئەویش گوێی بۆ شل ئەکردو نەفەس درێژ تر ئەبوو پێ‌ی. کە بە جێشی ئەهێشت چەند کتێبکی بەنرخی بۆچەپك ئەکردو بەختیاریش ئەیخستە ناو پەرداخی دڵ و هەوداخی دڵ و چاوو مێشکی‌یەوە خەنی ئەبوو پێ‌ی. حەزی ئەکرد دنیا بەو

شێوەیە نەبوایە، هەر ڕۆژەو سەختە ئەکرێ لە سەر یەك و ڕابی ئەکرێت. حەزی ئەکرد وەك سەردەمی منالی کاتێ، بیرو حەزو ئارەزووەکانی لە ناو خوێندن و تۆپ تۆپێندا وەك تۆپ، بەرزو نزم بوایەتەوەو جار جارەش بەسووکە خشکەیەك گوڵێکی پێ بکردایە، بەلام وەی لە زبری ڕۆژگار تۆپەکەی تەقاندو لە بەرزو نزمی خست.

کات تۆزێك درەنگ بوو، خەڵکەکەش هەر زیاد ئەکەن وفرکاڵ فرکانیانەو ئەمیش هەر خۆی نادات لە قەرەیان.. لە گۆرەپانەکە وەستاوەو بیرکردنەوەی وەك باڵندەیەکی تەنیاو بریندار، ئەخوێنێ، شیوەن ئەکات، ئەگری.. گەنجێکی تەمەن بیست سالی وەك ئەو ئەیتوانی زۆر شت بکا، زۆر هیواو ئاوات، ئەگەر بەزۆریش بێ. بهێنێتە دی، نەك وا نامۆو بێ دەسەلات، ئەڵێی پیرە مێردێکی سەر لێ شێواوەو بۆ ڕۆژانی ڕابوردوی شیوەن ئەکات.

بەلام بەختیاری ڕەش بینی گەنم ڕەنگ، بێ باوك، خاوەن تۆیەڵێ یادگاری ناخۆش و دواڕۆژێکی لێڵ و دەسکورتی و دوو برای بچووکی چاوگەش، چۆن ڕۆژگار، مشتەری وا لە دەست خۆی ئەدات و تارماییە ڕەشەکەی خۆی لە بەر چاوی ون ئەکات؟! ئیتر ئەم چۆن ڕەش بین نابێت؟!

تەنها سالێك بەس بوو، وایلێهات، هەستی بەهەموو نالەبارییەکی ڕۆژگار کرد، لە هێلەکی زەمانەدا بێژرا.. ئەگەر ئەمیش وەك هاوڕێکانی لە زانکۆ وەربگیرایە، لەوانە بوو مرۆڤێکی تری لێ دەرچوایە.. بەلام نالێم باشتر ئەبوو. نەء ئەوەیان نا، پەیمانی وا نادەم..

بەلام من ئەزانم، تەنها سالێك هەڵسووڕان و ئیشکردنی بەوهەموو ئازارو دەردو ژانانەوە، بەتۆیەڵێك ئارەزوی ڕەشەوە، بەگرمۆڵەیەك خەمی قەوزە ڕەنگەوە، زیاترو باشتر بوو بۆی، وەك لەو چوار ساڵە زانکۆ. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ هەست بە نالەباری دەورو پشت بکات.. خۆ ئەو بەبێ زانکۆش ئەو هەستەی وەکو کانی تیا هەڵقولا ئەگەر چی لە زانکۆش دا زۆر لەو هەستەلای قوتابیان خنکا.. (حەقی خۆیەتی تۆزێك گلەیییان لێ بکرێت) - بەلام نەچوونی زانکۆی وەك یادێکی تفت و تالی هەردەم تازە ئەبووەوە، وەك گەلای درەختێك هەلوەرینی بیر چوویتەوە لە ناخیا گەنج ئەبووەوەو بە سووکە پەستیو نائومێدی - یەك ئەجوولایەوە، وەك زامێکی وێل، ئەو ڕۆژگارانە، ئازاری ئەدا، لەکاتی تاقی کردنەوەی کۆتایی ساڵدا بەدیار باوکە نەخۆشەکەیەوە لە خەستەخانە ڕۆژی ئەکردەوەو ناو بە ناویش سەرنجێکی نامۆی بەکتێب و دەفتەرەکانیا ئەخشاند: مێشکێکیوا، چۆن لەگەڵ تاقی کردنەوەی بەیانیدا مامەڵەی پێ ئەکرێت.. ئیتر قسەی هەمیشە سەردەمی باوکی چۆن سری ناکات و هەست و نەستی ناگرێتە باوەش:

- بەختیار گیان! خۆزگە تۆم لە زانکۆ ئەبینی ئنجا ئەمردم.

باوکی ئێوە خۆش... زانکۆکەشی لە دەست چوو ڕۆیشت.. خەم و ئازارمانەوەو بەهەلیان زانی، بێ ئەوەی خۆی بیەوێت، خۆیان باشتر پەستایە سنگیو لەگەڵ هەناسە قوولەکانیا ڕێیان ئەکردو وەك ڕەمزێکی تفت و تاڵ و ناوەخت لە ژیانیامانەوە.

بەلام ئەوەی وەك نیوە هاوسەنگییەکی ژیان لە جێی خۆیدا بوو، بوونی دوو مرۆڤ لەژیانیا کە زۆر بەستەڵەکە بێزارییان بۆ خاو ئەکردەوەو تۆزی پەستییان لێ ڕائەمالی، ئەوانیش خۆشەویستەکەیو هاوڕێکەی بوون کە بەهەر دووکیان، دوو هێلی تەریبی بواری ئاسۆیەکی ڕوونیان بۆ سەرنجە وێلەکەی دروست کردبوو... ئەو ئاسۆ ڕوونە نەبێت بۆ مرۆڤ - با دووریش بێت - محاڵە ژیان.

کات درەنگتر بوو، ئەمیش گەرماو بیرکردنەوەو لەخۆ دابران مەودای نەداو هەناسەیەکی قوولی هەلکێشاو بەناچاری لە خەڵکەکە نزیك بووەوەو نەرم نەرم چووە لای پاسەکەوەو لەناو حەشاماتەکە دا ون بوو.

# قۆرتی نەگبەتی

غازی فاتح وەیس

پاشای شاری «تاشان» پاشایەکی گەلێ لێهاتوو و هۆشمەندو دادپەروەر بوو. لەبەر ئەمە خەڵکی ئەو شارە پاشاکەیان زۆر خۆش ئەویست و لە پاشملەو بەرەوڕوو، گەورەو بچووك، تەمەن درێژیی و سەرکەوتنییان بۆ ئەخواست و هەر ئەوەی مابوو وەکو بت بیپەرستن. ئەگەر لە خەڵکی شارەکەت بپرسیایە: بۆچی ئەم پاشایەتان هێندە خۆش ئەوێ؟ یەکسەر ئەیان وت: خۆش ویستنی پاشا لە لایەن خەڵکەوە، یا لەبەر چاکی پاشاکەیە وەیا لەبەر زۆرداریی و دڕندایەتییەتی. لە باری یەکەمدا لە پاشملەو بەرەوڕوو هەر بە چاکە ناوئەبرێ، بەڵام ڕواڵەتی دووەمدا کەم کەس لە بەرەوڕوش بە چاکە ناوی ئەبەن.. ئەگێڕنەوە بەڵام ئەم پاشایە باری یەکە

شاری «تاشان» گەلێ خنجیلانەو دڵگیر بوو، بەهەشتێك بوو بۆخۆی. پاشاش ئەوەندە دڵنیابوو لەوەی کە خەڵکەکە خۆشیان ئەوێ، جاری واهەبوو بەتەنیا دەرئەچوو و کەسی نەئەخستە تەك خۆی.

ڕۆژێکیان پاشا هەوەسی ڕاوکردنی هەڵساو شیرو کەوانی کرد بە شانـاو سواری ئەسپەکەی بوو و ڕوی کردە چیای «ئازادان». چیای «ئازادان»یش هەر بە ناوەکەیدا دیاربوو کە چیایەکی گەلێ سەخت و پڕ لە لوتکەی بەرزو شوێنی تووش و سەرسووڕهێنەر و درەخت و جۆرەها دڕندەبوو. پاشا هەتا نوێژی عەسران لەو چیایە بە دوای نێچیردا گەڕاو هەرچی یەکی دەست کەوت بەسەر لاتەرافەی ئەسپەکەیدا هەڵی واسیو شۆڕیکردەوەو بەرەو شار گەڕایەوە.

لە ڕێگا گەیشتە ڕووبارێك و ویستی لەو ڕووبارە بپەڕێتەوە، بەڵام هەرچەندی کرد ئەسپەکەی زاتی ئەوەی نەئەکرد بپەڕێتەوە، ناچار بەرەوژوور هەڵکشاو دوای تاوێك گەیشتە بوارێك سەیری کرد وا دەعبایەکی گەلێ گەورە، وەکو پرد سەری خستووەتە ئەو بەری ڕووبارەکەو کلکیشی لەم بەرە. ئەسپەکەی هەستایەسەرپاشوو هەردوو دەستی بەرزکردەوەو بە چەپۆکانەوە حیلاندیو خەریك بوو پاشا بگلێنێو بەو کەندو تاشە بەردوهەڵدێرەدا تووڕیبدا. پاشا شیری لە کێلان دەرهێناو خەریك بوو پەلاماری جانەوەرەکە بدات، کاتێ سەرنجیدا، سەیری کرد لە کێشانییە.

دەعباکە بۆڵەیەکی لێوەهات و وتی:

«ئەی پاشای خۆشەویست، گەلێ ماڵم وێران کردووە

تەختی گەلیٚ پاشای وەکو توٚم سەرەو ژێر کردوٚتەوەو گەلیٚ خیٚزانی بەختەوەرم بیٚبەخت کردووە.

ئەمە یەکەم جاریشە نهێنی دلّی خوٚم بە یەکێك بلّیم، بروٚ چارەسەرێك بوٚ خوٚت بدوٚزەرەوە، پێش ئەوەی تەختت لە بەختت جیاببێتەوە»

پاشا واقی وڕماو نەیدەزانی چی بلّیٚ، ئینجا هاتە زبان و وتی:

«توٚ چیت ئەی دەعبا؟»

دەعباکە وتی:

«ئێستا شانست لە هاتایەو ئەتوانی بە ئەسپەکەتەوە بە سەرمندا بپەڕیتەوە ئەم بەر رووبارەکە».

پاشا گەلیٚ هەولّیدا بزانیٚ ئەم دەعبایە چی‌یە دەعباکە ڕاستی هەرچەندی کردو کوٚشا لەگەلّیا خوٚی پی‌ی نەوت و بەلّێنی بە پاشا دا ئەگەر پەڕییەوە پی‌ی بلّیٚ. ناچار پاشا خوٚی‌و ئەسپەکەی بەسەر دەعباکەدا ڕوٚشتن و پەڕینەوە ئەو بەر رووبارەکە.

دەعبا بوٚ لەیەکی تری لێوە هات و وتی:

«من نەگبەتم».

ئنجا پاشا لە دلّی خوٚیدا وتی: ئەگەر ئەمە نەگبەت بیٚ، بابزانم کەی من ئەگریٚ:

- «دەباشە پێم بلّیٚ کەی نەگبەتی منیش ئەگریٚ؟»

دەعباکە وتی:

- «سیٚ ڕوٚژی‌تر ئەت گرم و ماوەیەك ئەت کەم بەدیلی خوٚم»

پاشا مات و داماو گەڕایەوە شار. دوای بیرکردنەوە بڕیاری دا خوٚی‌و ژنەکەی‌و هەردوو کوڕە بچووکەکەی شار بەجیٚ بهێلّن و هەموو بەرگی دەردێشیان لەبەرکردو، بەڕێوەبردنی کاروباری شاری بە وەزیری دەستەڕاست سپاردو هەر ئەو ڕوٚژە دەشتیان دایەلەبەرو ڕوٚیشتن ئەوەی کەس بزانیٚ بە نهێنی ڕوٚیشتنیان بزانیٚ وای. بە کاربەدەستانی خوٚی وا ڕاگەیاند کە ئەیەویٚ چەند ڕوٚژێك لە مالّ نەیەتەدەرو نابیٚ کەس هامشوٚی بکات و بێت بوٚ دیدەنی. لە ڕێگا قوٚچیان بوو بە قوٚچی کاروانێکەوەو لەگەلّ کاروانەکەدا کەوتنەڕیٚ. ئێوارە داهاتوو و لە تەنیشت کوێرە دێ‌یەکەوە بارگەیان خست بوٚ ئەوەی ئەو شەوە لەوێدا بحەوێنەوە. پاشا لە شەکەتی‌دا هەر ئێوارە، پاش شام کردن سەری نایەوەو خەوت. ژنی پاشا گەلیٚ جوان بوو؛ بالاّبەرزێکی چاو گەشی قەد باریك، پیاو حەیرانی ئەبوو و دەست بەجیٚ سەرکردەی کاروانەکە تەماحی تیٚکردو لە دلّی خوٚیدا بڕیاری فراندنی دا. نیوەشەو خوٚی گەیاندە ژنی پاشاو کێردێکی لیٚ دەرهێناو نایە ملی‌و بە هەڕەشەوە پی‌ی وت ئەگەر دەم بکاتەوە و وتەی لێوە بێت سەری ئەبڕی. سەر و هەردوو کوڕەکەی‌و مێردوکەشی ئەکوژیٚ ناچار ژنە بە گوێی کابرای کرد و بە دلّێکی پڕ لە ئەشکەنجەو بە چاوێکی پڕ لە ئەسرینەوە شوێنی کەوت و پاشاو هەردوو کوڕەکەی لە خەوێکی شیریندا بەجیٚهێشت. کاتیٚ پاشا لە خەو ڕاست بووەوە سەیری‌کرد نەکاروان دیارەو نە ژنەکەی ماوە. مات و مەلوول پەلی هەردوو کوڕەکەی گرت و دەشتیان دایەبەر. زوٚر ڕوٚیشتن و کەمیان بڕی، هەنگاویٚ لێرەو هەنگاویٚ لەویٚ هەتا گەیشتنە گوێی باریکی پان و بەرین. پاشا ویستی هەرجارەی کوڕێکیان بپەڕێنێتەوە. یەکێکیانی هەلّگرت و خستیە سەرشان و ملی لە ئاوەکە نا. لە ناوەڕاستی ئاوەکەدا کوڕەکەی تری هاواری کرد: «باوە فریام کەوە گورگ خواردمی». پاشا وەها حەپەسا کوڕەکەی سەرشانی کەوتە خوارەوەو ئاوەکە تلی‌پیٚداو بردی. لەم لاشەوە گورگ ئەم کوڕەکەی بەتای شانی‌داداو فڕاندی. پادشا فریای هیچیان نەکەوت.

پادشا بە نائومێدی لە ئاوەکە پەڕی‌یەوەو خەمناك و سەرگەردان دووبارە دەشتی دایەبەر.

لەمەزیاتر چی دی بەسەر بێت!؟ مالّ وێران و کوڕ لەدەست چوو و ژن هەلّگیراو و برسی‌و شەکەت! لە دلّی خوٚیدا ئەیووت: گوایە نەگبەتی چی دی ماوە؟ پاشا گەلیٚ ڕوٚیشت، لە ملەیەك چوو بەودیودا و ئاوەدانی‌یەکی

بەرچـاوکـەوت و بەرەو ئەوێ کشـا، تا گەیشتـە ناو شار. سەیری کرد شار چۆڵ و هۆڵەو تاك و تەرا خەڵکی تێدایەو ئەوانیش بەرەو ژوور تەکان ئەدەن. پاشا ئەوەندەی پێ کرا خۆی گەیـانـدە پـاڵ سێبـەری خانـوویـەك و بە تەنـەنشت دیوارەکەیەوەو لێ ی پاڵ کەوت، بۆ ئەوەی تۆزێك هیلاکی دەربچێت و مانـدوێتی خۆی بحەسێنیتـەوە بەڵام هیـلاکی چۆن دەرئەچێت! لە لایەکەوە ئەم هەموو کارەساتەی بەسەر هات و لە لایەکیترەوە چۆڵی ئەم شارەی لێ بوو بە مەراق.

کابـرایـەك ئەم شان و ئەوشـان بەرەو ژوور تاوی ئەداو پاشـایش بە هەلی زانی مەسـەلـەی چۆڵی ئەم شارەی لێ بپرسێت و لە پاڵەوە بانگی کابرای کرد:

- ئەرێ خاڵەگیان پێم ناڵێ ی ئەم شارە بۆچی چۆڵە؟
- ئەرێ برا ئەڵێ ی خەڵکی ئەم شارە نیت؟
- نەخێر. خۆزگە پێت ئەوتم ئەم شارە بۆچی چۆڵە؟
- برا سێ ڕۆژ لەمەوبەر پاشای ئەم شارە فەرمانی خودای بەجێ هێنا و ئەمرۆ ئەیـانـەوێ پاشـایـەکی تـر هەڵبژێرن و خەڵکی ئەم شارە، گەورەو بچووکمان ئەچینە مەیانی هەڵبژاردن.

مەیانی هەڵبژاردن وا لە ژووررووی شارەوە.

پاشا تۆزێك چووە ژێر بیرکردنەوەو دوای ئەوە لە کابرای پرسی:

- خاڵەگیان پێم ناڵێ ی چۆن پاشا هەڵئەبژێرن؟

کابرا دوور کەوتبووەوەو لە دوورەوە هاواری کرد: (باز)
- هەڵئەدەن... (باز)

پاشـا شریتی ژیـانی ڕابـووردووی وەبیرهاتەوەو ئینجا بڕیـاری دا ئەمیش بچێت و لە دوورەوە تەمـاشـا بکـات و شوێن کابـرا کەوت تاگـەیشتـە نزیـك قەرەبـاڵەغی یەکەو لە

پەرەوە وەستا. ڕوانی (بازەوان) هاتەکۆڕەوە (باز) هەڵ درا، خەڵکـەکـە بێ دەنـگ وەستـابـوون و کەس نوتقی لێوە

نەئەهات. (باز) کەوتەپەروازو هات وچوو و گەلێ ئەم سەرو ئەو سەری کـردو لە پڕێکـا و بە سەرشـانی کۆنـە پاشاوە نیشتـەوە. پاشـا بەرەو جێگـەی تاج لەسەرنان برا. دەستەی بەڕێـوەبـردنی هەڵ بژاردن سەیـریـان کرد ئەمە کابـرایەکی شرکـەی پەرپـووتـەو لێ ی ناوەشێتـەوە بێت بە پاشـاو خەڵکەکەش مقۆمقۆ کەوتە ناویان و کردیان بە هەراو وتیان نابێ ئەم کابرایە بکرێت بە پاشا. پاشا گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی و دووبارە باز هەڵ درایەوە باز هات و باز چوو نەخێر ئەم جارەش باز گەڕا گەڕا هەتا لەو عەشامەدا پاشای دۆزیەو هەر بەسەر شانی ئەمەوە نیشتەوە. دیسان بە قسەی بازیان

نەکردو جارێکی کەیش بازیان هەڵ دایەوە، ئەمجارەش هەر بەسـەرشـانی کۆنـە پاشـاوەنیشتـەوە، ئیتـر هیـچ قسەیەکیان پێ نەکراو ناچار تاجی پاشایەتیان لەسەر ناو جلی پاشایەتیان لەبەر کردو بە بەزم ورەزم گەیاندیانە کۆشکی شاهانەو بوو بە پاشـا پاشا لە دڵی خۆیـدا ئەیـووت: دیارە قۆرتی نەگبەتی تەواو بوو . بەم جۆرە ساڵ هات و ساڵ چوو و پاشاش وەکو جاران پاشایەتی خۆی کرد.

لەم لاشەوە سەرکردەی ئەو کاروانەی کە ژنەکەی پاشای فرانـد، سنـووقێکی تایبـەتی دروست کردبـووو بگەیشتایەتە هەر شوێنێیك ژنەکەی ئەخستە نێو ئەو سنووقەوە.

ڕۆژێکیان خەبەر گەیشتە پاشا کەوا کاروانێك لە قەراغ شار خستوویەتی و گەلێ شتوومەکی بە بەهاو کوتاڵی جوان و کاڵای شیرینی پێ یە. پاشایش فەرمانی دا بچن سەرکردەی کاروانـەکـەی بۆ بانگ بکـەن و چەنـد نمـوونـەیـەکیش لە شتـوومـەکـەکـانی بهێنێ و ئێـوارەش کاروانچی یەکـان بانگ بکرێن بۆ نان خواردن. سەرکردەی کاروانەکە هاتە کۆشکی پاشـاو گەلـێ حورمـەت و ڕێـزی لێ گیـراو پاشـاش هەرچی یـەکی بە دڵ لێ ی کری و نەیهێشت بڕواتـەوە تا وەکو خواردنی ئێوارە نەخورێت. بەڵام سەرکردەی کاروان گەلێ هەوڵی دا بۆ ئەوەی نەهێنێتـەوەو ویستی پاشـا ڕازی

بکات، چونکە ماڵێکی زۆری پێیەو ئەترسێ دزو جەردە تاڵانی بکەن. بەڵام پاشا فەرمانی داو دوو پاساوڵی گەلێ زیرەك و بەشان و شەوکەتیان نارد بۆ چاودێری کردنی کاروانەکەو هەموو کاروانچیەکانی تریشیان هێنا بۆ دیوەخانی پاشا.

لە کۆشکی پاشادا دەست کرا بە خواردن و خواردنەوە. دوو پاساوڵەکەش لەوێ دەستیان کرد بە باس کردنی ژیان و بەسەرهاتی خۆیان، بۆ ئەوەی کات بەرنەسەر یەکێکیان وتی:

من منداڵ بووم بە بیرم دێ ئەتووت باوکت پاشایە ڕۆژێك لەگەڵ باوکما بووم کە ئاو بردمی و ماسی گرەکان لە خنکان ڕزگاریان کردم و خوا کردومی بەم کوڕە

ئەوی دیکەش وتی:

منیش پێیان ئەوتم ئەمە کوڕی پاشایە ڕۆژێك لەگەڵ باوکی بووم گورگێك فڕاندمی بەڵام ڕاوچی یەك نەی هێشت گورگە بم خوات و لە گورگەی سەندمەوەو برینەکانی چاك کردمەوەو ئێستە ئەم کوڕەم تۆ ئەم بینی ژنەکەیش لەناو سنووقەکەوە گوێی لە قسەکانیان بوو دڵی داخورپا و کاتێ ئەمەی بیست، لە دڵی خۆیدا وتی هەبێ و نەبێ ئەمانە کوڕەکانی من بن چونکە دەنگیان لە دەنگی ئەوان ئەچوو و دەستی کرد بە لێدانی سنووقەکە ئەمانیش چوونەسەری و سنووقیان شکاندو ژنەکەیان دەرهێنا و ئەویش

بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕانەوە کە ژنە پاشا بوەو گەورەی ئەم کاروانە فڕاندویەتی و دوو کوڕی هەبووەو ئیتر لەیەك ئاشکرابوون وگەلێ شادمان بوون بە بەیەك گەیشتنە دووبارە ژنەکە سەری هەردوو کوڕەکەی خستە سەر ڕانی و هێدی هێدی دەستی بە سەریاندا ئەهێناو قسەی جوانی بۆ ئەکردن، هەردوو کوڕەکە خەویان لێ کەوت.

کاتێ سەرکردەی کاروان و کاروانچی یەکان گەڕانەوە، سەیریان کرد هەردوو پاساوڵەکە سەریان کردۆتە سەر ڕانی ژنەکەو خەویان لێ کەوتووە. سەرکردەی کاروانەکە دەستی دایە شیرو پەلاماری هەردوو کوڕەکەی دا. ژنەکە هەردوو کوڕەکەی ڕاپەڕان و دەستیان لێدایە شیرو سەرکردەی کاروانیان ڕاونا هەتا گوم بوو و لەوێوە گەڕایەوە بۆ کۆشکی پاشاو بە پاشای وت: تۆ پاساوڵت نارد چاودێری کاروانەکە بکەن یا تەماح بکەنە ژنەکەم؟

کاتێ پاشا ئەمەی بیست، یەکسەر فەرمانی لە سێدارەدانی بۆ هەردوو پاساوڵەکە دەرکرد. لەم کاتەدا هەردوو کوڕەکەو دایکەکەیان گەیشتبوونە بەردەم کۆشکی پاشاو و هاواریان کرد:.

«خۆی تاوانبارە.. خۆی تاوانبارە» کاتێ پاشا ئەمەی بیست، وتی: ئادەی بانگیان کەن بزانم چۆن ئەم تاوانبارەو ئەوان بێ تاوان.

ئەمانیش هەموو شتێکیان بۆ پاشا گێڕایەوە. ئینجا سێدارەیان بۆ سەرکردەی کاروانەکە ئامادەکرد. بەم جۆرە نەگبەتی پادشاێ بەریدان و جارێکی ژیانێکی کامەرانی تازەیان دەست پێ کردەوە.

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

## تێبینی

ئەم حیکایەتە باوکم بۆی گێڕامەوەو ئەویش پەنجا ساڵێك لەمەوبەر کابرایەکی ڕیش سپی بۆی گێڕابووەوە.

دوای تۆمار کردنی لەسەر کاسێت وەرم گێڕایەسەر شێوەی ئەدەبی، ئەگەر چی هێشتا سیمای شێوەی گەرمیانی پێوە دیارە.

«حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٣»

(چیروٚکێکی فوٚلکلوٚرییە بەشێوەی گەرمەسێر)

# خانە گومانی

عبدالمحسن بنیویس علی

هەبوی نەبوی کەس لە خودا گەورەتر نەبوی، کابرایٚ دەولـەمـەنیٚ بوی ماڵ و سامـانیٚ فرەی فراوانیٚ دایشت، ژنێکی شوخ و جوان دایشـت، ئەوقـەرە جوان بوی وە رادەیەگە شێت وشەیدای بوی وحەز نەکرد لە خوەی زیاتر کەس تەمـاشـای بکـەیٚ. ئاخـریٚ جووریٚ وەپیٚ‌هـات دەس کردە خانـەگـومـانی کردن. هەر کەسی وە وەردەم کوشکەگەیا ڕەد بویاتاو تەماشای کوشکەگە بکردا لە خوەیا تەماشای ژنەگەیٚ کەیٚ. قیٚخە لە ژن کرد لە ماڵ بچوودەو دەر، نەگە هەر ئەوەیش بەڵـکـو نەیشتـەیٚ سەر لە قاپی بکیشێـدەو دەر. ژنیش ڕەفتار شویـەگـەیٚ نارحـەتیٚ کـرد، چیشت خراویٚگە لە دەسی نەکەفتگە تا وەیٚ شێوەی ڕەفتار ئەولیٚا بکەیٚ. فرە خەمگین بوی. شویش لە خوەیا ژنەگەیٚ دڵیٚ پیٚـەو نییـە. بەتـرتـر گومـان ناوزگی خواردو سەر لیٚ شێـویـا ونـەزانست چەبکـەیٚ. ئاخریٚ قەرار دا ژنەگەی لە شار دەربکەیٚ. چیٚ لە بیاوانیٚ دویر کوشکیٚ درس کرد، هویچ ڕیٚگە لە سەری نەبوی. لە چەن کەنیزیٚگە بترازیٚ خوەیو ژنـەیٚ وەتـەنیـا نیشتنـە ناو ئەو کوشکـەو کەس وە دیاریانەو نەبویو چەویان وەکەس نەکەفت. پیاوەگە توزیٚ ئارام هاتەو دڵیٚ. ڕوٚژیٚ قەرار دا بچوو ئەڕای نیٚچیرەوانی.

چەك و سلاّی خوّی ئەڵگـرت و ڕوی‌کـردە ئەو بیـاوانـی چووڵە. قەیرێ لەو ناوە گل خوارد نێچیرڕێ دەسی نەکەفت ئاخـرێ لە دویـرەوە تاقـە دارێ دی، تاودا وەرەوپـیێ. کانی‌ئاوێگە لەلای دارەگـەی بوی دەس و دەم هونگە کرد وئمجا چیەو گژ دار ئەڕایەگە تەماشای ئەو ناوە بکەێ شاهەد چیشتێ بدوینێ. لەبان دارەوە چەوی کەفتە بووره زەلامێ، وەرەو دارەگـە هات. وەختـیێ بووره زەلام هاتـە وەرەو، دەوریشێگە بوی‌و خورجینگە وەبان شانێەو بوی. خورجین فڕدا ونف نا لە ئاوەگە ودویاخر دەس ودەم هونگ کردەو. هچـانێـك ئەرای خوارد وئمجـا دەس کردە ناو خورجینەو قوتیێگە دراورد. لە ناو قوتیـەگـە کوچگێگە دەرکرد، قەیرێ وەمـل کوچگـا خوەنس، لە قودەرت خودا کوچـگـە بویـە ئافـرەتـیێ. ئافـرەتی چە؟ ئەوقـەرە شوخ و نازدار بوی، نەبخـوەی، نەبـدڕی هەر تەمـاشـایێبکەی. دەوریش و ژن دەس کردنـە دەسبـازی‌و شوقی وتێر لە یەکتـری خواردن. دەوریش شەکـەت بوی‌و سەر ناوەبـان ڕانی ژن و خەوی بردەو. ژن وەخـتـیێ زانـست دەوریش خەوی بردیـەسـەو ویـەواشـیێ سەر دەوریش لە بان ڕان خوەی لاوردو دەس کردە تووگیسـەو ماشـەیەگە دەرکـرد، قەیـری وەمـل ماشـەگـەدا خوەنس و لە بویـرق حەقدا ماشە بوی وەکوڕێ جوان و گەنـج. هەر دووگیـان وە دیـدەنی یەکتری شادەو بوین و دەس کردنە مل یەکتری‌و ماوەێ وە خوش گوزرانی رابردن تاشەکەت بوین و ئاخرێ ژن وەت:

ـ گیـانـەگـم وەختێ ئەڵسان خەر دەوریشە «دەس وەرەو دەوریش درێژکرد» دەی بابکەمەدە ماشەگە.

ـ توزێتر صەبر بکە؟

ـ نەخێـر وەخت نەمـا «ژن یە وەت وپفێ لە کوڕ کردو کوڕ بوی وەماشـاگـە ودایـەی لە توو گیسی خوەی‌و سەری دەوریش ئەڵگرت ونایەی بان ڕانێ».

چیشتێ نەکیشا دەوریش لە خەو ئەڵساو کوت وپڕ پف لە ژن کردو بوی وە کوچگەگەو خسەی شوونەگەی خوەی لە ناو قوتیەگە، قوتی لە توو خورجین قایم کرد. خەریك بوی خورجین ئەڵگرێ وبچووده ڕێ‌ی‌وە لە ناکاو:

ـ هوّ کابـرا بووس؟ لە شوون خوەد جویـلە نەکـەی. «کـوڕە دەوڵـەمـەنـەگە ئەیە وەت و لە گژ دارەگە هاتەو خوار وشـمـشێـر لە قلاف ئەڵکیشـاو تك شمشێـر نا لە بن مل دەوریش» وەت:

ـ دەی بکەفەو نوام

ـ قوربـان چە لیـم توای، من بابـایێ فەقیـرم مەردم خێرکەێ وەپیم. چ خراوی‌یێگە لە دەسم کەفتی‌یە؟

ـ هویچ مەویش و بکەفەو نوام.

دەوریش چارێ ناچار بوی، خورجەگەی ناوبان شان و بێ دەنگ کەفتەو نوای. کوڕە دەوڵەمەنەگە، دەوریش ورەو ماڵ دا لەوەر. وختێ ڕەسینە ماڵ خوڕی لە کەنیزەگان و وەت:

ـ سێ میـوان ها ئەولـمـاو خومـیش، نان چوار کەس ئەرامان بارن.

دەوریش وەختێ «سێ میـوان» شنـەفت دڵێ خورپـیاو ناوزگی چیەو خوار، بوو سرێ فاش بوی‌یە؟ ترس و لەرزە نیشتەگیانێ وزوانێ لاڵ بوی. ئاخرێ هەر جوورێ بوی پانا لە جرەت و هاتەو زوان و وەت:

ـ قوربان خوو من تەنیام. سێ میواند ها لە کوو؟

ـ ئای چەنێ فەقیـری! تا بزانم قەپ گری؟ «پـەنجـە وەرەو دەمێ دراکرد» دەی کەم و زیاێ مەویش وقوتیەگە درار.

ـ قوربان قوتی‌ی چە؟

ـ وەتمـە پیـد دریـژیـەو مەکە. قوتیەگەد درار وژنە حازر بکە. دەی خەریکمان مەکە.

دەوریش چارێ ناچار بوی، سرێ فاش بوی‌یەو پێچ و پانـەیرێ. قوتی دراوردو کوچگـەگـە لە ناو قوتیـەگە دەرکرد وقەیرێ وەملیا خوەنس وبویە ژنەگە. ژن وەختێ خوەی لە ناو ئەو کوشکـە لە ناو ڕاسـت ئەو مجلـسـە دی، سەرێ سوڕمەن. کوڕە دەوڵەمەنەگە خوڕی لە ژنەگە، وەت:

ـ دەی ماشەگەد درار وکوڕە حازر بکە؟

ژن زیاتر سەریٚ سوڕمەن و زوانیٚ بەسیا. یەکی‌یە وەی جوورە لیٚ خوری! چەتوایٚ! چوین وە ماشەگەزانیٚ!

ژن تەماشایٚ دەوریش کرد، نەخیٚر دەوریش واقیٚ پەری‌یە!

ئاخریٚ ژن ناچار بوی ماشەگە لە توو گیسی دەربکەیٚ وقەیریٚ خوەنسە ملیاو بویە کوڕە.

دەی بنیشن «دەولەمەن وەت» ئیٚرنگە هەر کەسیٚ باسی خوەی ئەڕام بکەیٚ؟ فەرموو دەوریش تن ئەوەڵ جار قسەبکە؟

ـ قوربان چە ئەڕاد بویشم، هویچە لید نیەشارمەو. ئەیٚ ژنمـە، خاس دوینیدەی چەنیٚ شوخ و شیـرینـە! هەر لە ئەوەڵ ڕووژەو خوازیمـەی ئاگری خانـەگومانی کەفتە دڵم، حەز نەکردم لە خوەم زیـاتـر کەس تەمـاشـایٚ بکەیٚ. هەر کەسی باڵ چەو پیٚـا ئەڵبگـرتـا من لەلایٚ خوەمەو دارزیـام. نەزانستم چە بکـەم؟ چوین لەزنـاگـرە خوەم بپـاریٚزم؟ تا ئاخـریٚ هوکـارەیٚ جادوبـازی بویم وژنـەگـەم کردم وە کوچگیٚـگە تا هەمیشـە ئەول خوەمـا ئەڵگـرمـەیٚ ولیم دویرەونەکەفیٚ و دڵنیا بووم.

دەولەمەن وەختیٚ دەوریش قسەگەی تەمام کرد ڕوی دەم کردە ژنەگەو وەت:

ـ دەی گەیٚ تنە؟ باسی خوەد ئەڕامان بکە؟

ژن شەرمـەزار بوی وسـەرکـردەو خوار، وەو پەریٚ پەشیمانیەوەو لەسەر خوەی هاتەو جواوو وەت:

ـ قوربان، شویەگەم دایمەودەرهەم خانەگومانیە لیٚم کرد بیٚ ئەوەگە چیشـتـیٚ خراو لیـم بوینـیٚ. فرە ئەزاوم دا ویەکجاری تەنگە لیم ئەلچنی، منیش فرە لە ژیان خوەم بیٚزار بویم تا ئاخـریٚ دی خوسـەمـە لیٚ‌هـات و لە قینا پام سربـرد ونـاپـاکی کردم. وەختیٚ زانستم خەریك جادوکردنە بیٚ‌ئەوەگە خوەی بزانیٚ کوولە لیٚ گرتم تامنیش جادوبازی هوکـارەبـویم و قەولٚ و شەرت ئەول مایـوەگـەمـا کردم تا بکەمەی وەماشە وهەمیشە ئەولما بوو.

دەولەمەن هەر یە شنەفت لە دەریای خەیالٚ نوقم بوی.

خاسە ئەگەر ژن هات و فرە پاملەی بکەی ناپاکی کەیٚ؟ ئەر چوینـەبـوو ئاخـریٚ ژنـەی خوەیش ناپـاکی کەی؟ ژن ئەگەر بتوایٚ ناپاکی بکەیٚ، کی، توانیٚ نوایٚ بگریٚ؟ بەڵیٚ ئەگەر ژن بتوایٚ ناپاکی بکەیٚ کەس نیەتوانیٚ نوایٚ بگریٚ. وەشیر کەفتی‌یە.

وەختیٚ برامـان وەیٚ ئەنجامـە ڕەسی، دڵنیابوی ولـە ڕەفتاریشیٚ ئەول ژنەگەی خوەیدا پەشیمانەوە بوی.

ـ کابرا تو کەچی «دەولەمەن وە دەوریش وەت» منیش تا وەئیٚمـرو جوور تو کەچ بویم. ئیٚـرنگـە تو من خسیـدە سەر ڕیٚ. من ئیٚرنگە دڵنیام و قەت لە ئیٚمروەو خانەگومانی کارە لیم نیەکەیٚ. بەڵیٚ وەشیر کەفتی‌یە، ئەر ژن بتوایٚ ناپاکی بکـەیٚ کەس نوای نیـەگـریٚ. ئەوە ژنـەدە هەر چگە جادوبـازی کردیـد توانست ناپـاکی بکـەیٚ. تاوانیٚ کەس نی‌یـە، خوەد تاوانباری لە کەس مەگـر. دەی نانـەگـەدان بخـوەن و هەرکـە بچـوودە پایٚ کار خوەی، خودا ئەولـدانـا دەولەمەن لە خوەشیا چەوی ڕوی زەوی نەگرت، میوانەیل وەجـی هیشت وچی مازرەت لە ژنـەیٚ بخـوازیٚ. ژنیش وەوپەریٚ خوەشیەوە وەت: ـ

ـ گیانەگەم منیش گوشم لە قسەدان بوی گیشتی ژنەفتم خاسە خوەد وەی ئەنجامە ڕەسید.

هەر دووگیـان باڵ کردنـە ناو باڵ یەکتـری‌و چینەوە ئەڕا شارەگەی خوەیان وشادو شوکرەوە بوین و هویچ وە ئیٚمە نەیان.

چەپیٚ گول و چەپیٚ چرو    هەچی وەتم گشتی درو
چەپیٚ گولٚ و چەپیٚ نەرگس    ئیٚمەو ئیٚوە لەناو مجلس

ـ تەواو ـ

تیٚ‌بینی: ـ

١ ـ ئەم دەنگـە «وی» لەم دیـالیٚکتـە زورە، وەکـو سەنگی «ت» تورکی‌یە یان دەنگی «ue» فەرەنسی.

٢ ـ مەبەست لە شیٚوەی «گەرمەسیٚر» شیٚوەی کەڵهورە.

٣ ـ وشە گرانەکان: ـ

ـ ئـ ـ

ئەوقەرە = ئەوەندە

ئەولیا = لەگەڵیا

ئەولما = لەگەڵما

ئەولدا = لەگەڵتا

ئەڕا = بۆ

ئەڕایەگ = بۆیە

ئەڵسا = هەڵسا

ئێرنگە = ئێستا

ئەزاو = ئەشکەنجە

بویرق = غەیب

بخوازێ = داوابکا

نەترتر = زۆرتر

بوی = بوو

بوین = بوون

بووس = ڕاوەستە

بێ‌ئەوەگ = بێ‌ئەوەی

بتوای = بیەوێ

ـ پ ـ

پفێ = فووێك

ـ ت ـ

تك = نووك

ـ ج ـ

جوور = وەکو، شیوە

ـ چ ـ

چیشت = شت

چە لیم توای = چیت دەوێ

ـ خ ـ

خراو = خراپ

خوەشێ نەهات = حەزی نەدەکرد

خوەنس = خوێند

خاسە = چاکە

خوازیمەی = مارەم کرد

ـ ب ـ

بردیەسەو = بردوەتەوە

پام سربرد = پێم خلیسکا

خوسە = ڕق، کینە

ـ د ـ

دویر = دوور

دەوریش = دەرویش

دوینیدەی = دەبینی

گیس = پرچ

گرێ = دەگرێ

گوشم = گوێم

ـ م ـ

مایو = دوست، عەشیق

ـ ز ـ

زوور = زۆر، هێز

- ش -

مجلس = کوڕ

شویەگەی = شووەکەی، مێردەکەی

مازرەت = (معذرە) لێبوردن

شوقی = گەمە، یاری

ناوزگی خوارد = ناوسکی دەسوتاند

شنەفت = بیست، گوێی لێبوو

- ف -

نوام = پێشم

فرەی فراوانی = زۆر زۆر

- ق -

نوای = پێشی

قەێخە = قەدەغە

نیەکەێ = ناکا

قوتی = قوتوو

نەزانستم = نەمزانی

قلاف = غلاف

وەردەم = بەپێش

قەیرێ، قەدرێ، هێندێ

- ك -

وەختێ ڕەسینە = کاتێ گەیشتنە

کوچگە = بەرد

وەرەو = بەرەو

کوولە لێگرتم = بەدزیەوە چاودێریم کرد

واقیپەری = واقیوڕماوە

کەچی = باغیشی

- هـ -

کەفتی‌یە = کەوتووە

هچان = وچان

گل خوارد = سوری خوارد

هویچ مەویش = هیچ مەڵێ

هونگە = فێنك

شیعر

# کسپەی حوزێن



ـ عوسمان هەورامی ـ

خۆی نوان، وتی نامناسیتەوە!
وتم بینایم کزبووە، نابینێ
وتی وا لە یار ئەپرسیتەوە!
وتم کسپەیەك دڵ ئەبزوێنێ،
وتی زۆر وڕی!، پێکراوی، دیارە
وتم شارەزای، بەڵێ ناسازم
هۆی ئەمەش هەمووی ئازاری یارە
نابینی چەندە زەردو لاوازم!،
وتی کە واتە گەیشتمە سنوورێ
دڵی دڵدارم هەلا هەلا کەم!
دڵداریش ئەبێ بە دڵ بیبوورێ
ئەمەیە لوتکەی دواکاری چاکەم؛
وتم نابێ خۆت یەکەم دڵدار بی
ناخی ناسکی ئەوینمت بڕی،
وتی هەر ئەبێ نوقمی ئازار بی
تا دوا هەناسەت جەرگت هەڵ دڕی!،
وتم ئەی مەرج و پەیمان و بڕیار
لە لای دڵداران باوێکی نی یە!!
وتی تۆ لەکوێی، نابینای خەمبار!
وتم تاکو کەی وا ساردو سڕی!
وتی بۆچی تۆ بە ئاواتی چی!
دیارە بێ هۆش و زۆر کاس و وڕی
وتم چۆن!. . . خۆ من شەو تا بەیانی
هەر گێنگڵمە، بۆ تۆ بەکوڵم!
وتی ئەی داماو، هێشتا نازانی
جەرگە و هەناوت ورد هەڵ ئەکوڵم!،
وتم کە وابوو هەر هیچ نابیسی
بۆیە سۆز لای تۆ بێ شوێن و ناوە!
وتی بۆچی وا بێ جێ ئەڕێسی!
ئەو خولەی تۆ دیت ناوی نەماوە!،
وتم دیدەکەم تەنیا هەر تۆ وای
لەئاستی دڵما وا بێ دەربەستی!
وتی دیارە دڵدارو شەیدای
وا نوقمی گێژی ناو خۆشەویستی!؛



وتم به زمانی دەروون بمدوێنە!
وتی هەژاری داناو، بێ وێنە!
وتم سەد خۆزگە دڵی نازداران
بێ فرو فێڵ و بێ ساختە بوایە!
وتی ئەتەوێ هیوای ڕۆژگاران
بە ئاواتی دڵ، زوو بێتە کایە!؛
وتم لەبەرچی وا خۆت گێل ئەکەی!
چۆن لە دڵت دێ دڵ پێشێل ئەکەی!
وتی تۆ هێشتا لەمن نەگەیشتووی
کەمێ تێش بگەی دڵت ناڵە
هەرکاتێ کە دیت بۆ نەمری ڕۆشتووی
ئەوسا گلەیی گەرمت بەتاڵە!؛
وتم تێناگەم، بۆم ڕوون کەرەوە،
سەراپا بوونت پێچ و پەنایە!
وتی ها!... نەم وت!.. وەرە بەرەوە
ئەبێ هەر وێڵ بی هەتا هەتایە!،
وتم وای لێهات! وا دڵ ئەمرێنم
پەیمان لەگەڵ تۆ لەت وپەت ئەکەم
دڵ و دڵداریم وا ئەسووتێنم
چی ئەبێ ببێ، جار بە جەهەننەم!،
بە قاقای بڵند دیسان پێی وتم
کاری خۆمم کرد، تۆش کەیفی خۆتە!
وتم ئاخ!... ناخی دەروونت گرتم!
وتی سا بۆیە گەرم ڕۆ ڕۆتە!،
وتم هەرچەندە ئەکەم تێ ناگەم!
وتی پێشەوای گشت شەیدایان بە!
وتم دەی قوڕی کوێ بە سەراکەم!
پێکەنی، وتی بەس بەستەزمان بە!؛
وتم لەنگەری وتەم تێك چووە
هەرچەند ئەکۆشم ڕازم دەرنایە
وتی بەم ڕەنگە ڕێت لێون بووە!
هێشتا نازانی ڕێی دڵ چی تیایە!،
وتم نابینی هۆنراوەم لەنگە!
وتی لەلای من پێچەوانەیە
گوڵزارێکی زۆر شەنگ و قەشەنگە
هاوڕازی گیانمە، زۆر بێ وێنەیە!؛
وتم خەریکی گاڵتەو قەشمەری!
چاك بوومە گاڵتە بازاڕی کەیفت!
وتی زوو خونچەی تەمەنت وەری
پەرۆش داناوی، سەد هەزار حەیفت!؛
وتم ئەها دیت!... وەك وتم وایە!
وتی باوەڕت بۆ بە خۆت نی یە!

ئەم جەستەیەی تۆ نەمری لەدوایە
ئاواتی گیانیش تەنیا نەمری‌یە!؛
وتم سەرەنجام چۆن لە تۆ بگەم!
وتی بوەستە با خۆم پێت بڵێم
هەر دەمەی لەسەر هەزاران ڕێگەم
وتەی ڕاستیمە، وەری‌بگرە لێم
ڕاستە ڕێی ڕاستی نەما، بەسەر چوو
ئێستا دڵ بە زێڕ، پارە ئەفرۆشن
مەگەر لە هەزار یەکێ، یاخۆ دوو
بەم یاساو خولە بەدڵ نەخۆشن!؛
وتم بەم چەشنە ژیان گۆڕاوە
وتی مرۆڤی چەن لەمەوبەری!
چەرخت بەسەرچوو، جەستەت پواوە
باری سەر دڵت هەر دەردەسەری!،
وتم دەسا با گەرم کەم شیوەن
چونکە بەڕاستی ئەمەك نەماوە
نازداران هەر دەم بەهەزار شێوەن
لەم بێ باری‌یە سەرم سڕماوە!؛
وتی بۆچی خۆت وڕوکاس ئەکەی!
وتم بۆچی خۆ لەڕاستی ئەدوێم!
وتی خۆ ڕاستەو، گەلێ ڕاس ئەکەی،
باشە، نازانی هێشتاکو من کێم!؛
وتم چووزانم!... خوا بتگرێ
وتی وا مەڵێ، چۆن لەدڵت دێ!
بژێوی دڵتم، کە هەرگیز نەمرێ
لە ئاسۆی ژینما ڕۆژێکە، هەڵ دێ!،
وتم کام لیتە بکەم بە سەرما!
وتی هی سەری دەستەی بێ باران!
وتم چی ئەڵێی!! خۆ واقم وڕما!!
بێ بارەکانیش کەوتنە قوڕپێوان!،
وتی چۆنە وا بە دەرد نازانی!
دیارە شپرزەو بێ ئاگاو نووستووی!
پێکراوی دەردن، هی پەشیمانی
بەس نەبوو دەستەی بێ‌باران نەبووی!؛
وتی با بڕۆم بەرەو وێرانی
وتم بۆ شادی بڕۆ، خوات لەگەڵ
وتی کزەت بێ، ئەی دڵ بریانی!
هەڵ قرچێ لەسەر ئاگرو سکەڵ!،
وتم بەندەتم، تکایە مەڕۆ!
وتی تازە چۆن چاوم هەڵێنم!
یەخ و ئاگرە میانەی من و تۆ
با بڕۆم تینی دڵ بتاسێنم!؛
کە لە چاو ون بوو دڵ بەکوڵ گریا
لە ڕادە بەدەر قوڕیشم پێوا،
بێ‌ڕازو هاودەنگ، بێ‌لان و تەنیا
کونجی هێمنی‌و ئارامم شێوا..!
فریشتەی بەختم سەری نایەوە
لە تۆی سینەما هەر یاد مایەوە،
وا لەگەڵ یادا ژین بەسەر ئەبەم
ئەڕۆم ناشزانم کە بەکوێ ئەگەم!!
«١٩٦٥/١٢/٩»



# ئەی مەی گێڕی لاو

لە شیعری
پیرباڵ محمود

ئەی مەیگێڕی لاو، هاودەمی جاران
ئەی چرای گەشی شەوی شەوگاران
بێ، دابنشین لای جوانکاران
گوێ‌دەینە زەنەی مەلی هەواران
ئەمڕۆکە ڕۆژی بەزم و سەیرانە،
لە هەرلایە وەلاوك و حەیرانە!
بێ، با ڕابوێرین لە پاڵ چناران
لە ئەنجومەنی دیدە خوماران
ئەتۆ مەی منیش نەوای هوزاران
لە گوڵشەندا؛ لە کەیفگەی یاران
ئەمڕوکە ڕۆژی بەزم و سەیرانە،
لە هەرلایەوە لاوك و حەیرانە!
بێ، باراکشێین لە مێر خوزاران
پاڵ کەوین لەسەر گیای بناران
پاکوڕی سازکەین وەك هەستیاران
لە ئاست بانێژەی بووکی بەهاران
ئەمڕۆکە ڕۆژی بەزم و سەیرانە،
لە هەرلایەوە لاوك و حەیرانە،
بێ، ئێرە، لادە لە شاری ماران
لەکین و گەفی درندەو هاران
لە دزوجەردەی ڕێی ڕێبواران
لەوانەی بونە زامی هەزاران
ئەمڕۆکە ڕۆژی بەزم و سەیرانە،
لە هەرلایەوە لاوك و حەیرانە!
چی هەیە لەنێو کۆشك و تەلاران؟
بێ‌گوێ بدەینە کەوی کوساران
لەوێ ئەخوێنێ وەکو شاکاران
لەنێو بەهەشتی پۆلی نیگاران
ئەمڕۆکە ڕۆژی بەزم و سەیرانە،
لە هەرلایەوە لاوك و حەیرانە!
سبەی پایزدێ وەك ستەمکاران
هەڵمەت ئەباتە سەر لالە زاران
نە دار ئەمێنێ نە گەڵای داران
نە بناری خۆش، نە بای بناران
دە هەڵسە تاکو بەزم و سەیرانە،
گوێ گرە تەیران، جەژنی تەیرانە!

---



# باخچەی منالان

لەلەی وردیلەی باخچەی منالان
کە وەك شانەو هەنگ لەیەك ئەئالان
لەو سەوزە لێژەوا بوتە میوان
دامێن سێبەری لقیّ ئەرخەوان
بێ گەرد بێ تاوان بە سەیوانەوە
چەشنی بەر خوّلە بەدەسی شوانەوە
دوای بیست و پێنج ساڵ وا خوّی نەماوە
لە بری سەرمایە چی بە جیّ ماوە
پوّلە ساویلکەی هێشوە بەرسیلە
پوّلی بیلبیلەی گەل بێ گەردیلە
پوّلی دەس ڕەنگین پڵنگ شالاوی
وەك نانی تەنور گەرمی‌و هالاوی
بەزمانیّ ئەدوا ڕوونتر لە فەرهەنگ
سوّزی دایکەلێ‌و شیرین بەری هەنگ
ڕووخوّش و هوگر خوّ بەزل نەزان
گڕوّزو ڕق گر وەك مەڕ ئەسازان
هەتا شلەقا شێوەی لە چاوا
وەك مانگی چواردە لەشلپەی ئاوا
توایەوە وەك موّم بوّ ساوای دڵ پاك
عاشق و شەیدای کورد زمان و خاك
شەوگار ئەکێشێ‌و بە ڕوّژ وەستایە
نەخشەی ژینی نویّ هەر ماموّستایە
موّمی داگیرساو چون پەنجەی مەچەك
پەل لەسەر خامەی بەکارتر لە چەك
دەستی هەزاران منالان ئەگرن
بەرەو ڕووناکی تاریکی ئەبڕن
ئازادیێ «نەزیر» گوزرو گەردنت
پەیژەی ژیان بێ پلەی مردنت
خوّش بەختی ساوای لە ڕەنج و بەشتا
گولاو پرژێنە لە یادی گەشتا

م. عبدالله

# گەردەناتە ئازا

○ سگڤان عبدالحکیم ○



«بو گورێ سترانبێژێ گەنج ئەیاز یوسف»

ئەیاز مژو موران ئیرو ژارن
بەفرو باران بێ ئەزمان و زارن
پێل و زڤرەکێت خابیری هارن
خەریبێ هناڤێت من خارن
★ ★ ★

روندکێت بخوین ژ چاڤا بارین
جانە مەرگێ بێ داوەت و تارین
کانیو رویبارا زیمارەو لورین
دارو بەرێت وەلاتی بوگرین
★ ★ ★

هلو رابە بسترە بو ڤی واری
خەو گرانە ل گورێ تەنگ و تاری
سیبەرو کەڤیا نیهارەو بەهی
کولیلك ژیرا هشکبون گیا بەهی
★ ★ ★

ئەیاز مشەختێ شینوارێت رەنگین
هەی ریڤینگێ دلوڤانێ خەمگین
هێشتا زیبو ئەی سترانا بەنگین
ماسیاڤك بوی بەرزەبی بێ حنگین
★ ★ ★

ڤی مرنێ وەلات شلقاندو هژیا
تەچەوا دلدا ستێرا گەش رژیا
ئاخا پیروز کی دمریت، کی ژیا
وەك پاریێ نانی وەرپێچاو نژیا

# هەڵایسان

• نەژاد عزیز سورمێ •



خەمی تۆ زریبارێکە،
لە چاوی لە خەو تۆراوی هەژارانە..
چیای سەختی خۆشەویستی
مێژووی نهێنی‌و حیکمەتی داگیرسانە..
تۆ لە دڵی هەمیشە خوێن لێتکاوی
ئەو دونیایەی کە ناویان ناوە هۆنراوە،
چیرۆکێکی تەواو نەبووی

تەواو نابی....
تە..وا.. و.. نا.. بـ.. ی..

...........................
...........................

ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ.

تۆ ئەوە دەزانی‌و
منیش..

ئەوەندەیش بەسە.
ئەوەندە بەسە لە نهێنی تاڵی‌و شیرینی یەك دەگەین
لە سەرچاوەی سۆزی یەکتر دەخۆینەوە..

...........................
...........................

(باران... باران..
باران..
ئای باران!)
باران لە کوێوە دە بارێ؟
گوڵ لە کوێدا چرۆ دەکا؟
خۆشەویستی ئێمە نەبێ
چیا لەسەر چی خۆی رادەگرێ
ڕووبار بەسەر چیدا دەڕوا؟
ئەمەیان ئەفسانە نی‌یە..
باران ئەفسانە نی‌یە...
ئەم دنیایەش بە خۆشەویستی ئێمەوە ڕاوەستاوە..
ئێمە نەبین
بەسەر یەکدیدا دەتەپێ..

# کۆچ

● ئازاد مەحمود مستەفا ●

ئیوارە کۆچی زەردەپەر... بە پەلەپەل
باری خۆی برد بۆ پشتی کەل
بۆ گیانی تینوی بەیانی
مژدەی سەر فرازی هانی
وەك دولەش
تیکەلاوی خۆشەویستین
رژایە دەم ملەو کانی
لەگەڵ ئاوازی شمشاڵی دلداران بە کامەرانی
ئاوازی پڕ لە ئارامی

بۆ هەواری ئاشت بوونەوە
کەوتە بارگە هینانەوە
باڵەکانی دوێی کزەی‌با
بەرەو باخچەی ئاواتی زوو
کرانەوە
هەوری چلکن وەك بەستەڵەك
بە پشت کیوەکانی وەرزا
لە ئاسمانا رەوانەوە
سەرپۆش و دەسماڵی چیا



لە گەرووی نەیدا هەڵهانی
لەگەڵ خۆردا گەڕانەوە
زەردەو گەشەی گوڵاڵەی ئاڵی
لە پاڵ بەفری‌چیاکانا بوژانەوە

کۆچی سیروانی بێ‌هێز بووی
سەر هەڵگرتوی گەڕانەوە
ئاواتی شیعری تۆراوی
سکالای خۆشەویستی بوو

بە لاگیرەی شوێن بریسکەی
پرشنگی خۆر رازانەوە
دەئەی کچە نەشمیلەکە
تەماشا کە
چەند بەستەڵەك توانەوە
بۆچی گلەیی‌و رازی تۆ
هیچ ناگەنە برانەوە
بڵێی هەروا بێ‌سەرو شوێن
مل بنێن بێ‌گەڕانەوە....

# گوڵی دۆزەخ

جەزا عەلی ئەمین



تۆ، بۆ ڕێبوارانی ڕێی چاو لەو فریشتانە دەچی سبەینانە پێش پێی خۆرەتاو دەکەون... لە چاو تررووکانێکا ڕەنگ و بۆن و پشکوتن بەسەر وێرنی‌دا دادەبەشن!
تەنکە بزەی لێویان شەونم بارانی باخە
جا بەدەم سروەی نازەوە
تاڵە زەردە لوولەکانی خۆر خاودەکەنەوە
دنیای پێ ئاوەدان دەکەنەوە!

★ ★ ★

لای من تۆ لەو نازەنینە دڵتەنگانەی خەم بەرادەیە گرانی کردوون مەپرسە.. جاروبارە وام دێ بەیادا دەڵێم چۆنەکاییە زەوی دەیتوانیّ و قووتی‌نادا:
لێرەوە...
ترپەی پێی دڵت دەبیسم
لاپەڕە ژەنگاویەکانی هەڵدەدەمەوە
بە من بێ
هەر هەموویان بکەمەوە!
بێ....
تا پەستی پێك بگۆڕینەوە
تۆ لە سەبەتە گوڵێکا زیزیت هەڵگرە
منیش
کۆشی هەموو هەورە تاڵەکانی مێژوو
پڕ دەکەم لە زویری
لە کوێ پێك گەیشتین
ئەوێ نێوقەدی دنیایە!

★ ★ ★

دەزانم دڵتەنگی تۆ لەوەدایە زەوی بە مەرامی دڵت ناسووڕێ، خەمناکی منیش هی ئەوەیە خۆرەتاو وەك پێویست لە پەنجەرەی خامۆشیمەوە باڵە زەردەکانی ناهێنێتە ژووری. تا دڵمی پێ بشۆم.

مەینەتی تۆ هی ئەوەیە سبەینانە باڵندەکانی ژوور سەرینت لە بریتی جریوەو جووکەی خەیاڵ هێن هەواڵی جەرگ برت بۆ دێنن، تۆش بەدەم ئەو شەقژنەوە بێدار دەبیتەوە.

دنیای ڕوانینت قردیلەیەکی قەترانی‌یە، هەواڵی مردنتی لەسەرە! گریان پەنجەرەکانی بیستی ئاخنیوی... دەست لە خۆت دەکوتی، ماوی یان نا؟

ماوی بەڵام بۆ پێوانی کۆڵانە تاریك و چەوتەکانی دۆزەخ. کێ بێ وەك تۆ شارەزایان بێ، بەرد بە بەردیو

خشت به خشتی بناسی؟ مەگەر تۆ لە رەنگە رشتنی جەهەنەم دا نەبووی؟

★ ★ ★

ئێستاش بڕوا بکە ئەگەر وتم:
هەستەکانت برسین
وەختە سوێیان بێتەوە بۆ پاروویە!
تینوون
هەکا بۆ دڵۆپە ئاوێ کوێر بوون!
گوێت بۆ پێتێکی ئاڵ
هەر ئەوەیە کەڕ نابێ!
دەست ڕاناکێشی
سوور دەزانی
هەر دەستێکی دێتە
کاتێ دەگا
کرێوە لە پەنجەکانت دەدا!

★ ★ ★

زمانیشت لە مێژە تامی شیرینی نەچێشتووە، هاکا ترشی، تاڵی سوێریشی بیر چۆوە!

ئەو پیاوەی لاتەوەیە کاتێ بۆنت دەکا دەیان لوتکەی بەفرینتان لە نێواندایە. دەتدوێنێ بە تۆوایە سەرنجەکان بەو خێراییەی لەو دەدرێن دەگەڕێنەوە بۆ چاوت و یەکەن دەردو ئەو دیدە زەردانەت دەبنە بێژنگی زەرد..

دەشزانی پاڵتۆیەکی دڕاوی چلەی هاوینە کەچی فرێی نادەی بە خۆت دەڵێی:

«دەبوو لە زوویەکەوە توورەم بدایە، ئەو گۆرانی بۆ پاروو دەوت و منیش بۆ پەپوولەو گوڵ و شیعر دەژیام، دەبوو ئەو لە ڕۆژ هەڵات بوایەو منیش لەو خۆرنشینە گوڵانم لەسەر ستران بێژی ڕابێنایە... بەڵام ئەفسووس!».

★ ★ ★

ئەی دۆزەخی!

ئێستاکێ پێم سەیرە ماوی! هەستەکانت ناتکەن بە پێنج بەشەوەو لە پێنج کیشوەری جیادا دات نانێن...
تا سەرتاپای دنیا دڕکن بێ!
ئەو دەمی
مەگەر شێتێکی وەك من کۆت کاتەوە
لە نوێ
دروستت کاتەوە!

★ ★ ★

من بزانم مەرامتە گوڵە ئاڵەکانی دەروون، ئەوانەی پەنجەی شەرا نەیبردوون، جار بەجارێ بکەونەبەر ڕشێنە بارانی تاسە.. بۆ هەناسە دانیشتنێ سەر بنێن بە ڕۆحتەوەو سینەی ژەنگاویت بشۆنەوە... لە نوێ شەتڵی جوانی لێدەنەوە... بەڵام هەوری شەرم بەرت نادا دەستی لە یەخەت بەرنادا.

★ ★ ★

چەندین ساڵە! باڵندەی خۆر بە کەلاوەی تەمەنتا دەگەڕێ‌و لە دوای خۆی ساڵەکان وەکی تاوێر بەردەداتەوە... تۆش پێت خۆش بێ یان نا دەبێ بیانگریتەوە..

چەندین ساڵە! گڕەی ئەو پیاوە لێت دەدا... هێشتا میوەی تەڕو تازە، گوڵی پەمەیی‌و سپات بە نەمامی باڵاتەوە ماون! گەر نەهێڵی لێت کەنەوە، بە بێ دەنگی لە جێی خۆیان ڕەش دەبنەوە...
وەك ساڵەکانت
پێکەنینی کوژراوی سەر لێو
ئەوساش
بەدەم خورپەیەکی ناوەختە
دڵت دەوەستێ
چی دیکە
بێ نیاز
لە سینەیەکی وێران دا
لێنادا!

# هـوزانـڤـانـەك و چـەند هـوزانـ

بدل رڤو مزوری

- هوزانڤانی ئازەبیجانی «رەسول رەزا» چاڤێت خوێیێت ڤەکرین بو جیهانێ لسالا ۱۹۱۰ز.
- کومەلا هوزانێت خو یائێکێ لسالا ۱۹۲۷ز چاپکری‌یە.
- نێزیکی (٥٠)ی پەرتوکا ێین بەلاڤ کرین.
- هوزانێت وی بو گەلـەك ئەزمـانـا ێێت هاتی نە وەرگێـران ئەڤە ژی چەند هوزانێن هوزانڤانی‌نە.

(۱) «ئەز مروڤم»

گوت: مابەینا ژیانێ‌و مرنێ
دەزی‌یەکێ بتێ‌یە.
ئەگەر ژیێ مروڤی کەڤر بیتن
ڤێجا هەر خولەکەك بڤرکە.
دکەم کەنی‌و
هەست بژانا دکەم
چنکی هێشتا ئەز یێ دژیم..
هوسایە ژیان
ئەگەر تو بکەی کەنی،
یان بکەی گری
ژبیر نەکە تو مروڤی.

* * *

(۲) «پرسیارەك»

ئەرێ.. ل کویرێ با دنڤن و؟
ژ کویرێ عەور روندکا کوم دکەن.
دەمێ ئەسمان یێ زەلال بیت؟
ئەری ل کویرێ رویبار بێهنا خو ڤەددەن و
بوچی بریسی دێنە ڤەشارتن وەسا بلەز؟



ل ڕەخێ دی ژ ستێرا دویرتر.
چیـیە، ئەرێ کیـیەلویرێ؟
ل کویرێ مرن دژیت

دێ بو من بینن تولازییا من
تا لێ بکەرنیم و ببینم
تا بکوژم.

* * *

(٣) چ جیهانە
ئەگەر ژیێ دریژبیتە یان یێ کورتبیت
نەشێم بریڤە بچم

هێدی.. هێدی.
چ وجا من گەل بێهن ڤەدانێ هەیە،
چەندی دلێ من خەریبێ بوهارێ بیت.
من نەڤێتن،
من نەڤێتن،

ئەز بمینم د ریزێت دویماهیکێ دا.
من دڤێت بکەم کەنی ب هەمی دلێ خو
بگرنژم ژ کویراتییاو،
دانمە بەر سینگێ خو ئەو خەلکێ من دڤێن
بگەرماتی،
پاشینکێ، ئەگەر پێویستیبیت،
من دڤێت ئەز بمرم
مینا دار بەرویەکا مەزن هاتییە ڤەجنقاندن د
بابەلیسکێ داو
رەهـ هاتینە قەتاندن.

* * *

(٤) «تویی.. یان تو نەیی»
چاڤێت خو من نقاندن..
ستێرا دویماهیکێ من ڤەمراند..
هاتە گوهێت من دەنگێ «هاملت»

«تویی یان تو نەیی!»
م دڤیا ژوی نێزیك بم،
نێ بهەردو پێت من ڤەما پویلا
ڤیجا نەشیام پێش بکەڤم.

م دڤیا بێژم: هاملت؟
چ بسەرێ تە هاتییە؟
تێك نەچە..
نێ کوشەرێ بابێ تە

مامێ تەبو
ڤیجا ئاخفتن ژ من نەهات
چاڤێت خو من ڤەکرن،
روژ من هەلکر دپەنجەرکێ دا

م دڤیا گازی بکەمە هاملت و
لایێرتی‌و
بێژمە وان: ئەی لاوێت من
رەخێ کەرب و کینێ بهێلن
ئەرێ دزانن
کو دوهی خویسارێ یێ خو ل دەخل و
دانێ دای لسەر پیکێت چیا.

* * *

بدل رڤو مزوری

ژێدەر: گوڤارا «الاقلام» ژمارە «٣» سالا ١٩٧٨.
د. سنان سعید وەرگیران ژ ئەزمانێ ئەزەربیجانی.

# نامەیەکی کراوە بۆ عەلی عارف ئاغا

○ دڵشاد مەریوانی ○

گۆڤاری بەیان - ی ژمارە: ١١٢، ڕووناکی‌ی بینی‌و لەل: ٥٩ هەندێك سەرنجی ناسك - م بینی، کە مامۆستا عەلی عارف ئاغا بە ناونیشانی «وەڵامی ڕەخنە» بەرەو ڕووی منی کردبووەوە، گوایە وەڵامی ڕەخنەیەکی کە من لە بەیان - ی ژ: ١٠٧دا دەربارەی غەزەلێکی ئەوم نووسیوە.

زۆر بەمان حاڵی چاپەمەنی کوردی دەزانین بۆیە من وام بەباش زانی کە وەڵامی سەرنجەکانی ئەو بەرەو ڕووی دەستە خوشکی بەیان بکەمەوە، کە - هاوکاری - یە. چ لەبەر ئەوەی درەنگی پێ نەچێ چ لەبەر ئەوەی هاوکاری هەفتانەیەو ڕۆژنامەیەکی دێرینە خزمەتەو پێویستە لای لێ بکرێتەوە. بۆیە ئەم نامەکراوە ساکارەم بەهۆی هاوکاری‌یەوە دەنێرمە خزمەت مامۆستا عەلی عارف ئاغا.

هیوادارم ئەو مەسەلانەی بۆ ڕۆشن بکاتەوە. کە ئەو بێ‌خەبەرە لێی‌و تا ئەم تەمەنە شیرینەشی لێیان ناحاڵی‌یە.

* * *

مامۆستا ناونیشانی سەرنجەکانی خۆی ناوە «وەڵامی ڕەخنە» لە کاتێك دا لە ڕووی زانستەوە نەوەڵامەکەی ئەو - وەڵامی ڕەخنەیە - چونکە هەندێك سەرنجی سەرپێی بێ‌بەڵگەن، نە وتارەکەی من لە بەیان - ی ژ: ١٠٧دا ڕەخنە بووە. ناونیشانی وتارەکەم ئاشکرا دەڵێ: «چیرۆکی غەزەلەکەی عەلی عارف ئاغا - گوڵ و خونچە» واتە یادداشت و بیرەوەری‌و سەرنجی خۆمە بەر، لە ١٨ ساڵ باس دەکەم و هیچی‌تر. ئەوەی دەربارەی غەزەلەکە باسم کردووە تەنیا ڕای خۆمەو سەرنجمە لەهەندێك جیاوازی نێوان هەردوو دەقی غەزەلەکەی مامۆستایە. تەنیا سەرنجی ڕووتە نەك ڕەخنە - وەك مامۆستا تێی‌گەیشتووە. . گەر بە وتارەکەم دا بچیتەوەو خوێنی‌و خوێنەران بەهەڵەدا نەبا، ئەوا دەبینێ بەئاشکرا لە دوا دێڕەکان و نووسیومە: «شاعیر سەربەستە چۆن و بە چ شێوەیێك دەستکاری شیعری خۆی بکا، بۆیە ئەوەی لە چاپی دیوانەکەدا کردوویەتی بە مافێکی ڕەوای خۆی دەزانم. بەڵام منیش لەبەر پاراستنی مافی‌خۆم لە پێنجین کردنی غەزەلەکەدا، بە پێویستم زانی سەرنجی خۆم، لەم ڕووەوە دەربیرم».

پاشان بە ئەدەب و ڕێزێکی زۆرەوە بۆم نووسیوە:

«هیوادارم شاعیری شیرین گفتارو ناسك، عەلی عارف ئاغا بم بەخشێ‌و پێی دڵگران نەبێ» بەڵێ من وەهام دەربارەی مامۆستا نووسیبوو. ئێستاش ڕام وەهایە کە مامۆستا ناسك و شیرین گفتارە، وەڵێ سەرم لە وەڵامەکەی سورما، کە بۆ مامۆستایەکی ناسك گفت وشیرین کەلامی وەك ناشێ‌و زۆر گومانم هەیە لەوەی بەهەرزەکارێکی دەروون نەخۆشی نەرمووێت لەبری خۆی وەڵامم بداتەوە. چ لەبەرئەوەی خۆی تەمەنی کامڵەو خانەنشینە.

چ لەبەر ئەوەی دەشێ چاوانی گەش و دەست و پەنجەی داهێنەرانەی لەبەر زەبری زەمان مۆڵەتی نەدەن بە پەنجەی پیرۆزی خۆی وەڵامم بداتەوە. هیوادارم گومانەکەم لەئاستی خۆیدابێ. چونکە زۆر نەشیاوە من بەرامبەر خۆیو غەزەلەکەی - لە وتارەکەم دا - ئەم ڕستانە بەکاربهێنم:

«غەزەلێکی شەفاف و ناسك...»

«ئەم شتە ناسکە هی کێیە؟...»

«ئەم لەرزوتا بەلەزەتە...»

«تام و چێژی ئەو غەزەلە...»

«کاری هەژێنەری ئەو غەزەلە...»

«شاعیر شارەزای ئسوولی غەزەلە...»

«شاعیری شیرین گفتارو ناسك: عەلی عارف ئاغا...»

کە چی ماموستا دەربارەی لێپرسینەوەو بەسەرکردنەوەکەو پێنجین کردنی غەزەلەکەی ئەو لە لایەن منەوە - لە وتارەکەی خۆیدا - ئەم ڕستانە بەکاربهێنێ:

«زۆر زۆر بەهەڵەدا چووە...»

«ئەم جۆرە کردارە یاری کردنە بەبەرهەمی ئەدەبی شاعیرێك بەلای منەوە ئەمە کارێکی شیرین نی یە...»

«ئەمە لە ئەدەب دا شتێکی جوان نی یە...»

«تکا لە کاك دڵشاد دەکەم لەمەو دوا لەکاری ئەدەبی دا، ئەوەندە بە هەڵەدا نەچێت.، بە ڕێبازێکی ڕاست و ڕێك وپێك دا بڕوات..»

من دڵنیام کە ئێستا خوێندەوارانیش سەرسام دەبن کە بۆ وەڵامی وتاری وا ناسك بە وتاری وا دزێو بدرێتەوە؟!! منیش هەرسەرسامی ئەوەم. بۆیە دیسان دەڵێم: دەشێ هەرزەکارێکی نەزان لە ئسوولی ئەدەبی، ئەو ولامەی لەبری ماموستا نووسی بێتەوە بەتایبەت نەك هەر من، بەڵکە هەرشاعیرێك، گەر زۆر موعجەب و سەراسیمە نەبێ بە غەزەلی شاعیرێکی تر بۆی تەخمیس ناکا!

باشە، ئایا پاداشتی ئەو سەراسیمەیی و مەیل و بەتەنگەوە هاتنە، وەها دەدرێتەوە؟!! بڕوا ناکەم ماموستا خۆی ئەمە قبووڵ بکا!

ئەو دێرانەم لەڕووی ئسوولەوە نووسی، ئینجا با لایەك لە سەرنجەکانی - بەناو ماموستاوە - بکەینەوەو بزانین چی هەڵەی تیادایە لە ڕووی زانستەوە. لە وتارەکەیدا نووسراوە:

«بە شێوەیەکی هەڵە وە ناشارەزایی شیعرەکانی شی کردونەتەوە» جارێ، یەکەم: من شیعرەکانم شی نەکردووەتەوە، بەڵکە تەنیا جیاوازی نێوان تێکستە چاپکراوەکەو تێکستە دەست نووسەکەی لەمەڕ خۆم دیاری کردووە.

دووەم: کە شیم نەکردبنەوە دەبێ ئیتر هەڵەو ناشارەزاییم لە کوێدا دەربکەوێ؟ پرسیارێکە وەڵامی دەوێ و وەڵامەکەیشی نەخوێندەوارێك دەیزانێ کە «نە»ە!

لە وتارەکەدا نووسراوە:

«ویستوویەتی پێنجینەکەی خۆی لە گۆڤارەکەدا بڵاوبکاتەوەو بیسەلمێنێ بە هاوڵاتیان کە شاعیرە» ئەم قسەیە کاتێك زۆرجوانە کە ماموستا عەلی عارف ئاغا.. (حەزرەتی نالی) بێ و منیش فەلاحێکی خاوەن کوێرە خەت بم، لە خاك و خۆڵی شارەزوور. ئەو «هاوڵاتیان»ەی لە وتارەکەدا ناویان براوە، عەلی عارف ئاغاو دڵشاد مەریوانی چاك دەناسن. دڵیشم ناهێنێ لەوە زیاتر لە حزووری ماموستادا بڵێم تەنیا لەبەر ئەوەی نەبا ئەوەی وەڵامەکەی پێ نووسیوە زۆر ئازیزی بێ.

لە وتارەکەدا نووسراوە:

«لەو پێنجینەدا سەرکەوتوو نی یە، چە لە وشەی ئەدەبی و چە لە کێش و مانادا»

بەڵێ دەشێ سەرکەوتوو نەبووبم، بەتایبەت کە ئەو پێنجینەم لە تەمەنی ٢٠ بیست ساڵان دا کردووە، واتە هی ١٩ نۆزدە ساڵ لەمەوبەرمە!

کە زۆر شانازی پێوە دەکەم. بەڵام خۆ دەبوو وتارنووس بۆ بەڵگەنامە - هەروەکو ئسوول - ڕووی سەرنەکەوتنەکەم دیاری بکاو هەندێك ئامۆژگاریم بکاو فێرم بکا کە وشەی

ئەدەبی چۆنەو کامانەن؟

هەروەها زانستی کێش چۆنەو مانا چۆن دادەڕێژرێ. ئەوسا منیش و خوێندەواران و «هاوڵاتیان»یش گەلێك سوپاسیمان دەکرد، لە ووتارەکەدا نووسراوە:

«کاك دڵشاد ئەفەرموێت: بەیتی نۆیەم لە دەست نووس دا هەیە، بەڵام لە چاپکراوەکەدا نی یە. گوایە ویستوومە ژمارەی شیعرەکان تاك بێت وەجووت نەبێت. کە ئەمە شتێکە خیلافی حەقیقەتە کە تەنها بەخەیاڵی کاك دڵشادا هاتووە»

نەخێر قوربان، ئەوە خیلافی حەقیقەت نی یە بەڵکە زانستی ئەدەبە. بەخەیاڵی کاك دڵشاددا نەهاتووە. بەڵکە بیری ئەو پارێزگاری کردووە لە کاتێك دا کە کۆمەڵێك پسپۆڕ بە شێوەییەکی زانستی یانە ـ نەك جەلەبی ـ پەروەردەیان کردووە، سەرەڕای خۆپەروەردە کردنەکەی خۆی. بەڵێ.. باوەڕ دەبێ و سبستێمی ئەدەبی کلاسیکی ـ هەموو قۆناغی ئەدەبی میللەتانی ء موسوڵمان ـ ئەوەی دیاری کردووەو سەڵماندووە کە غەزەل دەبێ ژمارەی بەیتەکانی تاك بن. زۆرت ئامۆژگاری کردووم و سوپاست دەکەم. بەڵام تۆش ئەم سەرنجە لەم بەندەی خودایە دەربگرەو، بەخۆت دا مەچۆرەو نەبا هیچی لێ هەڵنەکرێنی، بەڵکە بە دیوانی کەڵە شاعیرەکانی کورددا بچۆرەوە دەبینی و فێردەبی کە غەزەل دەبێ ژمارەی بەیتەکانی تاك بن.

واتە لە ۷.۹.۱۱... و بەرەوژوور. بەڵام بە دووشت مەخەڵەتێ:

یەکەم هەندیکی تاك وتەرا لە غەزەلی کەڵە شاعیرانمان کاتی کۆکردنەوە، دەستێ ژمارەی بەیتیان جووت بن. ئەوە هۆی ناکامڵی و نەگەیشتنە دەستمانە.

دووەم: هەندێك لە شاعیرانی کلاسیکمان تەنیا پشتیان بەستووە بەسەلیقەی خۆیان و وەك زانست نەچوونەتە بنج وبناوانی ئسووڵی غەزەل نووسینەوە، بۆیە لە ڕووی نەزانی و کەم تەرخەمی یەوە غەزەلی ژمارەی بەیت جووتیان هەیە. دیارە ئەمانە هەم، تاك وتەران. هەم هێندە بەتواناو شاعیر نین، دەستێ لە هەموو ژمارەی شیعرەکانیان دا کە پتربێ لە ۲۰۰ دانەش، هەرشیعرێك یان چەند شیعرێکی تاك و تەرایان سەرکەوتوو بێ.

ئەو دوو سەرنجەم لێ قبووڵ بفەرموو.

لە وتارەکەدا نووسراوە:

«کاك دڵشاد غەزەلە چاپکراوەکەی منی خوێندووەتەوە، کە لەسەر دەفتەرە دەست نووسەکەی خۆم چاپکراوە. دەست نووسەکەی لای خۆی وەکو خۆی هێشتووەتەوە. مانای ئەوەیە کە غەڵەتەکانی بەباشتر زانیوە لە ئەسڵی شیعرەکانی من.

کە ئەمە کارێکی ناڕەوایەو ڕەووشتیکی شاعیرانە نی یە».

کەسێك کە ڕستەی دوایی بخوێنێتەوە: «کاری ناڕەواو ڕەوشتی ناشاعیرانە» واتێ دەگا داخۆ من چیم لە غەزەلەکەی مامۆستا کردووە!!! لەکاتێك دا هەموو ئەو جیاوازیانەی ـ ناڕەوان ـ و بە ـ ڕەووشتی ناشاعیرانە ـ تێکم داوون ئەمانەن:

بەیتی دووەم: لەچاپکراوی شاعیردا نووسراوە:

«لە عالەم دا لە تۆچاتر..» من بەقسەی دەست نووسەکەم کردووە کە نووسراوە «لەدنیادا لەتۆ جوانتر». (عالەم) هەر (دنیا)یەو (چاتر) بووە بە (جوانتر).

بەیتی سێیەم: لای چاپ قافیەکەی (گوڵ ڕوومەت)ە، لای من (ڕوومەت گوڵ)ە. خۆگەر قافیەش نەبووایە هێنەکەی لای خۆم چاك دەکرد. بەڵام دوای ئەو هەموو ساڵەی نێوان چاپ و دەست نووس تازە چۆن لەبەر جیاوازی یەکی هیچی وەك:

(ڕوومەت گوڵ ـ گوڵ ڕوومەت) سێ قافیە بگۆڕم؟ تۆ بڵێی ئەو جیاوازی یە ـ کە جیاوازیش نی یە ـ ئاوا دنیای پێ کاول بێ؟!!

بەیتی چوارەم: چاپ دەڵێ (ئەمە ئەقڵم قبووڵ ناکا) دەست نووسی لای من دەڵێ (ئەمن ئەقڵم قبووڵ ناکا).

بەیتی پێنجەم: دوو جیاوازی یە، چاپ دەڵێ (تۆ لە

شوعـلەی نووری پاکـی قودرەتـی حەقـقـی) لای‌مـن دەست نووس دەڵێ (تۆ لە نوتفەی نووری. . . .) کە من یەکسەر مەسەلەی (ونفخنا)ی خوداو مەریەم و عیسام تەسەوورکرد

هەروەها نیوە دێری دووەم، چاپ دەڵێ (دەبێ جێگایی ئەسڵیـشـت) دەسـت نووسـی لای من دەڵێ (دەبێ مەثـوایی. . .) کە زۆر ئاسایی‌یە شاعیر خۆی ویستبێتی کاتی چاپ هەنـدێ وشـەی عەرەبی بکـا بە کوردی بۆیـە (مەثوای) گۆڕیوەبە (جێگای) لەکاتێك دا بۆ ئەو جێ‌یە من (مەثوا)کەم بە گونجاوتر زانی.

بەیتی شەشـەم: لە چاپ دا دەڵێ (ئـەگـەرچی ئاگری جوملەی جەهەننەم. . .) لە دەست نووس دا دەڵێ (ئاگرو جومرەی) کە کورد دەڵێ (دووکـەڵ بێ‌ئـاگـر نابێ)، دیـارە بەگـوێـرەی باس وخـواسی جەهـەننـەم، ئاگر بەبێ پشکۆ (جومرە - جمرە) نابێ. بۆیە (ئاگری جوملەی جەهەننەم) هەروەك ڕستەی بایەعی شەکرو چا هاتە بەرچاوم، کە بە (مـوفـرەدو جوملە) مامـەڵـە دەکـەن. لەبـەر ئەوە (جومرە)ی دەست نووسەکەم بەجوانترو بەهێزترو چاکتر هاتە پێش چاو.

ئازیـزان ئـەمـە هەمـوو ئەو (نـارەوایـی‌و ڕەووشـتـی ناشاعیرانەیەیە) کە من لەو بەراوردو جیاوازی‌یەدا کردوومە. ئایـا ئـەمـە شایـانی ئەو (نـەزاکـەت)ەیـە کە لەو (وەڵامی ڕەخنە)یەدا بۆم نووسراوە؟!!

نووسـەر بەوەشـەوە ناوەستێ. لەقڤڵی وتـارە - ناسکـە - کەی‌دا دەڵێ:

«لە دوا بەشا - وەك وتارەکەی قەبەو بەش بەش بێ - تکا لە کاك دڵشـاد دەکـەم، لەمـەو دووا، لەکـاری ئەدەبی‌دا، ئەوەنـدە بە هەڵـەدا نەچێـت. بە ڕێـبـازێـکـی ڕاست و ڕێك وپێك دا بڕوات».

دیـارە لای نووسـەری هێـژا - مەبەستم وتارنووسەکەیە - لاکـردنـەوەی من لە مامـۆسـتـاو ناوهێـنـانـە ناوناوانی‌و تەخمیس کردنی غەزەلی‌و سەرنجی خوێندەواران ڕاکێشان، بۆ جوانی‌و ناسکی‌و شەفافی ئەو غەزەلەیی‌و ستایش کردنی. ئەوانە (بە هەڵەدا چوون)و گرتنی ڕێبازی خوواروخێچە!

بەڕاستی نووسەری وتارەکە زۆر عادیل و بە ئینسان و لە ئەدەب شارەزاو بە ئسوولە. هەڵسەنگاندن هەروەها دەبێ. سەرنجی زیرەکانە هەروەهایە.

براڵـەی نووسـەر، گەر مەبـەسـتیکی شاراوەو کەسیت هەیە، ئەوا بە ڕۆشنی‌و بێ قۆرت و پێچ و پەنا وەرە پێشەوەو ئەو ڕکـوکینـەو بوغـزەی لەسکتـایـە؛ مەیکـە بە باری شانی ئەدەب و وشـەی جوانـی کوردی. دیـارە شەڕ بە کۆنـەقین دەکـرێ، کە واتـە بگـەڕێ بۆ هۆیـەکی باشترو دەستت بخـە ڕوو. مەسـەلـەکـە ئاشکـراو ڕوونە. . جونکە هەمـوو خوێنـدەوارێـك دوای خوێندنەوەی وتارەکەی من لە (بەیانی ١٠٧)و ئەمیشیان لە (هاوکاری)دا، دیدی ڕۆشن دەبێ‌و لێت دەپرسن: (ئـەرێ برا بۆ؟) لەسـەر بەرهەمێکی ناکاملی خۆم بنووسەو بیکە داردەستت و واز لە غەزەلەکەی مامۆستاو خۆیشی بهێنە.

هەروەها داوای لە مامۆستا عەلی عارف ئاغا دەکەم. بۆ ڕوون کردنەوە، گەر بە دوو دێڕیش بووە، پەردە لەسەر ئەم بەزمە هەڵ بداتەوە.

من نامـەوێ ناوی نووسـەرمـان پێ بڵێ، بەڵام ڕوونکردنـەوەیـەك بخاتـە ڕوو چونکـە من ناچارم گەر بە جواب نەیەت، مامۆستا خۆی دابنێم بە نووسەری وتارەکەو هۆی نووسـیـنـی وتـارەکـەش بەو شێـوەیـە. .

بدەمـە پاڵ ئەوەی کە سەغـڵەت بووە لەوەی، من لە وتـارەکـەدا نووسیومە: ئەم غەزەلە بۆ (نێر) وتراوە، نەك بۆ (مێ). واتـە گەر ئەو پەردەیـە لانـەبـا. ناچارم لە وتـاری ئایندەم دا ئەمجارە وەك واقیعی غەزەلەکە، بە دووردودرێژی بابەتی غەزەلەکە. . شی‌بکەمەوە هەر لە بەیتی یەکەمەوەهەتا بەیتی «بەلامانا کەنایەیت باکی قەهری خوات نی‌یە زاڵم» «زەمـانـە هەروەها نابێ، هەتا چەندساڵێ باوابێ» هیوادارم مامـۆستـای گفت شیرین لێم زیز نەبێ. ڕێزی ئەو لەسەر چاوانە، وەلێ من مافی خۆمە «کەسێ بەردم تێ‌بگرێ، بە ڕقی تێ بگرم»

# شانۆگەری «نەخۆشی»

- سەلام مەنمی -

## بینراوی یەکەم

شوێن: ماڵی قارەمانە، کات ئێوارەیە... قارەمان لە هۆڵەکەدا دانیشتوە دەفتەری حیسابی بە دەستەوەیەو پەرەپەرەی دەکات لەبەر خۆیەوە دەڵێت: - ئێ ئەمەیان وا ئەویشیان وا... سبەینێ پارەی چوار کەسم بە دەست دەگات - ئەستی خێزانیشی خەریکە پولەکە لە کراسی سەیرانی کچی دەنێ، سەیرانیش لە دەستی دایکی ورد دەبێتەوەو جارجاریش قسەی لەگەڵ دەکات... حەمەشوانی کوڕیشیان پشتی بە دیوارەکەوە داوەو قاچی لەسەر قاچ داناوەو گۆڤاری (موعد)ی بە دەستەوەیەو پاکەتێکی ڕۆسمەن و چەرخێکی لەبەر دەست دایە...

**شوان:** (ڕاست دەبێتەوەو جگەرەیەک دەردێنی و دای‌دەگیرسێنێ) بابە سۆپەرەکەم کەی دەگات؟

**قارەمان:** یەکێ وادەڵێ ئۆتۆمبیل لەبەردەرگاکەیان بێ... ئەوە جێبێل، ئەوە پیکاب، ئەوە گەلابە، لە لایەکی تریشەوە سایەقیت دوکەڵ دەکات و شارەزاییت نی‌یە..

**شوان:** ئاخر ئەمەیان هی خۆمەوەو هەقی کەسی بەسەرەوە نی‌یە -

**سەیران:** ئەی من؟

**شوان:** جارجار پیاسەت پێ دەکەم.

**قارەمان:** کوڕم ئەمجارەشت پێ دەڵێم ناشێت و بەزۆر خۆت پیاهەڵواسی‌وە، پێویستە هەوڵ بدەیت هەتا جوان فێردەبیت، ئەوجا هەرچیت ووت لەسەر تەپڵی سەرم.

**شوان:** (سوور دەبێتەوە) ئەگەر ئیجازەم دەبوو لێم مەترسە فرۆکەش لێ دەخورم.

**قارەمان:** (دەستێ بە سمێڵیا دێنێ) کوڕم ئیجازە بۆ باوکت وەک موو لە ماست دەرهێنێ وایە، یان وەک ئەوە وایە دۆشاو بۆ پاشا قات بێ! هەتا ئێستا چەند ئیجازەم بۆ خەڵک دەرهێناوە، فابیلە بۆ کوڕە تاقانەکەم دەستەوستان دانیشم؟!

دوێنێ بەڕێوبەری هاتووچۆ لە یانەی بازرگانی دەعوەتی باوکت بوو.. دوو جاریشی پێ ووتم ئەمرێک، کارێک...

**شوان:** (بە ڕوویەکی خۆشەوە) ئەی تۆ ووتت چی؟

**قارەمان:** بلێم چی، هەتا ئێستا بەرامبەر بە من ملی لە

تاڵەدەزویەك باریك تر بووە، چیم پێ ووتوە بەڵێنی لەسەر بوە. . . ئەم شەویش لە ماڵی نەژادی دراوسێمان بەیەکەوەین، ئەگەر ڕێکەوت باسی دەکەین یان باکەس نەزانێ دوایی‌ی خۆم لە دائیرە پێ‌ی دەڵێم. . .

**شوان:** ئیتر کەیفی خۆتانە ناتوانم بچمە تەراییەوەو قاچم لەسەر بەنزین دەلەرزێ. . . سوریش دەزانم لە لاستیکەکان دووەم، ئەوە ئیشارەت مرورم هەر لەبیر نامێنێ. . . ئەوەی یەکجار ڕۆحی خەڵکی بردوە ئەو تاسانەیە. . هەریەکەیان دیوارێکە بۆ خۆی، مەگەر ببم بە چولەکەم. .

**قارەمان:** خۆ ئەو خەڵکە نەبوون بە چولەکە. . ڕۆژی چەند کەس دەردەچێ نە قاچیان دەلەرزێ‌و نە هیچ.

**شوان:** (چەرخەکە ئەخاتە قولی‌مشتی) من دەڵێم ناتوانم، ناتوانم، چۆنی چارەسەر دەکەیت کەیفی خۆتە، بە دەست خۆم نی‌یە زۆری لێ دەترسم.

**قارەمان:** (بە زەردەخەنەیەکەوە) هەقت نەبێ ئەگەر ئەڵێ‌ی بە بەرچاوتەوە تەلەفوونی بۆ بکەم لەبەر ئەوەی دڵت ئاو بخواتەوە. .

**شوان:** حەز دەکەم بە بەرچاومەوە تەلەفوونی بۆ بکەیت. . .

**قارەمان:** (دەست ئەداتە تەلەفۆون و ماڵی شێرزاد، بەڕێوەبەری هاتوچۆ وەردەگرێت، هەلاو. . .

**شێرزاد:** (خۆی تەلەفۆن هەڵدەگرێ، بەڵێ ئەهلەن کاك قارەمان ئەمر. . .

**قارەمان:** زاڵم ئەمر نەکات شوان پێ‌ی لێ کردووم بە کەوشاو ئەڵێ ئیجازەم دەوێ، نایش وێرم بچمە تەراییەوە.

**شێرزاد:** بۆچی؟

**قارەمان:** ئەڵێ شەرم دەکەم و بەهیچ جۆرێ لەبەر چاوی ئەو خەڵکە دەرناچم، زەحمەت نەبێ بەشکم بۆی تەرتیب بکەیت.

**شێرزاد:** هەرچی دەفەرموویت لەسەر سەرم و لە ئاستی تۆ سەرم پێوە نی‌یە. . بەڵام بۆ پاشە ڕۆژی کوڕەکەو بۆ ئەوەی شوفێرێکی کارامەی لێ دەرچێ بابچێتە تاقی‌کردنەوەوە، حەزدەکەم ئەویش بزانێ ئەو یاساو مەرجانەی زانایان بە خۆڕایی‌دا نەنراون. . . چونکە بیریان لە پاشە ڕۆژی مرۆڤ کردۆتەوە، هەتا ئەو تاقی‌کردنەوەیە گرانتر بێ ژیانی خەڵك باشتر ئەپارێزرێ، ئەگەر ئەو یاسایانە نەبن، ڕۆژی چەندەها کارەساتی دڵ تەزێن ڕوو دەدەن، ئەم قسانەیش ئەوە ناگەیەنێت کە من سەرپێچی لە کاری جەنابت دەکەم و ئەمەوێ قسەت بشکێنم. . . حەزدەکەم قسەکانی من بە کاك شوان بڵێ‌ی. . .

**قارەمان:** (بەدەنگێکی بەرز پێ دەکەنێ) ئەوەتا گوێ‌ی ناوە بە تەلەفۆنەکەوەو چیت ووتوە گوێ‌ی لێ‌یەتی‌و ئەڵێ قسەکانی لەسەر سەرم، بەڵام دەساڵ لەو جێگایە دەرناچم. . .

**شێرزاد:** (وادەمێنێ‌و سەرێ بائەدا) باشە باسبەینێ بێت بۆلام، هەرچۆنێ بێت بۆی تەرتیب دەکەم، هەرچەند قازانج ناکات، بەڵام ئەو شتانەی پێویستی لەگەڵ خۆی بیان هێنێ. . .

**قارەمان:** خۆم لەگەڵی دێم.

**شێرزاد:** پێویست بەو زەحمەتە ناکات من وتۆ جیاوازیمان نی‌یە.

**قارەمان:** خوا لە ئیمەت نەسێنێ.

**شێرزاد:** بۆتۆ هیچ نی‌یە.

**قارەمان:** بەقوربانت بم خوات لەگەڵ.

**قارەمان:** جگەرەیەك دادەگیرسێنێ) وابووی بە خاوەنی ئیجازەی خۆت.

**سەیران:** (لەپێش شوان دا بابە ئەی من؟

لە قوتابخانە کچی‌وا ئوتومۆبیل لێ ئەخورێ نیو ئەوەندەی ئێمە دەوڵەمەند نین.

**قارەمان:** کچی کێن؟

**سەیران:** ئەوەندە دەزانم یەکێکیان کچی ئەندازیارێکە...

**قارەمان:** چەند ئەندازیار هەن خواخوایانە ئیش لای باوکت بکەن، باچەند مانگێك بەسەر ئیجازەکەی کاکتا تێپەرێت پرسێ بەکاك شێرزاد بکەم.

دڵت هیچ نەکات خۆت نەخەیتە ڕیزی ئەوانەوە...

**شوان:** (بەباوکی) ئەو شتانە چین لە مرور داوامان لێ دەکەن؟

**قارەمان:** تەئیدی قوتابخانە، ڕاپۆرتی پزیشك...

**شوان:** (دائەمێنێ) باشە من چاوم کزە ئەبێ وێنەی چاوێلکە بەپشتی ئیجازەکەمەوە بێ، ئەگەر وابێ نەبوونی باشترە.

**قارەمان:** ئیجازەکەی باوکیشت وایە، چی تیایە خۆ شورەیی نی‌یە.

**شوان:** هاورێکانم گاڵتەم پێ دەکەن، ئەبێ ئەوەشم بۆ تەرتیب بکەیت خۆئەوە لە تەرابییەکە گرنگە تر نی‌یە، بەکورتی ئەبێ ئیجازەکە بە ئاسانی بێتە بەردەستم.

**قارەمان:** سبەینێ ئەچیت تێی دەگەیەنێ، ئەو لە ئیشی ئێمەدا سەرپێچی ناکات، ئەوەندە چاکەم بەسەر خەڵکەوە هەیە بە هیچ جۆرێ ناتوانن نکوولی لە ئیشی من بکەن.

لەم قسانەدا بوون نەوزادی کوری نەژاد خۆی بە ژووراکرد.

**قارەمان:** (بەنەوزاد) ئێستا دەهاتم بۆ چی هاتی؟

**نەوزاد:** باوکە وتی

**قارەمان:** برادەران هاتوون؟

**نەوزاد:** کاك شێرزادو کاك کاوە هاتوون.

**قارەمان:** کەوابێ هەرمن ماوم.

**نەوزاد:** بەڵێ

(قارەمان پێش دەکەوێ‌و نەوزاد بەدوایا...).

## «بینراوی دووەم»

شوێنماڵی نەژادە، کاوەو نەژاد بەیەکەوە دانیشتوون، شێرزادو قارەمان پێش شان بەشان بەرانبەریان، نەوزاد، کوری نەژادیش بەپێوەیە خزمەت دەکات و شتەکانی لەسەر مێزەکە ئامادە کردوە، مۆسیقایەکی نەرم و هێمن ئەبیستن.

تەلەفیزیۆنەکەش ئیش دەکات، بەڵام بێدەنگە.

**نەژاد:** (بتلێ وێسکی هەڵئەبچڕێ‌و چوارپێك دروست ئەکات) فەرموون:

**هەموویان:** بەخۆشیتان..

**قارەمان:** (پاکەتێ جگەرەی ڕۆسمەن لە گیرفانی دەرئەهێنێ).

فەرموون: -

**نەژاد:** ئەوە جگەرەیە..

**قارەمان:** ئەوەیش هی جەنابتە.

بەهێمنی‌یەوە دەخۆنەوەو باسی زۆرشت دەکەن، بەڵام قارەمان زۆرتر هەوڵ ئەدات قسەکان بەلای پارەو دەوڵەمەندیا بشکێنێتەوە.

**کاوە:** (بە شێرزادی بەڕێوەبەری هاتووچۆ) لە پێش ئەوەی جەنابت ببێ بە بەڕێوەبەری هاتوچۆ، چەند دیاردەیەکی سەیر بە ئاشکرا لە دائیرەکەتانا دەبینران، وەك دەستیاوو هاورێیەتی، ئاواتە خوازم ئەو گیروگرفتانە زوو چارەسەر بکەیت و زیادیان نەکەیت، چونکە هەتا ئێستا هەرکەسی هاتووە هەر زیادیان کردوون، بێگومان نازم هەیە بۆیە ئەم قسانە دەکەم، دەمەوێ پێش بکەوی‌و ئەوشتانە بگۆڕی هەرچەند تا ئێستا گۆڕانی وام نەدیوە..

**شێرزاد:** شانازی بە ڕاکانەوە دەکەم، هەرکەسی ڕەخنەی لێ نەگیرێ‌و پێش ناکەوێ‌و بەنەبەکامی دەمێنێتەوە...

**کاوە:** لەوانەیە جەنابت ئاگات لەوانە نەبێت، بەڵام تۆ لێ

پرسراویت و خەڵك لۆمەی تۆ ئەکات، بۆ نموونە خزمێکم هەیە ئیجازەی شۆفێری بە ئاسیاوییەوە وەرگرتووە بەبێ ئەوەی هیچی لێ بزانێ، لەم کاتەدا کەس باسی ئەو قۆمیسەرە ناکات، کە ئەوەی کردووە. . .

بەڵکو باسی جەنابت دەکەن و لێ دەدەن، تۆ باشتر دەزانی دائیرەی ئێوە زۆر گرنگە، هەتا بە توندی بگیرێ ژیانی دانیشتوان باشتر ئەپارێزێ و ئاسایش بڵاوئەبێتەوە، زۆر خۆشە بەگوێرەی یاسا برۆن و هەرکەس هەقی خۆی وەرئەگرێ هەرکاتێ کورەکەی من هات وەك خەڵك سەیری کەن، بانەخۆی بکوژێ و نەخەڵکیش، . . .

شێرزاد: ئەمجارەش سوپاست دەکەم، ڕاکانت پەسەندن و لە بەرژەوەندی منن، ئەگەر بەخۆم بزانم ئەم ڕایانە ئەوەندەی تر بەرزم دەکەنەوە. خۆزگە هەموو کەس وەك تۆ هوشیار بوونایەو وەك تۆ بیریان بکردایەتەوە. ئەگەر قسەیشمان بشکانایە زوویر نەئەبوو. . ئێستا من هاورێم هەیە زۆر لام خۆشەویستە چەندەها ئیشی بۆ کردووم، تەکلیف ئەکات ناتوانم لە قسەی دەرچم، بەڵام پێویستە لەمەولا بە خۆمانا بچینەوەو سنوورێك دانێین، ئەویش بەرژەوەندی گشتی یە. .

کاوە: بەپێچەوانەوە، هەق وایە هاورێکانت لە پێش خەڵکا عاجز بکەیت، دوایی ی، خەڵکیش گللەییت لێ ناکەن، برادەرایێتی و واسیتە لەهەر دائیرەیەکەدابن، کارێکی زیان بەخشن. بەڵام لە دائیرەکەی ئێوەدا یەکجار زیانەکەیان بێ سنوورن وئەبنە هۆی تیاچوونی چەندەها کەس.

شێرزاد: ئەوانەی ئەوە بە زیان نازانن، ئەوانەی ئەیانەوێ گاڵتە بە یاسا بکرێ. لەپێش منا کەم و کوڕی یەکی یەکجار هەبوو. بەڵام ئێستاش کۆتایی نەهاتووە، وەکو وتم پێویستە بەخۆمانا بچینەوە، ئێستاش هیچ دوور نەچین کاك قارەمان ـ ی هاورێی منداڵی هەموومان، لەمەو پێش تەلەفۆنی بۆ

کردم و، وتی ـ شوان ـ شەرم ئەکات و ناتوانێ بچێتە تاقی کردنەوەوەو ئیجازەی ئەوێ، باشە من چۆن دەست بە ڕووی یەوە بنێم؟ ئەویش چەند پیاوەتی ی بەسەرمەوە بووە جگە لەوەش هاورێی گیانی بەگیانین.

کاوە: شوان گەنجە بابچێتە تاقی کردنەوەوەو پشت بە خۆی ببەستێ، هەتاهەتایە باوکی بۆ نامێنێ، ئیجازەی گۆترە پاشەڕۆژی لێڵ ئەکات، ئەوە بەرژەوەندی ئەوی تیا نی یە بەڵکو چاڵی بۆ هەڵئەکەنن.

شێرزاد: تازە پەیمانم داوەتێ، بەڵام لەمەولا ڕێگە بەکەس نادەم.

نەژاد: تازە پەیمانەکەت بەرەسەر.

شێرزاد: ناچارم.

کاوە: وەك ئەم ڕەخنانەم هەن، سوپاس و ستایشیشم هەیە. ستایشی ئەو کارگێرە دڵسۆزانە کە جێگەی دەستی یان دیارەو چالاکیەکانیان وەك ڕۆژئاشکران لەبیر ناچن و لای هەموو خاوەن ویژدانێك، ئەوانە هەست بە لێپرسراوی ئەرکی سەرشانیان دەکەن، زیرەکانە گیروگرفتی ڕێویان چارەسەر دەکەن و ئەتوانن لەگەڵ شۆفێری باش و خراپا

گوزەران بکەن. ئەمەش بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان لە لایەکی تریشەوە ئەو دڵسۆزانە کۆڵەکە لەگەڵ بەفرو باران و ڕەشەبا ئەدەن، جاری واهەیە ڕەشەبا چەترەکان هەڵئەگرێ بەڵام ئەوان بەریەرەکانی دەکەن. بوونیان لە فولکەکان دا واتە یاسا. ئەگەر بە دەگمەن لە جێگەی خۆیان نەبن هەر شۆفێرە ئەیەوێ تێپەرێ لەو کاتەدا لمۆزی چەند ئۆتۆمۆبیلێ دەشکێ و زیان لە خەڵك ئەکەوێ. . ئەو ڕۆژەم لەبیر ناچێ کابرا پیرەکە هاتە لات وتی: ـ کورەکەم بەرەڵاکە خۆ ئێمە خزمین، تۆیش وتت: ـ یاسا لە ژوور هەموو شتێکەوەیە. هەتا یاسا هەبێ تیرەچێتی بەرکەنارەو دەوری کاریگەری خۆی نابینێ. کورەکەت دەست درێژی کردۆتە

سەر خەڵـك. ئەگەر بەرەڵڵای کەین و لێی نەپرسینەوە بەرەڵڵایی تەشەنە ئەکات، کەسیش بە قسەیان ناکات، جا باشتر وایە چاوەڕێی ئەمری دادگابیت هەر ئەو ئەتوانێ خزمەتی هەمموومان بکات. ئەمە لەماوەی نیو سەعاتا بە چاوی خۆمە دیومە. جا ئەبێ بە درێژایی ڕۆژگار چی ڕوویدات ئێوەش چارەسەری ئەکەن.

**شێرزاد:** سوپاس...

**کاوە:** (ویستی لە باسەکە لابداو بەوپەڕی هێمنیو هۆشیاری یەوە) بە بیرتان دێ هەرچوارمان لە شەشی سەرەتایی بووین، منداڵی گەڕەك لێمان ئەترسان، ئای لەو ڕۆژەی سەری ئازادمان شکاند، دایکی چووە لای بەڕێوەبەر شکاتی لێ کردین، ئەویشی باشی لێداین، بەتایبەت کاك قارەمان، هەمووی لە ناوچەوانی ئەوی دەناسیو.

**پێی ووت:** تەمەڵێو تەوەزەل، ئەمانە تۆ بۆ منی دروست دەکەیت و ڕێگات لەو قوتابیانەش تێك داوە، بەراستی یادگاری یەکانی ئەیشەڕە تۆپەڵەکەی ئەو زستانەی پەنجەرەی منی تیا شکا؟

جارێکیش پەنجەرەی قوتابخانەمان شکاند، ئەوجارەش باشمان خوارد.

**نەژاد:** (ڕوو دەکاتە کاوە) وابزانم ئازاد لە دائیرەی ئێوەیە؟

**کاوە:** بەڵێ هەتا بڵێی فەرمان بەرێکی دڵسۆزەو دەست پاکە بە هیچ جۆرێ حەزی لە قاچ و قوچ نییەو ڕقی لە مرۆڤی دەست پیس و گیرفان برە، هەتا ئێستا چەند جار دەستی ئەوانەی خستۆتە ڕوو کە بەقاچاخ چێتیو دزی خۆیان پێگەیاندووە، لەبەر ئەوە لای من زۆر خۆشەویستە... خۆزگە هەموو فەرمانگەیەك چەند کەسی وای تیا ئەبوو...

**قارەمان:** (لا لا مرورەخان پیخەتەی هەلکرت و قومیکی قوڵی لێدا) ئەوەندەی تر سوور بووە، موەکانی گرژبوون...) بەڵێ کاك کاوە قسەکانت فەلسەفەن، وادیارە ئەمشەو بە من و کاك شێرزادەوە گرتوویتەو بۆ ئێمە دەعوەت کراویت.

بۆ ئەوەی پلارمان تێ گریت، تۆ ئەو جا لای ئێمە بەڕێوەبەر بوویت دوومانگ گوزەرانت نەکردو دەریان کردیت، ئەوە سەیرە ئەڵێ ئەگەر کوڕەکەی من هاتە لات وەك خەڵـك سەیری بکە، ئاخر پێم نالێی کوڕەکەی تۆ ئیشی بە مرور چی یە؟! بۆ کەرێك لەبەر دەرگاکە تا هەیە سواری بێ؟

یان بڵێ تۆ کەی ئەوەندە دۆستی یاسا بوویت؟!

تۆ خۆت نەزانیت من هەتا شەشی سەرەتا بیم خوێندوە واتە جەنابت زانستکات تەواو کردوەو سەرکەوتوویت و من فاشیلم، هەر لەبەر ئەوەش بووە بەڕێوەبەر لە منی داوەو جنێوی پێداوم. حەز دەکەم پێت بڵێم نان ئەو نانەیە ئێمرۆ لە خوانە، تۆ چیت هەیە؟ خۆت و ژنەکەت فەرمان بەرن، ئێستاش کرێ چین و عەرەبانە شرێکتان نی یە لێی خورن و سەری مانگ پولتان پێ نامێنێ. منیش بە پارە دەتکێشم، بە کوێرایی چاوی دوژمنەوە سبەینێ سۆپەرمان بۆ دەرئەچێ، جایا هەزار شوناسنامەت هەبێ، تازە پێناگەیت، ئەتەوێ داخی دڵی خۆت بەو قسانە دەرکەیت و بڵێی ئەوانە بە قاچ وقوچ خۆیان پێگەیاندووە.

ئێمە بە زیرەکی خۆمان پێگەیاندووە خەڵك بەخیلیمان پێ ئەبات. ئەو کاتەی بەڕێوەبەری ئێمە بوویت، من لێ پرسراوی مەحزەن بووم لە ئۆرزدی باك یا خەڵـك منی ئەناسی، ئێستاش بەڵێندەرێکی بە ناوبانگم، لەم شارەدا چەند فەرمان بەری خاوەن شوناسنامەی وەك جەنابیشم هەیە... هەیانە موچەکەی لە جەنابیشت زیاترە.. کاك شێرزادیش گوێ لەو فەلسەفانەی تۆ ناگرێو مرۆڤێکی وشك نی یەو ئەزانێ بژی... بە وەفایشە.

**شێرزاد:** (بە ڕووگرژی یەکەوە) بەپێچەوانەوە من زۆر سوودم لە قسەکانی وەرگرت، پشت بە یەزدان لای من ئەبنە یاساو ئەیان پەرستم و شانازی یان پێوە دەکەم، ئەو ڕێزەی هەمە بەهۆی دوو برادەری وەك كاك کاوەوەیە.

**کاوە:** (لە سەرخۆ ڕوو دەکاتە کاك قارەمان) کاك قارەمان من ڕووی دەمم نەکردە تۆ، نەك جەنابت کە هاوڕێمی پلار لە کەس ناگرم، بۆچی کەس هەیە باسی یادگاری منداڵی خۆی نەکات...؟

جا حەیف نی یە ئەو یادگارانە ناوەخنیان پلارو تانە بێت؟

ڕاستە من لە دەرگاما کەرێك نی یەو ئێستایش کرێی ی خەڵکم، بەڵام ئەوە ترمی نی یە، چونکە من نەم ویستووە بە گیرفان بری‌و قاچ وقوچ خۆم پێ بگەینم...

خۆم گوزەرانم نەکرد چونکە نەم توانی بەسەر دەستە پیسەکاندا زاڵم ببم، من هەر دۆستی یاسابووم و پەرستومە، لە ژیانما یەك پێ یابیم کردوە، ئەویش لە کەیە بە ناوچەوانمەوە دیارە، ئەو لەکەیەش ئەوە بوو کە تۆم کرد بە لێپرسراوی (مەخزەن) ئەمە بەلای منەوە کردەوەیەکی کوێرانەیەو هەڵەیەکی گەورەیە لە ژیانم دا هەتا ئەمرۆ پێوەی ئەناڵێنم...، ئەم ئازارەیش ئێستا دەست پێ ناکات، بەڵکو لەو کاتەوەیە کە دام مەزرانی‌و بۆم ئیمزاکردی.

ئەیش زانم چەندەها ئیشی بێ‌سەرو بەرت کردوە، هەقیش نەبوو باسی بەڵێندەری خۆت بکەیت، چونکە ئەو خەڵکە هەستیارن و هیچیان بەسەرا تێ ناپەرێ، ئەو جۆرە خۆپێگەیاندنە زیرەکی نی یەو بەخیلیان پێ نابرێ، من بەش بە حاڵی خۆم بەزەییم بەو جۆرە کەسانەدا دێتەوە زۆر بە هەژاریان ئەزانم، ئەوان و منیش لەناو خەڵك دا دیارین، باسی شوناسنامەت کرد، حەز دەکەم باش بزانی شوناسی نامەکەی خۆم بەم شارە ناگۆڕمەوە....

چونکە ئەزانم چی لێوە فیربووم، هەمیشە شوناسنامەکەی ئەو جارەت بە بیردێ حەمە جانم بانگ کردوو پێم ووت: ـ

ڕاستە قارەمان کوتاڵ و جل وبەرگت ئەداتێ‌و لە بنەوە شەریکن؟

ئەویش وتی: ـ ڕاستە قازانجەکەی نیوەیە، چەند جارم پێ وت منداڵم زۆرە، نیوەی قازانجم لێ مەستێنە، ئەویش و وتی: ـ

نابێ، خۆ هەرتۆ نیت، ئەمە نموونەیەکە لە هەزاران نموونە، کە شتەکان ئەگەیشتنە ئۆرزدی دوای نیو سەعات هەل و فەسل ئەکران و کوڕم ئەوبیست قەمسەڵەیەکی دەست کەوێ.

**نەژاد:** (بە قارەمان) کاك کاوە لەگەڵ تۆی نەبوو، بە خۆڕایی چوویت بە گژیا، چەندەها ساڵە هاوڕێی ئێمەیەو هێشتا پلاری تێ نەگرتوویت و هەمیشە برامان بووە، ئەوەتا چەند تێبینی‌یەکی بەرامبەر بە کاك شێرزاد هەبوو، ئەویش بە سنگێکی فراوانەوە وەری گرتن و سوپاسایشی کرد، ئەمجارەش ئەڵێم: هێرشەکانت ناڕەوابوون چونکە خۆیشت بروات بە وەزن و شەخسیەتی کاك کاوە هەیە، بەڵام خۆتی لێ گێل دەکەی...

باشم لە یادە چەند جارێ ستایشی کاوەت لای من کردوە، هەرگیز باوەرم نەکرد خاوەنی ئەو ستایشە ئەم هێرشە ناڕەوایە بکات!؟

بێدەنگی....

**قارەمان:** (داما: ستایشەکانی خۆی بیرکەوتەوەو لای خۆیەوە ئەی وت: ـ لەباتی جارێ سەدجار ستایشم کردوە، ستایشێك بردومەتە کەشکەلانی فەلەك. بە ڕاستی پشت و پەنای منیش بوو. ئەگەر ئەو نەبوایە خاوەنی هیچ نەئەبووم، بەڵام ئەڵێ‌ی چی. ئەڵێ‌ی چی لەگەڵ قسە ڕەقەکانیا، ئەو قسانەی وەك تیرکاری تێ کردم، منیش ئەقڵم لای خۆم نەماو پیا نەقیمەوە، تازە قسەت لە دەم دەرچوون و ناگەڕێنەوە).

**شیرزاد:** شریتی بیری قارەمان ئەبرێ) کاك قارەمان غەدرت لێ‌کرد، کەی ئەم هێرشە ناڕەوایانە لە ناو ئێمەدا هەبوون؟

ئەوەندە ئەزانم کاوە ڕاست گۆیە، وەك ئێمە لێفە بەسەر شتانادات... (ئەو قسانە کاریان سەر قارەمان، دەنگی حەمە جانی دوکان دا چوو بە گوێی داو خستی بە بیرکردنەوە: ـ کاك قارەمان خۆت دەزانی خاوەنی کۆشێ

منـدالْ، بۆ چی نیـوەی قازانجـەکـەم لێ دەستێنی، خۆ دوکانەکەم لەگەڵ ناکەی بەدوو لەتەوە؟

هەموو جارێ پێم دەڵێی لەگەڵ دوکاندارەکانی تردا یە یەك چاو سەیرتان ئەکەم، بەڵام وانی یە. . هەندێ دوکاندر دوو قات و سێ قات وەردەگرن. . هیچ نەبێ شتەکانمان وەك یەك بەرێ.

(پەردە)

## «بینراوی سێهەم»

**شوێن**: ژوورێکی خەستەخانەیە، کات سەعات چوارو نیوی دوای نیوەڕۆیە، شوانی کوڕی قارەمان لەسەر مێزێکی درێژ دانراوە خەڵتانی خوێنەو بەهیچ کلۆجێ ورتەی لە دەم دەرناچێ پزیشکێك و دوو برین پێچ چارەسەری ئەکەن. . .

دووای شەش دەقیقە گیانی دەرئـەچێ، چەنـد کەسێ دەوریـان لێ داوەو قسـە لەگـەڵ یەکتری ئەکـەن، یاخـود لەگەڵ پزیشك و برین پێچەکان.

**کەسی یەکەم**: (ڕوو دەکاتە برین پێچێکیان) ئەمە چەند جارێ لە شەقـامـەکـانی شاردا شەری بە من فرۆشتـوە، جارێکیـان خۆی پیـامـاڵیم و دەرگـایـەکی بردم، منیش لە ئۆتـۆمـۆبیلێکی ترم دا، پۆلیسی هاتـووچـۆ ئیجازەکـەی لێ سەندو سەیرێکی کردوو ووتی:

تۆ کوڕەکەی قارەمان نیت. .؟ ئەویش وتی بەڵێ ئەوم.

ئەویش سەرێکی ڕاوەشاندو ئیجازەکەی دایەوە دەستی.

منیش ووتم بۆچی. .؟ ئەو کوڕە وا دیارە چاوی کزە. چاوێلکـەش لەچـاو ناکـات. . .؟! پۆلیسـەکـە ووتی: - حیکایەتی ئەمە باش ئەزانم، نەك من هەموو کارگێرێکی هاتـوو چۆ دەیزانن. . . بەکـورتی ئەم کوڕە ئیجـازەی بە هەقی خۆی وەرنـەگـرتـووەو نەچـوّتـە تاقی کـردنـەوەوە جگە لەوەیش چاوی کزە. . لەمـەبش سەیـروسـەمـەرەتـر لای شورەیی یـە چاوێلکـەلـە چاو کات، یاخود وێنەی چاوێلکە بەسەر پشتی ئیجازەکەیەوەیەتی.

**کەسی یەکەم**، (بە پۆلیسەکە) بۆچی؟

**پۆلیسەکە ووتی**: باوکی بەڵێدەرێکی گەورەیەو هاورێی بەڕێـوەبـەری هاتـووچـۆیە، هەرچی لەگەڵ بکەم بێ سوودە لەوانەیە خۆم بگرێت. . . ئیتر بۆچی سەری خۆ بێشێنم؟

**کەسی یەکەم**: ناهەقت نی یە من زیانی ئەوە دێشمەوە ئەبژێرم ئەویش ئەبێ زیانی ئەوەی من بژێرێ.

**پۆلیسەکە ووتی**: هەقی خۆتە، بەڵام بۆ ئەوهیچ نی یەو بەوەیش تەمێ خواردوو نابێ. . .

**کەسی دووەم**: (ڕووی کردە ئەوانەی ڕوویان لێی بوو).

ئافـەرم بۆ ئەو دائیـرەی ئیجـازەی داوەتێ، دیـارە کوڕە دەوڵەمەندە، خۆزگە لە باتی ئەو پیکابەی ئەم خۆی پیاماڵی ئۆتۆمۆبیلەکەی بەڕێوەبەری هاتووچۆ بوایە. . . ئەوجا قەدری عافێتی ئەزانی. .

**کەسی سێیـەم**: (بـەگـاڵتـە کردنەوە) باشە وەجاخی باوکی کوێر نەکردوتەوەو کاڵایە قەدەر باڵایە، ئاخر بڵێی بەدبەخت دەورەت گیـرابـوو، شێت بووی، سەرخـۆش بووی، . . بڕوابکە ئەو ترومبیلە خۆیو باوکی دەهێنێ.

**کەسی چوارەم**: ئەو ترومبیلە ئارەقی ناوچەوانی هەژارانە لە کۆنـەوە وتـویـانـە کەرێـك بەپـارەی بەفـر بکرێ ئاو ئەیبات ئەمیش ئەم سەیارەی بە ئیف دەست کەوتووە. . . جابەکێ بەشیری دزیو قاچاخ چێتی گۆشیبگرێ هەر ئەم نموونەی لێ دەردەچـێ. . . بەس نەبـوو هەر زیـانی بۆخـۆی بوو کەسی لەگەڵ خۆی کێش نەکرد. .

**فەراشی خەستەخانە**: (دێتە ژوورەو سەرشۆر دەکاتەوە).

ئەوەشـوانـی کوڕی قارەمـانـە؟ نازانن ئەمـە چی لەو حەمەجانە کلۆڵەی برامە کردوە، ئەو سوێەرە بەری ئارەقی ناوچـەوانی ئەویشی تیـایـە، هەمـوو مانگێ ئەچـوە سەر دووکاندارەکان ئەت وت قەرزی لە سەریانە، بەڵام هەقی خۆی وەرگرت ئەمەیە ئەنجامی دەست پیسیو ناپاکی.

**کەسی سێیـەم**: ئەمـە ئاواتی خۆی نی یـە، بەڵکـو تاوانی باوکیو لێپرسراوانی هاتووچۆیە.

# ڕوون کردنەوەی شیعرێکی عەلی بەردەشانی

نامەران بێباك

«عەلی بەردەشانی» بوێژی میللی کوردی بلیمەت هونەرێکی لە ڕادە بەدەر بە توانایەو لە هەموو لایەنێکی ئەدەبی دا ـ ئەسپی خۆی تاوداوە، بگرە لە شیعری ڕامیاریو مێژوویی یەوە هەتا شیعری کۆمەڵایەتیو دڵداریو تەنانەت «شەڕە جوێن» یش ـ هجاء ـ .

هەر ئەم هۆیە گرنگانەشە کەوا وای کردووە ناوبانگی «عەلی بەردەشانی» کوێر نەبێتەوەو هەردەم بەنەمری بمێنێتەوە. بەڵام بەداخەوە زۆر لە شیعرەکانی عەلی فەوتاون و نەنوسراونەتەوەو زۆریش لەگەڵ شیعری فۆلکلۆری‌دا تێکەڵ بوون و بەئاسانی جیا ناکرێنەوە، هەر بۆ نمونە بەیتی «کوڕە کەچەڵ» کە دەمە تەقێیەکە لە ـ نێوان کوڕەکەچەڵێکی کاروانیو کچەکی ئاواییەك زۆر ـ بەیتێکی خۆش و درێژەو زۆر کەس بەهی «عەلی بەردەشانی» دادەنێت و زۆریش بە «فۆلکلۆر»ی دەخوێنێتەوە. بەڵێ بەشێکی زۆر کەم نەبێ لە شیعری عەلی چیتر بڵاو نەکراوەتەوە ئەمەش جگە لەو بەیتانەی کەوا زۆر درێژن و چەند بەشێکی کەمیان لێ بڵاو کراوەتەوە هەر بۆ نمونە هەر وەکوو مامۆستا «محەمەد تۆفیق ووردی» نەمر دەیگێڕێتەوە کەوا [بەیتی کیسەڵ لە «٥٠٠» دێر زیاترە، بەڵام بەداخەوە لە کاتی خۆی هەموویم نوسیبۆوە کە لە قەڵادزەدا مامۆستا بووم لەناو تەنەکەیەك لەگەڵ گەلێ شتی ترو دیوانی هەڵبەستی خۆم کە بەرهەمی «١٥» ساڵم بوو میری «دەوری شای گۆڕبەگۆڕ» دەریان هێناو بردیان لە سولەیمانی سووتاندیان]. [١٠] بێ‌گومان ئەم ڕووداوانەش هۆیەکانیان هەموو دەگەڕێتەوە بۆ باروو زروفی کورد لەو

هەواڵنامەی ئەدەب
KURD ARSHIV

سەردەمـانـەدا. . «عەلی بەردەشانی» پسپۆرە لە. لە هەموو لایەنێکی شیعریو [گرنگی عەلیش لەوەدایە:ـ

لە کاتێك دا بوێژەکانی ترمان کە مەلاو خوێندەوار بوون بە فارسـیو عەرەبـی شیـعـریـان دانـاوە یان هەمـوو هەڵبەستەکانیان تەنیا باسی دڵداریو یارە، ئەو بوێژە میللیە هەستی نیشتمـانپـەروەری پاڵی پێوەنـاوە کە بەیتی میللیو حەماسی ڕێـك بخات بۆیـە عەلی لە ڕیزی بوێژانی نەمر دەژمێـردرێت چونکـە:ـ هەڵبـەستی نیشتمانی بۆ دوا ڕۆژی کورد یەکجار گرنگـە]. . .[٢] بەیتـەکـانی نیشتمـانپەروەری عەلی هەروەکوو بەیتەکانی تر لەم ـ بێ بەختی‌یە بێ بەش نەبـوون و هەربـۆیـەشـە لە بەشێکی کەم زیاتر هیچیان لێ بڵاو نەکـراوەتـەوە. . . بەڵام بەهیمـەتی ئەدیبـانی کورد لە دوارۆژ دەتـوانـرێ چەنـدەهـا بەرهەمی شاردراوەی ئەدیبانی کورد لە مۆزەخـانـەو کتێبخانە ـ جیهانی‌یەکان بدۆزرێتەوەو لێ‌یـان بکـوڵـدرێتـەوە، چونکـە ئێستـا مۆزەخـانـەو پەڕتوکخانەکانی ڕۆژئاوا پڕن لە دەستنوس و کەشکۆڵی کۆنی کوردیو تا ئێستـا دەستی ڕەحمـەتیـان نەگـەیشتـوتێ هەر بۆ نمـونـە: [پـەڕتـوکی «KurdisCheHandschriften» کەوا ئەمـە دەستـنـوسێکـەو بەزمـانی ئەڵـەمـانی نوسـراوەو لە (٩٢) ـ دەستنوسی کوردیو «٥»ی فارسی پێك هاتووە کە ئێستا لە کتێبخـانـەی شاری ماربـورگ و توبینگن و کاتی خۆشی لە کتێبخانەی (برووسی) میری بوون بەهۆی جەنگی جیهانی دووەم بۆ ئەم شوێـنـانـە گوێـزرانـەوە][٣] . . . «عـەلی بەردەشـانی» بەستـەزمـانیش لەم ڕەحمـەتـە بێ‌بـەش نی‌یە هەروەکوو مامۆستا ووردی دەڵێ: [گەلێ هەڵبەستی عەلی بەردەشـانی نوسـراوەتەوەو ئێستا لە مەختومەیەکی کۆن دا وا ئێسـتـا لە بەرلینی ڕۆژهـەڵاتـە زۆر هەوڵم دا کە دەستم بکەوێت بەڵام بەداخەوە سەر نەکەوتم][٤] ئەمە هی ئەم لاو ئەولا بەڵام ئەوەی لەبـەر دەست دایە بریتی‌یە لە هیمـەتی ئەدیب و لێ کۆڵـەرەوەکـان ئەمـەش هەر بەردەوامە بەرەو دوا ڕۆژێکی ڕووناك.

«بـەیتێ داران» بەیتێکی درێـژی عەلی‌یـەو تا ئێستـا هەمـووی لێ بڵاو نەکـرابـۆوە بەڕاستی زۆر جێگـەی پێ خۆشحـاڵیمـە کاتێ بینیم لە ڕۆژنـامـەی هاوکـاری ژمارە ـ ٦٩٨ ـ دا کاك «زیاد حمد امین» ئەم بەیتەی بەتەواوی بڵاو کردوێتـەوە، جا هەروەکـو چۆن ئەم بەیتـە گەوهـەرێـك بوو خرایـە سەر کەلـەپـوری کوردیمان وادەزانم ئەم گەوهەرە بە نرختـریش دەبێت ئەگـەر هاتـوو بخـرێتـە ژێرهـەنـدێ تێبینیەوە. . . وادیارە کاك زیاد پاش گەڕانێکی زۆر بەدوای ئەم بەیتـەدا لەو بنگـردیو بەردەشـانـەدا هیچی چنـگ نەکەووتووە جگە لە پەیمانێکی بێ‌بەر پاشان لە دوو شوێنی جیـاوازەوە لە ناسیـاوێـك و نەنـاسیـاوێکـەوە دوو نوسـراوی تەواوی بەیتەکە ـ بەیتێ داران ـ ی بەدەست کەوتووە، کەوا یەکێکیـان بە خەتێکی فارسیو ئەویـتریشیـان بە خەتێکی ناخۆش نوسراون. . جیاوازیەکی کەمیشیان هەبووە [بەڵام بەهـۆی سەرواکـانیـانەوە بە ـ ئاسانی چاککراون][٥] پاشان کاك زیاد پێش ئەوەی تەواوی بەیتەکە بنوسێ دەڵێ [ئەمەش تەواوی بەیتـەکـەیە]و چیرۆکی ڕووداوەکە دەنوسێ کە گوایە (عەلی) لە تەمەنی چواردەو پازدە ساڵیدا لەگەڵ کۆمەڵێك لە کیژ و کوڕان چونـتـە چیـای ئاسۆسێ بۆ دارهێنان لە دوای

ئەوەی کە هەرکەس کوڵەداری خۆی تەواوەکات تێکرای کیژ و کوران کۆ دەبنەوەو دەست بە شایی دەکەن و لەناو شایی کەرانیش دا کیژێکی تێدا دەبێ دەستی شایەری دەبێت و شایەکەش دەگێڕێ کەناوی [خەج]ە عەلیش وەڵامی دەداتەوە [گوایە ئەمە یەکەمجاربووە عەلی بەردەشانی گۆرانی بڵێ و خەڵك بزانن کەوا عەلی شایەرە](٦) لێرەدا ڕێگە بەخۆم دەدەم بۆ بەرژەوەندی «کەلەپور» تێبینیەکانی خۆم بخەمە ڕوو:

١ - یەکێ لە مەرجە بنەڕەتییەکانی کۆکردنەوەی فۆلکلۆر بەم شێوە نوێیەی کەوا ئێستا باوە ئەوەیە کەوا - ئەوکەسەی بەرهەمەکەی لێ وەرگیراوە لەگەڵ ناوی ئەم گوندە - جێگا - یەی کەوا بەرهەمەکەی لێ وەرگیراوە بنوسرێت بەڵام کاك زیاد ئەمەی پشت گوێ خستووە.

٢ - جێگای سەر سوڕمانە کەوا نوسەر دەڵێ [جیاوازیەکی زۆر کەم نەبێ نەیان بوو کەوا بەهۆی سەرواکانیانەوە بە ئاسانی چاك کران](٧) .. ئێمەش دەپرسین ئایا ئەم جیاوازییە

کەمە چی بوو؟ ئەگەر ڕێنوسە کە بوو هەروەکوو خۆی وتەنی [یەکێ لە دەست خەتەکان بەخەتێکی شێوە فارسیو ئەویتریشیان بەخەتێکی ناخۆش نوسرابوو] ئەوا ئەمە ناکاتە جیاوازی!!

ئەگەر جیاوازیش هەبوو دەبوایە بۆ (بەراوردکردن). و ئەمانەتی ئەدەبی دەست نیشان بکرابایە ویاخود هەرنەبا لە پەراوێز دەستی بۆ ڕاکێشرابا.

٣ - چیرۆکی ڕووداوەکە جێگەی لێ کۆڵینەوەیە:-

ئایا ئەم چیرۆکە لە هەردوو دەست نوسەکەدا هەبوو و وەکوویەکە کەوا کاك زیاد خستویەتیە ناو - بەیتەکەوە بە شێوەیەك کەوا دەڵێ: ئەمەش تەواوی بەیتەکەیەو چیرۆکەکە دەنوسێت یان نا.. ئەگەر لە هەردووکیان دا وەکوو یەکە دەپرسین:

ئەگەر بەگوێرەی چیرۆکەکە بێت وا بەدیار دەکەوێ کەوا ئەمە یەکەمجارە «عەلی» گۆرانی بڵێ و خەڵك بزانن کەوا شایەرە.. ئایا چ بەڵگەیەك هەیە بسەلمێنێ کەوا ئەمە یەکەم هۆنراوەی عەلی بەردەشانییە؟؟! نەخێر ئەم حوکم دانە هەروا کارێکی ئاسان نییە کە ئەم بەیتە بکەینە یەکەم هۆنراوەی «عەلی» خۆ خوێندەواریشی نەبووە بنووسێتەوە هەتا بڵێین پێشتر هەیبووە بەڵام بە گۆرانی نەیوتووە!!. ئەگەر ئەم چیرۆکەش ڕاستە ئەی بۆچی لە پێشەکیدا بە وتنی (خەج) دەست پێ ناکا؟ کە بە گوێرەی چیرۆکەکە وا بەدیار دەکەوێ خەج یەکەمجار گۆرانی وتبێ؟ ئەگەر چیرۆکەکە ڕاستە دیارە بەیتەکە ناتەواوە!! واتە گوتەی «خەج» لە یەکەمجاردا پەڕیوە..

٤ - جێگەی خۆیەتی کە دەڵێ [هەڵبەستێکی بڵاو نەکراوە] چونکە ئەم بەیتە یەکەمین جارە وا بەم شێوەیە تەواوییەوە بڵاو دەکرێتەوە.. بەڵام ناشبێ هەرگیز ئەمە لەیاد بکەین کە مامۆستای خوالێ خۆشبو «محەممەد تۆفیق ووردی» چەند برگەیەکی زۆری ئەم «بەیتە»ی بە جیاجیا بڵاو کردۆتەوە لەپەرتوکی «هەندێ لە هەڵبەست و بەیتەکانی عەلی - بەردەشانی - ١٩٧٣» کە لە دوواییدا دەیانخەینە ڕوو بە بەراووردکردن.. بەڵام ئەوەی سەیرە مامۆستا «ووردی» بۆ هەر برگەیەك لەمانە چیرۆکێکی سەربەخۆو جیای بۆ داناوە!!

ئێستاش بۆ «بەراورد کردن»و ڕاست کردنەوە ئەو بەشانەی مامۆستا ووردی ئەوەی لە بەیتەکەدا هەیە بەراورد دەکەین و بڵاوی دەکەینەوە:-

أ - سەرەتای دەست پێکردنی بەیتەکە لە هی کاك زیاد بەم شێوەیەیە:

تۆفیقم دەی یا جەببار
یا پاشای پەروەردگار

یاخوا خۆش بن گوێبەگوار
لەگەل گەلی نازداران
بە جەلەب دەچووینە داران
لێی هەڵ کردین تاوێك باران
یاخوا خۆش بێ بۆ قوماران
یالا خۆش بین هەر بمێنین
ناعیلاجین ناویان دێنین
ناوی تۆم لە سەر زاری‌یە
دەوان زێرو مرواری‌یە

بەڵام هی مامۆستا ووردی لە ژێر ناوی «عەلی و کچێك لە کاتی دارکردن دا»: [جارێك عەلی دەچێتە ناو شاخ بۆ دارکردن لەگەل چەند کەسێك لەوێدا چاوی بە کچێکی جوان دەکەوێ]:-[8]

- ١ -

تۆفیقم بدە یا فەلەك
تۆفیقم دەی یا جەببار
یا پاشای پەروەردگار
دنیا خۆش نی‌یە بێ‌ی گوارەدار

- ٢ -

دنیا خۆش نی‌یە بێ‌ی نازداران
بە جەلەب هاتووینە داران
لێی هەڵ کردین تاوێك باران
دەبا خۆش بێ بۆ قوماران

- ١ -

یاخوا خۆش بن هەر بمێنن
ناعیلاجین ناویان بێنین
ناوی تۆم لەسەر زاری‌یە
ددان زێرو مرواری‌یە
ددانت وەکوو مرواری
ڕوومەت وەك گوڵی بەهاری

## تۆمەلی یان حۆری

لە کاتی بەراورد کردن دا دەبینین هی مامۆستا ووردی لە سەرەتادا نیوە دێرێك و لە کۆتایشدا دێرێك و نیوی زیاترە لەهی کاك زیاد. . کە زۆر گونجاوترە ئەگەر بەیتەکە بەم نیوە دێرە زیادەیە دەست پێ بکات:

تۆفیقم بدە یافەلەك
تۆفیقم دەی یا جەببار

وە ئەگەر سەیری نیوە دێری دووایمان کرد لە هی کاك «زیاد محمد امین» دەبینین زۆر لەگەڵ دێرو نیوە زیادەکەی مامۆستا ووردی ڕێك دەکەوێ‌و بەم شێوەیەش لەگەڵ بەیتەکەدا وای لێ‌دیت:

ناوی تۆم لە سەر زاری‌یە
ددان زێرو مرواری‌یە
هی زیادو ووردی
ددانت هەروەك مرواری
ڕوومەت وەك گوڵی بەهاری
تۆ مەلەکی یان حۆری
دێرو نیوە زیادەکەی
مامۆستا ووردی
هەنیەت وەکوو گوڵی خۆری
گەردنێ زەردت پڕ لە مۆری
هی کاك زیاد

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت سەرەتاو بەردەوام بوونی بەیتەکە تەواوترو ڕێك ترە. . . جیاوازیەکی کەمیشی هەیە لە نێوان ووشەکان دوو دەقەکە ئەمەش بە ئاشکرا دیارە.

× × ×

ب ـ مامۆستا ووردی بەناوی [بۆچی عەلی ڕقی لە پیرە ژنان بۆتەوە] لە ل٤٩ دا لە پەرتووکەکەی‌دا چوار برگە. هۆنراوەی نوسیوە لەگەڵ هەندێ قسە دەربارەی پیرەژنان و

ئەگەر سەیرمان کرد دەبینین کەوا برگەی سێیەم و چوارەم لە ناو (بەیتێ داران) ەکەی کاك زیاد دا هەیە هەردووکیان بەم شێوەیەن:

| هی مامۆستا ووردی | هی کاك زیاد لە هاوکاری |
| --- | --- |
| - ٣ - | |
| پیرەژنە کوێری بێددان | پیرەژنە کوێری بێ ددان |
| مایەی فتنەی ئاخر زەمان | مایە فیتنەی ئاخری زەمان |
| مایەی فتنەیە خزمینە | مایە فیتنەیە خزمینە |
| مەمیش هەبێ خاتووزینە | مەمیش نەبێ خاتووزینە |
| - ٤ - | |

بارێ ترێو هەنجیری تەڕ
پیرەژنە کوێری ئەهلی شەڕ پیرەژنە کوێری ئەهلی شەڕ
سەد مەسحەفیان بۆ بخۆی
بەپەڕ   قورعانم بۆ خوارد پەڕبەپەڕ
بە هیچ قسان ناکەن باوەڕ   قەت بە یەکی نەکرد باوەڕ

لەکاتی بەراوورد کردن دا:

١ ـ کاك زیاد دەڵێت: «مایە فیتنەی ئاخری زەمان»و مامۆستا ووردی دەڵێ «مایەی فتنەی ئاخر زەمان» لێرەدا وەدیار دەکەوێت کەوا هی مامۆستا ووردی ڕاست ترە چونکە «مایەی» چاکتر لەگەڵ بەیتەکەدا ڕێك دەکەوێت نەك «مایە»..

٢ ـ مامۆستا ووردی نوسیویە «مەمیش هەبێ خاتووزینە»و کاك زیاد نوسیویە «مەمیش نەبێ خاتووزینە» کە هەردووکیان پێچەوانەن. بەڵام هی مامۆستا ووردی تەواوترە لە لایەن ڕێزمانەوە چونکە مانا نادات بڵێین «مەمیش نەبێ خاتوو ـ زینە» بەڵکو ئەگەر وابێ دەبێ بڵێین «مەمیش نەبێ مەمە»!!

بۆیە هەر هی مامۆستا ووردی ڕاست ترە کە مانایەکەی پڕ بە پێستی‌یەتی «مەمیش هەبێ خاتوو زینە»..

٣ ـ نیوە دێری «بارێ ترێو هەنجیری تەڕ» لە هی مامۆستا ووردی زیاترە کە زۆر گونجاوە ئەم نیوە دێڕەش بخرێتە بەیتەکەوە وە وای لێ دێت:

یاخوا بەدکار چقڵ و بەرد بێ
بە نەعلەت بێ تا دەمرێ
هی کاك زیاد   کەری لە کێوان بخورێ
ڕەزی نەگرێ بارەك ترێ
بارێ ترێو هەنجیری تەڕ
پیرەژنە کوێری ئەهلی شەڕ
هی مامۆستا ووردی
سەد مەسحەفیان بۆ بخۆی بەپەڕ
بە هیچ قسان ناکەن باوەڕ

لێرەدا دیتمان بەم شێوەیە گونجاوترە..

٤ ـ هەندێ فەرمانی ڕابوردوو و ڕانەبردوو یان جیاوازە کە ئەمەش زۆر گرنگ نی‌یە بە نیسبەت بەیتەکە!

× × ×

جـ ـ مامۆستا ووردی لە ل٤٣ دا بە ناوی «ڕەمەزان و عەلی» بەشێکی «بەیتێ داران»ی بڵاو کردۆتەوەو خۆی دەڵێ: [ئەو دەمە تەقەیەش زۆر کەمەو نی‌یە کە زۆر دوورو درێژ بێ] لێرەش من هەردووکیان دەخەمە ڕوو:-

| «هی مامۆستا ووردی» | «هی کاك زیاد» |
| --- | --- |
| | عەلی: ـــــــ |
| عەلی: نەقەرزارم نەزۆردارم | نەقەرزارم نەزۆردارم |
| ماچێکم دەیە ڕێبوارم | ماچیکم دەیە ڕێبوارم |
| کچ: | خەج: |
| لەو هەتیوەی ناوگرانە | لەو هەتیوەی نێوگەڕانە |
| بەو عەردەی کەم بەو عاسمانە | بەو عەرزەی کەم بەو عاسمانە |
| لەسەر سینگم دوو فنجانە | لەسەر سینگم دوو مەرجانە |
| هەردوو دەورەی کلیل دانە | هەردوو دەربەی کیل دانە |

**لەئاقار تۆ بێ پاوانە**      لەئاقاو تۆ بێ پاوانە

**بەڵام چبکەم ڕەمەزانە**      بەڵام چی بکەم ڕەمەزانە

**لێرەدا دەچەسپێ کەوا هی مامۆستا ووردی بەشێکە لە دەبەیتی دلارانە..**

**لەکاتی بەراوورد کردن دا چەند جیاوازی‌یەکی کەم ـ دەبیستین کە ئاشکران..** بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دێرانە خەج واتە پاش «بەڵام چ بکەم ڕەمەزانە» هەتا دوواپی لە هی کاک زیاد دا بەناوی «خەج» ڕۆیشتووە کە گوایە ئەمە «خەج» خاوەنی‌یەتی تادوایی...

بەڵام لەڕاستیدا لە:

به شێخ عەزیزی ساردکێ

خۆم لێ‌ماوی سەیێ لەکێ

ڕۆژوو بە ماچان ناشکێ

هەتا     هەر لە موسڵێ تا بەغدایە

گەورەی هەموومان خودایە

هی عەلی‌یە چونکە لە ناوەڕاست ئەم دێرانەدا دێرێك هەیە دەڵێ:

لەسەر سینگت دوو نارنجە

یەك بەچکە لەو یەك بێ وەجە

د ـ لە لاپەڕە «٥١» دا مامۆستا ووردی بە ناوی «دووعای عەلی بۆ بەدکار» پاش هەندێ قسە ـ لە بارەی بەدکاران ئەم چوار برگەیەی بڵاو کردۆتەوە:

ئەگەر بەدکار لێ بگەڕێ

گورك دەگەل پیرە مەڕێ

جەهەندەم چیدی ناگرێ

گورگ دەگەڵ پیرە مەڕێ

گەر بیگاتێ لە لەسەوەرێ

چی بێ ناڵێ لێی دەگەڕێ

ـ٢ـ

چی بێ ناڵێ ساقن ساقن

گورگ و مەڕو کەرو بزن

وەك عەشیرەتان یەك دەبن

ـ ٣ ـ

یاخوا بەدکار هەر بمرێ

کەری لەکێوان بخورێ

ڕەزی نەگری بارەك ترێ

مانگای پیربێ‌و کەڵ نەگرێ

ـ ٤ ـ

یاخوا بەدکار چقڵ و بەرد بێ

هەتا مردن‌بەنەحلەت بێ

لێرەدا لە کاتی بەراوورد کردن دا چەند جیاوازی‌یەك دەبینرێت دەربارەی ووشەو دێرەکان بەڵام لە هی کاك زیاد دا ئەم دێرانە هەروا لە دووای یەك دانین بەڵکو لە چەند بەشێکی جیاوازی بەیتەکەدان ئەمەش لە کاتی سەیرکردن دا ڕوون و ئاشکرایە پێویست بەڕوون کردنەوە ناکات..

ئیتر هیوای سەرکەوتن بۆ کاك زیاد دەخوازم و ئومێدەوارم بەردەوام بێ لە خزمەت کردنی ئەدەبی فۆلکلۆرو کەلەپوری کوردی‌و بژی‌یادی مامۆستای نەمر «محەممەد تۆفیق ووردی».

* * * *

پەراوێز

«١» «هەندێ لە هەڵبەست و بەیتەکانی عەلی بەردەشانی» ل٧٦.

«٢» هەمان سەر چاوە ل٨.

«٣» چەند دەستنوسێکی کوردی ـ سەردارمیران ـ گۆڤاری کاروان ـ ژمارە ٣ ـ ل٢٤.

«٤» هەندێ لە هەڵبەست و بەیتەکانی عەلی بەردەشانی ـ محەممەد تۆفیق ـ ووردی ـ ل٨ ـ

«٥» هاوکاری ژمارە «٦٩٨» هەڵبەستێکی بڵاو نە کراوەی عەلی بەردەشانی ـ زیاد حمد امین ـ

«٦» هەمان سەرچاوە..

«٧» هەمان سەرچاوە.




# له پایزا

شیعری/ کامەران حمەنوری

دنیای بینین
زەرد هەڵگەڕابوو
زەمەن توّف و کرێوەبوو
ئەوەی دەنگە بوو
لوورەی بابوو
پایزێکەو هیوای عومرم
نەشئەی دڵە
ساڵەهایە..
«چاوەڕوانی خونچەیەکم
ها ئێستاکە... سوورەگوڵە
ئەی لەبیرتە...؟
هەناوو بەندی جگەرم
ڕۆژێکی غەمگینی پایز
وەکو باران
چەندەها گەڵای زەردو جوان
کەوتە سەرشانی هەردوکمان
هەموو دەمێ
ڕووەو دیدەنی یەکتر بووین
توّ گوڵی پێدەستێك بویت و
من ڕوباری سەرهەڵگرتوو
من ڕێبوارێکی ماندووبووم
لەسێبەری دڵەی من دا
توّش فریشتەیەکی نوستوو
ئەو ڕۆژانە
لەگەڵ ڕێژەنی بارانا
ئیمە ڕێبواری شەقامی چوڵ وهوڵ بوین
هەردووك زنجیری پاڵتوّمان
هەڵئەپێکاو...
قوڵمان لەقوڵی یەك دەنا
لەژێر سایەی چەترێك دا بوین
جارجار نمەی ووردی باران
ئەپژا لیمان
بروسکەی عەشقی شیرینی
ئەو ڕۆژەمان
نەتریفەی پێکەنین بوو
نەسوّناتەی شین و گریان

* * *

کوانێ ڕۆژانی دیدەنی‌و
هەواڵ پرسین...؟
کوا یادگاری چەند ساڵەی
پێکەنین و غەم و گرین

* * *

بوّ سەردەمێك
دڵم خوّشی تیاڕوابوو
کەجێت هێشتم
بڕوابکە...!
تەنانەت ئەلبومەکەشم
وێنەکەتی تیانەمابوو




## «ڕەوشتی شانۆ»

### رزگار کریم

«پێشکەشە بەو هونەرمەندانەی کە هونەر یان لە خۆیاندا خۆش ئەوێ، نەك ئەوانەی کە خۆیان لە هونەر دا خۆش ئەوێ!»

کێشەی ڕەوشتەکانی شانۆ هەموو ژیانی ستانسلاڤسکی هونەرمەندیان لە ئامێز گرتبوو، بەتایبەت دوای ئەوەی ئاکامی «شانۆی هونەری مۆسکۆ» بەرەو کزی چوو، ئەم پەنای بردە بەر ستۆدیۆ نوێیەکەی کە گەلێ «ئۆپێرا»و میلۆدراما»ی وەهای پێشکەش کرد نەك لە روسیا بەڵکو بۆ هەموو ئەورووپای سەلماند کە داهێنەرە هەموو بەیانی‌یەك لە مەسەلەی ڕەوشتی شانۆی ئەدووا ئەیوت:ـ

«شانۆ پێویستییەکی تەواوی بە پەرتوکێك هەیە کە لەسەر رەوشتە شانۆیی‌یەکان بدوێ» مردن بواری نەدا ئەو پەرتووکە بەنرخە تەواو بکات، تەنها ئەوە نەبێت کە چەند مسوەدەیەکی لە پاش بەجێ ما، ئەوەی کە لەگەڵ بارو دۆخی ئەمرۆی ئێمەدا بگونجێ دەیخەمە ڕوو لەبەر چەند هۆیەك:ـ

١/ مل ملانێ‌یەکی سەیر لەنێوان هونەرمەندە کان و لاوە تازە پێ‌گەیشتووەکاندا پەیدا بووە کە زۆر کەس دەیبەنەوە بۆ هەندێ بار و دۆخی دەوروبەر و کۆمەڵ!! بەڵام دەیبەمەوە بۆ «رەوشتە شانۆیەکانی هەردوو بەرەکە» نێ نەگەیشتن لەیەکتری دوور خستنە وەیەکی نامۆی لای هونەرمەندە لاوەکان دروست کردووە.

٢/ کە دەڵێن مل ملانێی دووبەرە، بەلای منەوە مل ملانێی دوو رۆشنبیریی‌یە رۆشنبیری هونەرێکی «جاد»، کە هەردوولایان کەم یا زۆر خزمەتی مرۆڤی ئەم رۆژەی کورد ئەکەن.

جا بۆ مل ملانێی یەکەم ستانسلاڤسکی مەزن لە سێ روانگەوە تیشکی خستۆتە سەر گیروگرفتەکە ئەوانەش:ـ

١ - ڕەوشتی هونەرمەند لە شانۆدا.

٢ - ڕەوشتی هونەرمەند (ئەکتەر) لە دەرەوەی شانۆدا.

٣ - پەیوەندی بارە هونەری‌یەکان و ئیداری‌یەکان لە شانۆدا.

هەردەم ئەیوت:ـ «کاراکتەری بچوك لە ئارادانیە، بەڵکو ئەکتەری بچوك هەیە» واتە: نابێ ئەکتەرەکانمان بەوە بنازن کە هەردەم ئەبێ کاراکتەری گەورە و دیالۆژی زۆر وەربگرن، زۆر رقی لە «نجومیەت» و «کورە ئازاکە!!» ئەبووەوە، هەردەم وەسفی شانۆی «پەرستگا»ی ئەکرد، ئەکتەران نابێ پروپاگەندەی نابەجێ و پیلان و رق و تەماعکاری و خۆپەرستی و پاشقول پاگرتن بهێننە ناو ئەم پەرستگایەوە، ئەیوت «شتێکی جوان نیە کە جل وبەرگە پیسەکانمان بە بەر چاوی خەڵکی‌یەوە بشۆین چونکە زاڵ نەبوون بەسەر دەروون و زاتمان دا نیشان ئەدات...».

بڕوای تەواوی بە ئیشی هەرەوەزی هەبوو رقی لەو کەسانە ئەبووەوە کە خێزانی شانۆی خۆشەویست لێك ئەپچڕێنن و ئەیووت:ـ «ئەو کەسانە تەنها بەرامبەری برادەرە هونەرمەندەکانیان تاوانبار نابن بەڵکو بەرامبەری ئەو هونەرەش تاوانبار ئەبن کە لەپێناویدا خزمەت ئەکەن».

هەموو جار باسی خۆشەویستی ئەکرد و داوای بواری

لەئەکتەرە سەرکەوتوەکان بۆ لاوەکان ئەکرد، هەردەم جەنگی نێوان ئەکتەر و دەرهێنەر و تەمەلوقی یەکەم لەپێناوی دەرکەوتن دای رق لێ ئەبووەوە، بەئیرەیی بردن و رقەبەرایەتی هەندێکانی ئەووت «شەرێکی گەورەن» بۆیە کە بە ئائومێدی‌یەوە ئەیووت: ـ «لەبەختی رەشماندا ئەم رەوشتە نابەجێیانە زۆر بەر بلاوە تەنانەت لەناو ئەکتەرە لێهاتووەکانیشدا کە لە لوتکەی داهێناندان».

دوو ئافرەتی ئەکتەری ئەناسی کە نەك لەپشت کەوالیسەوە بەڵکوو لەسەر شانۆشدا ناشیرین ترین جنێویان بەیەك ئەدا ئەیووت «دوو ئەکتەر ی زۆر بەناوبانگ ئەناسم کە رازی نابن لەیەك دەرگاوە بێنە ژوورەوە» ئەم عیبارەتەی بە نائومێدی‌یەوە باسکردووە لەو پارچە مسووەدانەدا.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم پەتایانەش پاکی و یاسا دوو کاریگەری زاڵ بوونن بەسەریاندا!! خالی دەست پێ کردن لای ستانسلافسکی زیوان ئەوەیە کە بارێکی خاوێن باڵ بەسەر شانۆدا بگرێت لەگەڵ یاسای دەرهێنەردا لێرەدا ئەگەر تیپێکی هونەری نەیتوانی زاڵ بێت بەسەر، چەند ئەکتەرێکی خۆیدا کە هەوڵی دروخستنەوە ورقەبەرایەتی لێهاتووەکان بکەن، چۆن ئەم دەستەڵات و پاکی‌یە شانۆی‌یە جێی ئەگرێ؟!

بێویستە ئەو کەسە دڵ رەقانە بزانن کە شانۆ تەنها موڵکی ئەوان نیە!!

پێویستە بزانن و بروانە ناخی پووچەڵی خۆیان کە هەموو مرۆڤێك هە ولی بەدەست هێنانی خێر و بەختەوەری ئەدات بۆ کۆمەڵەکەی لەرێی رۆشنبیری و شانۆوە!! بەڵێ، ئەکتەری داهێنەر ئەوکەسەیە «ئۆسکار وایلد» ووتەنی: ـ «ئەکتەری پاك یا زیوانێکی مەزنە یا گاڵتە گێرە» کەواتە ئەبێ ئەو کەسانە ئەوە بزانن کە بەدرێژایی ژیان بەدواوی پاکی و چاکی دا ئەگەڕێن، ستانسلافسکی دیتەوەو لەم بارەیەوە ئەڵێت: ـ «زۆر هونەرمەند هەن کە ژیانی خۆیان تەرخان کردووە بۆخراپەکاری، بێ ئەوەی بزانن کە، راستی‌یەك هەیە ئەویش، ناتوانن کە کاری نواندنیان لەسەر بینەرەکە یان هەڵ بسەنگێنن». بینەر رەوش و پاکی لە هونەرمەندەو فێر ئەبێت، ئەو هونەرمەندە ئەڵێم کە یەرتووك خانەیەکی رۆشنبیری‌یە و لەسەر شانۆ ئەجوڵێتەوە و ئەگری و ئەسووتێ کەواتە با دوور بن لە خۆنیشاندان بۆ کردەوەی قراپ و پاشقول گرتن و پاشملەیی و زەیف!! پاشان باسی رەوشتی ئەکتەران لەدەرەوەی شانۆ ئەکات کە ئەکتەرێکی لیهاتووی «روسی» چۆن لە بارێکی شەودا ناشرین جولاوەتەوە پاشان پیسی و رق و کینەی دوای خواردنەوەیەکی زۆر دەرکەوتووە، تەنانەت پارەی خواردنەوەکەشی نەداوە و بەشێوەیەك لەمیوانخانەکە جولاوەتەوە و لەسەر شەقامەکاندا جوێنی داوە کە خەریك بوە رێگای نەدەن لەوێ بنوێ، کەواتە لەدەرەوەی شانۆشدا ئەکتەر ئەبێ ریزی خۆی بگرێ، موڵکی ئەو میللەتەیە نەك وەك هەندێ کە لەسەر شانۆو تەلەفیزیۆن بەختی بۆ لواوە و بووە بە «هونەرمەند»!! بە..لام لە دەرەوە و چایخانە و دوکان و باریگاکاندا وەك گاڵتەگێڕ و مایەی پێکەنین مامەڵە ئەکات!! رەوشتی شانۆ تەنها ئەکتەر و دەرهێنەر ناگرێتەوە بەڵکو هەموو بەشدارانی تیپەکە ئەگرێتەوە.

ستانسلافسکی ئەڵێ: !! ئەگەر هەریەکە لە چاودێرو بلیت فرۆش و لێپرسراوانی ناو هۆڵەکە ریزی بینەریان نەگرت، و میزاجی ئەویان بە رەوشتی ناشرین تێك دا تەنها خراپەیان لەگەڵ بینەرەکە نەکردووە بەڵکو لەگەڵ هوونەری شانۆ بەگشتی».

لە کۆتایی دا باسی ئیداری و تەکنیکی هونەری و پارە سەرف کردن و مەسەلەی بازرگانەکانی هوونەر ئەکات کە تۆزێ لە ئێمەوە دووربن بەڵام تەنها شتێ ئەڵێم: ـ

«پێویستە هەر یەکە لای خۆیەوە بەخۆی دا بچێتەوە و خۆی بناسێ، ئەمە لەلایەك پێویستی سەرشانی لیژنەی بەرێوەبردن لە تیپەکانیشدا ئەوەیە کە تێگەیشتن و خۆشەویستی و بەختیاری بگەیەننە ئەکتەر چونکە ئەمە گەورەترین دیاری‌یە کە بەرێوەبەرایەتی بۆ هێنانەدی کرداری داهێنان و لەدایك بوونی داهێنەر بیکات لە شانۆدا!!




## وەرە .. كولادەركە

○ جلال وەيسى ○

**ژ نيڤەكا ..**

بێدەرێت خەم و ژانا
د كەمە ڤيرى
سەرێ‌خو بلندكەم
كەسەك نينە
نە كوترەك ل ئەسمانى
نە ئاشوبەك ل سەر ئەردى
وەرە جانێ
دەستێ من بگرە
من ژبن جەنجەرا ئێش و دەردا ..

بينە دەرێ

نێ لەشێ‌من هەمى ..
كولە
خڕ برينە
دەستێ‌خو درێژكە تاڤێ
ژێ بكێشە چەند داڤێت زێرى
كومەكا ستێرا لێ ب وەرينە
برينێت من پێ ب كەوينە
هەمى كولێت من پێ دەركە
وەرە ..
نێ من كەسەك نەما



## «بۆ مەهاباد»

● پۆلا عبدالله توفیق ●



له ئاسمانا
له مانگەوە
له کۆمەڵێك ئەستێرەی کاروانی شەوی
کۆمەڵێك ڕۆژنامە نووس
فریشتەی خوایی
بارگەی تێك نا
ڕووەو زەوی
بۆ کوردستانی ئێرانا
له لاپاڵێکی پێدەشتەکەی
لەنگەریان گرت
بەنیازی هەڵماڵین
بەردەی پرسیاری
وردو درشت
لەوێ بەرەو
تاشەبەردی وردوخاش بووی کوێستانا
بۆ کانیو خانووی ڕوو خاوا
بۆ دارستانی داربەڕوو
بۆ جوانی ئەو کوێستانەی
کە لەجیاتی کەوو ئاسکە
بۆنە مۆڵگەی مشك و پەپوو
بۆ دیتنی ئەو دیمەنەی
کە داربەڕوو
لەجیاتی بنێشتە تاڵە
قەدوو گەڵای
بە خوێنی سوور
تێری ئاڵە
بۆ دیتنی ئەو دیمەنەیی
لەجیاتی ریحانە کۆیلکەیی جوانی ئاسك
بۆتە جزوو درکی درێژی حوشترالوك
لە ئەنجاما
بەکۆمەڵی سکاڵایی
دەست بەدکارا
بەرێ کەوتن بەرەو دەروازەیی
کردگار
گشتیان کرد
بە یادگار
بە یادگار




## چەند گوتنێن ئاوارە

- حسين محمد هروري -

شرين!
قەت کەسێ نە بوراندە ژين
هو بساناهی!
جار ژێك دویربون و. .
ئاوارەو دەبەدەری
جار ژی چاڤ پێکەفتن و. .
بيناهی
بەلێ. . شرين
کەس نينە دوير ژزلم و تاری
يان ژێ بێ بەهرو. .
شەر لگەل نەکری
کەسەك نينە
خو ل بەر بارۆڤەو. .
بريسك و. .

عەورو. .
. . بارانا
نە ملساندی
نە مت کریو. .
مايە ل هيڤا ساهی!
شرين. . !
هوسايە ژين
(جارەك بو من. .
جارەك لسەر من)
جار شرين. .
جار تەحل!
جار تاری. .
جار ژی رۆناهی
تا ل مروڤی. .



پەیدا دبیتن مرن!

● ● ●

ئەڤجار شرین
بلا بۆتە. .
قەت نەبیت خەم!
خەڤك و داڤێن. .
ژینێ لبەر مە ڤەدابن
پێ نەڤێتن. .
خودانا پاش و ژێ ڕەڤین.
ئاوارەیی و. .
ژێك دویربونن
دێ هەر کەڤینێ ئەم!
هینگێ دڤێتن ببزڤین
گەر کەفتینێ
داکو هەر تێدا نەمینین.
چنکی شرین
ئەڤ هەڤالن
دنیابوو ژین
هو ژمە دڤێتن
دێ هوسا ژین!

● ● ●

بەلێ. . نارین
زۆر پێتڤی نە ژبو مەژی
خاتر خاستن و
ژێك دویربوین
گەر کو نەبن
قەت ل مە نوی نابن
ژین و ئەڤین
ئەڤین و ژین

ڕاپۆرتی ڕۆشنبیری بەیان

## ڕاپۆرتی سلێمانی

## «دووەم میهرەجانی ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردی»

دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لقی سلێمانی بەماوەیەك پێش دەست پێکردنی دووەم میهرەجانی ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردی ـ بە شێوەیەکی بەربڵاو خۆی ئامادەکرد بەمەبەستی پێش کەش کردنی چەند چالاکی یەکی فرەلایەنی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەبی. . سەر لەبەیانی ڕۆژی ٩/ی ئازار بەچاودێری بەڕێز مامۆستا ـ جەعفەر عبدالکریم بەرزنجی ـ لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانیدا پێشانگایەکی هاوبەشی بۆ پانزە هونەرمەندی لاو کردەوە کە بە «٤٠» چل تابلۆی هەمەجۆر هۆڵی مۆزەخانەیان ڕازاندبۆوە هونەرمەندی جیهانی. مامۆستا «دارا حەمە سەعی» و دەربارەی ئەم پێشانگایە نووسیویە: ئەمە جاری دووەمە کە شارەزایی لەگەڵ ئەم کۆمەڵە هونەرمەندە لاوە پەیابکەم نەك وەکو چەند ئامێرێکی چالاك کە بەشداری ئەکەن لەگەشەکردنی کولتوردا. چونکە ئێمە ئەزانین کە مەرج نیە هەرچی لەبواری هونەردا کاربکات ئیتر ئەوە روناکبیر بێ لەهەمان کاتدا مەرجیش نی یە هەرچی ڕووناکبیربوو هونەرمەندیش بێ ئەمەوێ بڵێم هونەر کەرەسەی خۆی هەیەو کولتوریش کەرەسەی خۆی هەیە

### ○ باوکی شنە ○

کەواتە با بیرلەوەنەکەینەوە چی بکەین؟

با بیربکەینەوە چۆنی بکەین و شۆڕبینەوە بە ناخی وردەکاری یەکانداو زۆر بەتیژی سەرنج لە هەموو شتێ بدەین و شی بکەینەوە بزانین چۆنە بەبێ ئەوەی بپرسین ئەو شتە چی یە؟

با جارێ واز لەو چیەتی یە بێنین بۆ پیاوی خۆی ئەگینا سمێڵشی ئەهاوینە بان و دەستە ووسان خۆمان لەخانەی تەمەڵیدا ئەبینینەوەو هونەری کوردیش هەتا هەتایە گوژم نادا. . دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی یەکێکە لەوانەی کە ئەرکی ئەم بواری چیەتی یەی گرتوتە ئەستۆ بەوەی کە هانی ئەو پیاوانە بدا کە ناوم بردن بۆ فراوان کردنی گۆشەکانی ڕەخنە سازی کوردی ئەوەی شیاوی گووتنە پێشانگاکە بەدرێژایی ڕۆژانی میهرەجانەکە بەردەوام بوو هەر سەر لەئێوارەی ئەو ڕۆژە لەهۆڵی یەکێتی ناوچەیی نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی جەماوەرێکی زۆر لەئەدیبان و ڕۆشنبیران بەدیداری مامۆستا «مستەفا نەریمان» شادبوون ئەویش لێکۆڵینەوەیەکی زۆردانسقەو پێویست و زیندووی بەناوی (کتێبی کوردی لەقوتابخانەکانمان ـ دا»ی پێشکەش کرد، سەرەتا مامۆستا کەریم زەند وەك بەڕێوەبەری کۆڕەکە بەخێر هاتنێکی خۆی ئاسای ئامادەبووانی کرد، ئەوجا دەربارەی ڕۆڵی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ـ دووا سەبارەت بەهەوڵ

دانیــــان بۆ پێش خســـتـــنی ئەدەبی کوردی ـ دوای ئەوە کورتەیەکی دەربارەی ژیانی مامۆستا ـ نەریمان ـ باس کردو گووتی: مامــۆستـا ساڵی ١٩٢٤ لەکفری لەدایك بووە لە ساڵی ـ ١٩٤٢ ـ دا خانــەی مامــۆستایانی تەواوکردووە لەگەڵێك لە قوتابخانەکانی ناوچەی کوردستان ـ دا دەرسی ووتۆتەوە تا لە ساڵی ١٩٧٠ ـ دا کراوە بە سەرپەرشتیاری پەروەردەیی و دواجــار لە ساڵی ١٩٨٢ ـ دا خانــەنشین کراوە . . . پاش ئەوە مامــۆستـا ـ کەریم زەنـد ـ ئیشارەتی بەوەدا کەلەچلەکانەوە دەنووسیێ و لە ـ گەلاوێژ ـ و ـ دەنگی گێتی تازە ـ و ڕۆژنـامـەو گۆڤارەکـانی ئەو سەردەمانەدا تا بە ئێمـرۆدەگـات بەرهــەمی ئەدەبی هەمــە ڕەنگــەی خۆی بڵاوکـردۆتـەوە ئەمـە جگـە لە لەچاپدانی چەند بەرهەمێك لەوانە ـ هەڵبەست بۆ قوتابیان ـ شانۆنامەی ـ عەلی فەنی ـ و ـ توێژینەوەیەك لە پێنج بەهرەی نجم الدین مەلا ـ و خەلیل منــەوەر ـ شاعیــری چەوســاوەکـان ئەوە سەربــاری چەنـد بیبلوگـرافیـایـەك لەوانـە بیبلوگـرافیـای بەیان ـ بیبلوگرافیای قوتابخانەکان بیبلوگرافیای هاوکاری.

دوای ئەو ناســانـدنــە مامــۆستا نەریمـان هاتـە سەر خوێنـدنـەوەی باسـەکەی کە بە کورتی و پوختی بریتی بوو لە سەرهــەڵـدانی قوتابخانە ئاینییەکان لەوێوە قۆناغ بەقۆناغ ڕاژەی پێشکـەوتنی و گەشـەکـردنی ئاستـە ڕۆشنبیرییەکانی دەسـت نیشـان کرد ئینـجـا ئیشــارەتی بەدەوری ئەو کەڵەپیاوانەدا کە لەو بوارەدا شوێن پەنجەیان دیارە . . پاش ئەوە بەدرێــژی قســەی لەســەر کتێبــەقوتابخـانـەیی یە چاپکراوەکان کرد بەتایبەتی لە دوای ساڵی ـ ١٩٦٨ ـ ەوە تائیمــرۆ ـ لەدووەم ڕۆژی میهــرەجـانی ڕۆژی ڕۆشنبیــری کوردی ـ دا لە هۆڵی پەیمــانگــەی هونــەرە جوانــەکــان لەسلێمــانی و هەر لەژێــر دروشمی پێکـەوە بۆ بنیات نانی عێراقی مەزن دا» بەشی هونەری شانۆ شانۆنامەی «ئاشتی خوازەی پێشکەش کرد کە لە نووسین و دەرهێنانی «کەمال ڕەئووف هەنجیرە» بوو کە ئەم قوتابیە ئەکتەرانە بەشداریان تێـداکـرد ـ نیاز لەتیف ـ ئاکـۆعـومەر ـ ژیان ساڵح سامان عوسمان ـ شێرکۆ عادل ـ فەرهاد غەفور ـ ابوبکر مصطفیٰ ـ یوسف عثمان برهان غەفور ـ دڵشاد حسەین ـ ڕێبوار ئەمین ـ احسان عثمان ـ هەر ئەو ڕۆژەو لەهەمان هۆڵ کۆڕێك بۆ مامــۆستــای هونـەرمـەنـدو ئەدیب ـ ئەحـمـەد سالار کە بە ناونیشــانی شیعــری شانۆی لای گریکـەکـان، ئەم کورە یاسین بەرزنجی هونـەرمـەند پێش کەشی کردو مامۆستای بە ئامــادەبــوان ئاشنــاکــرد زیــاتــر لە باسی کارە ئەدەبی و هونـەریـەکـانی هونـەرمەند احمد سالارەوە، ئینجا مامۆستا سالار هاتە سەر خوێندنەوەی باسەکەی کە تیایدا لەسەر ـ شیعری شانۆیی لای گریکەکان ـ دووا . . مامۆستا سالار ـ بە شێــوەیــەکی گشتی باسی ئەو پەیــوەنـدییە بنەرەتی و گەورەیـەی کـرد کە لە نێوان شیعـرو شانـۆدا هەیە . . ئەمەو دوای کۆتـایی هاتنی باسـەکـە لەلایـەن ئامادەبـووانە چەنـد پرسیــارێـك ئاراستــەی مامـۆستـا سالار کراو. ئەویش وەك پێویست وەڵامی پرسیارەکـانی دایەوە. . بەڵام لەکۆتایی ڕۆژی سێیـەمی میهـرەجـانـەکـەدا «١١/٣» ئاهـەنگێکی گۆرانی و مۆسیقــای قەشــەنــگ پێشکــەش کرا لەهــۆڵی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری جەماوەر کات ژمێر (١٠)ی سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژە خەڵکێکی زۆر لەهونەرمەندان و ئەدیبان و هونەر دۆستان ئامادەی ئاهەنگەکەبوون. . . لەلایەن چەند هونەرمەندێکی دەنگ خۆشەوە ئاهەنگەکە ڕازێنرایەو، لەوانە هونـەرمـەنـدان، محمـد جەزا زەنگـەنـە. محمـد ابراهیم عبـدولـی مستــەفـا ڕۆوف ـ کامــل حسن ـ دوای ئەوەی ئاهەنگەکە لە دووسەعات زیاتری خایاند کۆتایی پێهات.

سەر لەئێـوارەی هەمــان ڕۆژ ـ هۆڵـەکـەی یەکێتی نەقابەکان باوەشی بۆ خەڵکـانێکی زۆرو کۆمـەڵێـك ئەدیب و ڕۆشنبیرو هونەرمەند کرد بووە بەئومێدی ئەوەی نووسەری هێژا «خاتوو

لەیلان» باسەکەی پێشکەش بکات کە بەناونیشانی «ئافرەتی کورد لەسەرەتای دروست بوونی ئادەمیزادەوە ئیمڕۆبوو» . . .

سەرەتا برای نووسەرو ڕۆژنامەنووس کاك ـ ئازاد مەحمود مستەفا ـ خاتوو لەیلان ـ ی بەئامادەبووان ناساند دوای ئەوەی بەناوی دەزگای ڕۆشنبیری‌یەوە بەخێرهاتنێکی گەرمی کردن و پیرۆزبایی ئەو ڕۆژ و یادە ئازیزەکە بەگشت لایەك ڕاگەیاند . . . ئینجا نووسەرمان هاتە سەر خوێندنەوەی باسەکەی کە دابەشی کردبوو بەسەر سێ قۆناغدا ـ ئافرەتی کوردو مێژووی ئافرەتە ناودارەکانی کورد لەپێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلام و سەردەمی ئێستامان ـ دا . .

لەڕاستیدا ئامادەکردنی بابەتێکی واچڕو بەپێز لەلایەن ئافرەتێکی نووسەرەوە نەك هەرمایەی پیرۆزبایی لەخۆکردنە بگرە ئومێدی گەورە لادروست بوونە کە ئاسۆی ڕۆشنبیری کوردی‌وا خەریکە ئەو پەڵەیەی لەسەر لادەچێ‌و دەرەوێتەوە دیارە ئەمەش بەتەنیا هەستێکی تاکە کەسی نی‌یە هەربۆیە ئامادەبووان پرسیاری زۆریان ئاراستەی نووسەرکرد وەکو بڵێ‌ی بە ئاواتەوەبن دەربارەی ئافرەتی کورد لەزمانی ژنە کوردی نووسەر خۆیەو بزانن ئەویش بەسنگێکی فراوان و زۆر بەکراوەیی‌یەوە وەڵامی پرسیارەکانی دەدانەوە . .

ئەمە جگەلەوەی هەر بەبۆنەی ڕۆژی ڕۆشنبیری کوردی‌یەوە لەهەر سێ قەزاکەی رانیەو قەلادزێ‌و هەڵەبجە ـ دا چەند چالاکی‌یەکی ڕۆشنبیری کرا کە بەڕاپۆرتێکی تایبەتی‌و سەربەخۆ بڵاوی دەکەینەوە . .

## ڕاپۆرتی هەولێر

شێرزاد عبدالرحمن

● **لە چالاکی‌یەکانی دەزگاکەمان . . .**

یەکێ لە چالاکی‌یە زیندووەکانی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی لقی هەولێر، بریتی‌بوو لە کردنەوەی پیشانگای سێ‌یەمی هونەرمەند سەردار سنجاوی کە لە هۆڵە دێرینەکەی مۆزەخانەی قەلاّ لە لایەن مامۆستا محمد محی‌الدین جێدرای ئەمینداریتی ڕۆشنبیری‌و لاوان کرایەوە . . .

هونەرمەندی لاو سەردار سنجاوی لە ساڵی ١٩٦٤ لە کەرکوك لە دایك بووەو تا ئێستا سێ پیشانگای کردوتەوە، پیشانگای یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٩و پیشانگای دووەمی ١٩٨٣ ، سەرباری بەشداربوونی چالاکانەی لە پیشانگای گشتی‌ی هونەرمەندانی کورد بۆ دووجارو بەچەند تابلۆیەك



لە بەرهەمەکانی . . . .

لەم پیشانگایەشدا کە سێ‌یەم تاقی‌کردنەوەبوو، ـ ٢٩ ـ تابلۆی ڕەنگینی خستبووە ڕوو، لە دیارترین ئەو تابلۆیانە «بەرزبوونەوەی خودی مرۆڤ، ڕامانێکی تێکرایی، لە نیگای گوندێکەوە، مرۆڤ، ڕەگاژۆبوونی عەشق، ژیانی ڕۆژانە، داکشان بەرەو بەرزی، سرووشت، حاڵەتێك . . .» .



سەردار سنجاوی دەنگێکی مۆژدەبەری بزووتنەوەی تەشکیلی یە لە شاری هەولێردا، ئەگەر بێت و بە تاقی کردنەوەی هەردوو پیشانگاکانی ڕابردووی دابچینەوە، بەئاسانی دەتوانین دەست نیشانی هەنگاوەکانی بکەین، بەتایبەتی لە ڕووی بەکارهێنانی ڕەنگ و دەسەلاتی بەکارهێنانی، سەردار سنجاوی لە تابلۆکانی دا هەولی خۆ دۆزینەوەی خۆی ئەدات، هەولی گەران بە دوای پاشەڕۆژ و دەربڕینی خەونی مرۆڤ...

«سەردار»ی هونەرمەند، لەم هەولە تازەییەی دا، بەردەوامە لە خۆ دۆزینەوەدا... کە سەرنجی تابلۆکانی ئەدەین، هەست بە دنیای تایبەتی دەکەین. هەست بە دەنگی تایبەتی... لە بابەتەکانی دا، وێنەی ڕوخساری ژیان دەکێشێ، خەونی پاکی مرۆڤ ڕەنگ ئەداتەوە...

حالەتەکانی سەردار سنجاوی، بۆنی خاك و ئافرەت و خۆزگەی لێ دێ، خۆزگەی ئادەمیزادی ئەم سەردەمە جەنجالەو گەڕانی بەردەوامی بەدوای دۆزینەوەدا...

## ● پیشانگایەکی فۆلکلۆری کوردی

بۆ یەکەم جارو لە پیشانگایەکی خنجیلانەی فۆلکلۆری کوردی‌دا، کە کۆلێجی پەروەردە لە زانکۆی صلاح الدین بۆ نووسەر عومەر ابراهیم عەزیز کردیەوە، چەندان بە ڕوو بووم و کەلوپەلی هەمەجۆری فۆلکلۆری کوردی خرایە ڕوو...

لەم پیشانگایەدا کەسێ ڕۆژی خایاند (١١١) کەلوپەلی فۆلکلۆری نیشان درا، ئەوەبو لە سەردانێکی خێرادا بەناو بەشەکانی پیشانگا، کاك عومەر ابراهیم وتی:

پیشانگاکەم کرابووە چەند بەشێکی سەرەکی لەوانە بەشی کشتوکالو مەڕومالاتو دانەوێلەو ڕەشمال و ناورەشمال و کەرەستەی فۆلکلۆری... ئەم کەلوپەلانەش بریتی‌بوون لە دەیان کەرەستە، کە کۆم کردوونەتەوە لە لادێ، لە دیارترینیان:

«هەوجار، داس، هەسان، جەنجەڕ، فەرشە، سیر، ناوبریشك، تەشی، دارجگەرە، کوتك، گوسکە، دەست شۆر، تەوشی، کیسەتووتن، خلخال، بێر...» دەیان شتی‌تر کە ژیانی سادەو ساکاری لادێو داب و نەریتی کوردەواری دەنوێنێ...

هەروەها وتی:

ولاتان بابەخێکی تەواو دەدەنە کەلوپەلی هەمەڕەنگی فۆلکلۆری، بۆ نموونە خاتوو «هێنی هارۆلد هانسن» کە دانیمارکی بووەوسێ مانگ لە کوردستان بووە، لە ـ دوکان





- چەندان کەلو پەلی کۆکردۆتەوەو ناردوویەتی بۆ مۆزەخانەی دانیمارکی بۆ پاراستنی لایەنی کەلەپووری ئەم نەتەوەی کوردە. . .

ئەو بابەتانەی کۆم کردوونەتەوە، ڕاستەوخۆ لایەنی رووناکی فۆلکلۆری کوردی نیشان ئەدات و هیوایەم کە لە پیشانگای داهاتووتردا بتوانم زۆرترین کەلو پەلی فۆلکلۆری کوردی کۆ بکەمەوە.

کاك عومەر، تا ئێستا چەندان بابەتی لەسەر فۆلکلۆر نووسیوە، جگە لە چەندان کۆڕی ڕۆشنبیری، لەوانەش:

١ - فۆلکلۆری کوردی کە یەکێتی نووسەرانی کورد بۆی سازکرد - ١٩٧٨

٢ - داب ونەریتی کوردەواری - ژن هێنان - ١٩٨٠.

٣ - لە دایك بوون و مردن لە فۆلکلۆری کوردیدا لە لایەن ڕۆشنبیری جەماوەر ١٩٨٤.

٤ - هەندێ دیاردەی باو لە ناو کورد کە دەزگای ڕۆشنبیریو بلاوکردنەوەی کوردی بۆی ڕێك خست ١٩٨٥.

٥ - فۆلکلۆر - مێژووو بابەتەکانی ١٩٨٥ جگە لە چەند بەرهەمێکی لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری کوردی کە بەچاپی گەیاندوون.

● کۆنگرەیەکی ڕۆشنبیری لە بەشی کوردیدا. .

هەموو ساڵێ، لە بەشی کوردی زانکۆی صلاح الدین، وەرزێکی تایبەتی ڕۆشنبیری سازدەکرێت کە تیایدا باس و بابەتی ئەدەبی پێش کەش دەکرێت و قوتابیو «ماموستایان بەشداری تێدا دەکەن. .

ئەمساڵیش، لە چوارچێوەی ئەم چالاکییانە، بەشی کوردی، زنجیرە کۆڕێکی ئەدەبی پێش کەش کرد. .

کۆڕی یەکەم بریتی بوو لە لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی دیوانی - پۆلووی ژووری نۆتەك - ی شاعیر نەوزاد عەلی ئەحمەد لەلایەن قوتابی نووسەر - نجم الدین خالد - کە تیایدا دەست نیشانی ئەوەی کرد شیعری کلاسیکی سەرچاوەو بەردی بناغەی شیعری ئەمرۆمانە. . شاعیر تا لەو جۆرە شیعرانە نەخوێنێتەوە، ناتوانێ ببێتە شاعیری لێهاتووی سەردەم. پاشان هەلسا بە شیکردنەوەی ناوەرۆك و شێوەی چەند پارچە هۆنراوەیەکی شاعیرو ئەوەی دەرخست کە خوێنەر هەست بە چەشنە رۆمانسیەت و ڕیالیزمی دەکات. . . دوای ئەوە، نۆرەی لیژنەی هەلسەنگاندن هات کە بیروڕای خۆیان دەربارەی باسەکە دەربڕن کە بریتیبوون لەم بەڕێزانە: د. محمد نووریو د. شکریة ڕسول و ماموستا محمد معروف پاشان قوتابی نەوزاد عەلی - دانەری ئەم چەپکە شیعرە هەلساو ئەوەی روون کردەوە کە لێکولەرەوە بەتەواوی نەیتوانیوە مەبەستی دیوانەکە بپێکیو بۆ ئەمەش هەندێ بیروڕای تایبەتی خۆی دەربڕی.

دووەم بابەتی کۆڕەکان بریتیبوو لە پێش کەش کردنی کۆڕێ دەربارەی نیشانەی «کۆ» لە دیالەکتیکی کرمانجی خواروو، کە تیایدا باسی چەند لایەنێکی شێوەی کۆکردنی کرد لە ڕێزمانی ئەو دیالەکتیکە. . هەندێ نیشانەو بەلگەی بۆ باسەکە هێنایەوە، شایانیباسە کە دەربارەی ناوەرۆکی باس گەلێك گفتوگۆکراکە تێکرا ماموستاو قوتابیان لە بەشی کوردی بەشدار بوون.

● کۆڕێکیتری دەزگاکەمان. .

«نەوروزو ٢٧ ساڵە» بابەتی کۆڕێك بوو کە دەزگاکەمان لە هۆلی نەقابەی کرێکاران بۆ نووسەری لاو فوئاد خوگر

سازی‌کرد... ئەم کۆڕە کاك خوگر سازی‌کرد... ئەم کۆڕە کاك محمـود زامـدار پێش کەشی کردو لەسـەرەتادا باسێکی ژیـان و بەرهـەمی نووسـەری کردو پەنجەی بۆ چالاکی‌یەکانی دەزگاکەمان درێژ کرد... ئینجا کاك فوئاد هەڵـوێستـەیـەکی لە بەرهـەمی شیعری شاعیـری نەمر - بێ‌کـەس - کردو دەست نیشانی ئەوەی کرد کە «بێکـەس» شاعیرێکی دیاری ریالیزمی نەتەوە پەرستەو باسی شیعری ٢٧ ساڵـەی کردو لە مێژووی سەرهـەڵدانی ئەو شیعـرەی کۆڵیـەوە.. هە روەهـا باسی بەرهـەم و شیعـری نەمـری «بێکەس»ی کرد، وەکو شاعیرو مرۆڤ و نیشتمان پەروەر...

دوای ئەوە، گفتـوگـۆ دەربـارەی ناوەڕۆکی باسـەکـە کراو ئامادەبووان بیروڕای خۆیان لەم بارەوە دەربڕی.

● دوکتۆر ئاورەحمان لە «ئەلف وبێ»ی کوردی ئەدوێ..

بەشی کوردی لە زانکۆی صلاح الـدین، بەردەوامـە لە سازکردنی کۆڕی ڕۆشنبیـری‌و میـوانـداری‌کـردنی ئەدیب و نووسەرانی کورد..

لە چوارچێوەی ئەم چالاکی‌یانەش، کۆڕێکی ڕەنگین بۆ مامۆستای زمان زان د. ئاورەحمانی حاجی مارف دەربارەی نووسینی کوردی ڕێك خرا.

سەرەتـا، د. ابـراهیم عەزیـز سەرەکی بەشی کوردی کورتەیەکی ژیان و بەرهەمی مامۆستا ئاورەحمانی باس کردو ئەو ڕۆڵـەی ڕوون کردەوە کە مامـۆسـتـای ناوبـراو لە ڕووی خزمەتی نووسینی کوردی‌یەوە نواندوویەتی...

ئینجـا مامـۆستـا مارف باسی سەرەتـای پەیدابـوونی نووسینی کوردی‌ی کردو پەنجەی بۆ ئەو سەرچاوەو باسانە برد کە لەم ڕووەوە دوواون.. لەوانـە، مامـۆستـای نەمر علاءالـدیـن سجـادی لە ساڵی ١٩٦٠ پەنجـەی بۆ ئەوە کێشاوە کە لەگەڵ پەیدابوونی ئیسلام ئەلف وبێ‌ی عەرەبی پەیدابووە.. هەروەها باسی ئەوەی کرد کە بەڵگەی مادی‌ی باشترین ڕێگەیە،

ئینجا باسی پیتە کوردی کردو لە مێژووی پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئەم پیتانە دووا...

## راپۆرتی بەغدا

ئامادەکردنی: باوکی دۆست

### ڕۆمان نووسێکی ڕەگەزپەرست.

جان راسبای ڕۆمانێکی نوسیوە ناوی ڕۆمانەکەشی ناوە سەرۆك)... بەڵام چ سەرۆکێك.. ئەوەی کە بە کەیفی خۆی بۆ فەرەنسای دروست کردووە...

ئەم ڕۆمـانـە ئاشوبی‌و ئاڵۆزی‌یەکی ناوەتەوە... چونکە جان راسپـای ڕەگـەزپـەرستـانـە دایـڕشتـوەو خزمـەتی بیری توخم پەرستی پێ‌ئەکات.



### * کۆشکی گەورەی پاریس....

لە کۆشکی گەورەی پاریس دا گەلێ کۆری ڕۆشنبیری سازئەدرێت.

.... لە (٢٠ - ٢٦ /٣) پیشانگای شەشەمی کتێب لەم کۆشکـەدا سازدرا ... نیقابـەی پەخش و بڵاوکـردنـەوەی نیشتمانی سەرپەرستی ئەم پیشانگایەی کرد... گەلێ لە ولاتـانی جیهـان لەم پیشـانگایەدا بەشداریان کرد دروشمی ئەم پیشانگایە کتێبێك و دوو چاوی جوان بوو.



## * (کأسك یاوطن) لە پۆشاکی دەرهێنانێکی نوێدا.

ئەم شانۆگەریەی (محمد الماغوط)ی نوسەرو شاعیر جارێکی تر بۆ شانۆ دەرئەهێنرێتەوەو پۆشاکێکی نوێتر لەبەرئەکات (عەباس ئەحمەد)ی هونەرمەند ئەم شانۆگەریە دەرئەهێنێت و ماجدە مونیر دەوری سەرەکی تیادا ئەبینێت.

ئەم شانۆگەریە کە لەسەر تەختەی شانۆی قاهیرەدا پێشکەش ئەکرێت بۆ تەلەفزیۆنیش تۆمار ئەکرێت...

هیوادارین تەماشاکەرانی خۆشمان ببینن و لە تەلەفزیۆنی عیراقدا پێشکەش بکرێت.



## * سینەماو ئۆسکار...

لە ٣/٢٤دا بەم شێوەیە خەلاتی ئۆسکار وابەش کرا:

- باشترین فلیم (ڕەنگی ئەرجوان) (دەرەوەی ئەفریقیا) (ماچی ژنەجالجالۆکەکە) (شەرەفی نەوەی بریتزی) (شایەت).

- باشترین دەرهێنەر (سیدنی بولاك - هکتور بابنکو- جون هستون - بیتر وایر - ئەکیراکوروساوا.

- باشترین ئەکتەر (پیاوان - هاریسون فوردو / جیمسی غارنرو / ولیام هارت و جاك نیکسون و جون فویت...

ژنان: (ئان بانکروفت - ووپی غولدبرگ - جیسکا لانج - جیرالدین باج / میریل ستریب /...



## * سروودی برسی یەکانی ئەفریقیا

ئەڵێن گۆرانی «ئێمەی جیهان» کە هۆنراوەکەی لە لایەن لیونیل (ریتشی و مایکل جاکسون -)ە نوسراوەو ٤٥ گۆرانی بێژ بە شێوەی سروود وتویانە (٣٠) ملیون دۆلاری پێ پەیاکراوە، ئەم پارەیەش بۆ برسی یەکانی ئەفریقیا تەرخان کراوە...

خەلاتی «غرامی»شی پێ بەخشراوە، ئەمەش لە وڵاتە یەکگرتوەکاندا بە خەلاتێکی یەکجار گەورە دائەنرێت.



* (هێزی وڵاتان لە لبنان دا.

(خطـار ابـو دیـاب) لە پاریس دا کتێبێکی بەچـاپ گەیـانـدوە، کتێبـەکـەیش لە ناوەکـەیـدا دیارە کە دەربارەی هێزی وڵاتانە لە لبنان دا. . . ئەم بەرهەمە تۆژینەوەیەك بو دەربـارەی کێشـەی لبنان و هێـزی وڵاتـان لەم وڵاتەدا. . . بەڵام زانکۆی پاریس گەلێکی لەلا گرنگ بوو و پەسەندی زانی کە بە چاپی بگەیەنێت. . .

ئەم کتێبـە (کـە دوو بەشـە) ئەوەی چەسپـانـدوە کە زایونیەکان هۆی ئەوەبوون کە هێزەکانی ئەمەریکاو فەرەنساو ئیتالیا بەرەو لبنان بکەونەرێ.




* چاکترین رۆمانی کلۆد سیمون.

رۆمـانی «بـا»ی کلۆد سیمون تەرجەمەی عەرەبی کراوەو لە بڵاوکراوەکانی کۆڤاری هیلال ـ ی قاهیرەیە . . .ئەوانەی بە فەرەنسی ئەم رۆمـانـەیـان خوێندبێتـەوە ئەڵێن چاکترین رۆمـانی کلۆد سیمـونـە. . . رەخنـەگرانیش لەسـەر هەمان بۆچـونن و ئەڵێن بەهـرەی کلۆد سیمـۆن لەم رۆمـانـەدا دەرکـەوتـووەو خۆی ئەنوێنێ . . .(د.زینب عبدالعزیز) ئەم رۆمانەی تەرجەمەی عەرەبی کردووە، هیوادارین تەرجەمەی کوردیش بکرێت. . چونکە رۆمانەکانی خۆمان بە پەنجەی دەست ئەژمێردرێن ئەمە لەلایەك. . . لە لایەکی تریشەوە کتێبخانەی کوردی بە شاکاری جیهانی دەوڵەمەند ئەبێت. . .

* نووسەرێکی کلۆل. . .

خاتـو کارین بلکسن نووسـەرێکی دانیمـارکییە. . . ئەم نووسـەرە تووشی گەلێ چەرمەسـەری هاتـووە. . . (٢٠) ساڵ زیاترە کۆچی کردووە بەڵام تازە لەسەری ئەنوسرێت و بەرهـەمـەکانی تەرجەمەی زمانەکانی تر ئەکرێت. . . گەلێ نووسینی تری دۆزراوەتەوە کە تا ئێستا کەس نەیبینیون. . .

ژیـانی ئەم خاتـونـە کراوە بە فلیمی سینەماو ناوی نراوە (دەرەوەی ئەفریقیا). . . بەڵام پاش چی؟. . . پاش مردنی!

(تـا ئێستـا هیچ بەرهـەمێکی ئەم نووسـەرە نەکراوە بە عەرەبی یان کوردی؟!).

* (١٤ ـ چواردە) چیرۆکی ئەردەنی. . .

ئەلیاس فەرکوح ـ ی ئەردەنی ١٤ چیرۆکی لە کتێبێکدا بەچاپ گەیاندووەو ناوی ناوە «کێ دەریا جوت ئەکات؟» لێرەدا مەبەستی کێڵانەو ئەڵێ نوێترین بەرهەمە.

چیـرۆکـەکـانی ئەم چیـرۆك نوسـە پەنـاوەکی نین و لەمـەوبـەریش کۆمـەڵێ چیرۆکی (لـە عیـراقـدا) بەچـاپ گەیاندبوو و ناوی نابوو «شەقازللە».

* (نیو ملیۆن دۆلار بۆ تابلۆو پەیکەر. . .

دەسەڵات دارێتی سوید بە تەمایە ١ / ٢ ملیون دۆلار بۆ تابلۆو پەیکـەرو کاری هونـەری تر خەرج بکـات تا دوو ئێستگەی وزەی پێ برازێنێتەوە . . . ئەم کارەش بوەتە هۆی ئەوەی کە رەخنەی لێ بگیردرێت و بکرێت بە کێشەیە کی گەورە.

# یانەی بەیان

○ ئاسۆ ○

## خوێنەری ئازیز

وا ئەم جارەش لەم گۆشەیەدا بەیەك دەگەینەوەو پێتان و رادەگەینین کەهەروەکو ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری «بەیان» توێشەبەرەی ئەم ژمارەش کۆمەڵێك بابەتی هەمە ڕەنگ بوون، پاش خوێندنەوەو بژارکردن و هەڵسەنگاندن، ئەو نووسینەی کە شیاوی بلاوکردنەوە نیە ڕێچکەی خۆی گرت و بەپێی دەرفەتی دەرچوونی گۆڤارەکە بلاو دەبێتەوە، ئەو بابەتەی کە چ لەبەر کزیو لاوازیو چ لەبەر ڕێبازی گۆڤارەکە هی ئەوە نەبوو چاوی بەڕووناکی بکەوێ خرایە یانەکەو ئێمەش وەلامەمان دایەوە، ئەو بابەتەی کە تارادەیەك مایەی خۆشبەختیو سوودبەخش بوو لەڕیزی بەرهەمی لاوان بوو، بۆ گۆشە تایبەتییەکەی خونچە پشکوتوەکان تەرخان کرا کە گۆڤاری بەیان پەیتا پەیتا دەستی ئەو لاوانەو ئەوانەی تازە دەستیان داوەتە قەڵەم دەگرێو هانیان دەدا کە بەردەوام بن و هەنگاوی گورج تر هەڵێنن، بەو ئومێدەی کە ئەوانیش لەباخی ئەدەبی کوردیدا زیاتر گەشەبکەن و ببوژێنەوە، خۆ ئەو بابەتانەی کە جاروبار تروسکەیێك ڕووناکیان لێوە دەردەچێ، ئەوانیش پشت گوێ ناخرێن و چەند وێنەیەکیان لێ بلاودەکرێتەوەو، جاری واش کەمێك دەسکاری دەکرێن ئەوسا بلاودەکرێنەوە.

یانەی بەیان بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ ئەو بەرهەمانە دەکات کەدەستەی نووسەران پاش هەڵسەنگاندن و ڕا لەسەردانیان بۆ ئێمەی دەنێرن، ئێمەش بەپێی تواناو بۆ چوونی خۆمان جارێکی تر پێیاندا دەچینەوەو وەلامیان دەدەینەوە، دەبێ ئەوەش بزانن هەر بەرهەمێ تروسکەیێك ڕووناکی تیا بێ ئێمە گڕو کڵپەو ڕوشنییەکەی زیاتر دەکەین و، هەر نووسینێ کەمێك هەناسە بدات بەهیچ جۆری خەفەی ناکەین بەڵکو بەپێچەوانەوە دەرگاو پەنجەرەی زیاتر بۆ دەکەینەوە تا پڕ بەسییەکانی هەناسە بدات.

ئیتر گۆڤاری بەیان، گۆڤاری خۆتانەو چاوی لەبەرهەمی پەتەوو بەپێزی شێوەو قەڵەمی ڕەنگینتانە، ئێوەش نابێ دریغی بکەن لە پشتگیری کردنی، ئەو بەئێوە پشتی ئەستوورەو، هەر بە نووسینی قووڵ و وردو خەست و خۆڵ ئاستی بەیان بەرز دەبێتەوەو گەشە دەکات و پێش دەکەوێ.

یانەی بەیان

● برای خاوەن هۆنراوەی (مەم) براگیان ڕاستە تۆ سەرووات ڕیزکردوە، بەلام نەکێشەکەی تەواوەو نەدارشتنی هۆنراوەکەت، دەبێ ئەوە بزانی کە شیعر مەرجی هونەکاریی خۆی هەیە، تەنیا سەروا ڕیزکردن ناتکەن بەشاعیر،

ئامۆژگاریت دەکەین ئەوەندە پەلە نەکەیت و داوای لێبوردن دەکەین.

● کاک «أ. ص» وا دیارە شوانی‌یەکەت سەرکەوتنی وەدی‌نەهێناوە زۆرت ماوە شیعرێکی تەڕو پاراوو رێك وپێك دارێژی، ئەگەر بەخۆتا دابچیتەوەو ئیقاعی شیعر رەچاوکەیت و کەمێك وورد بیتەوە لە ناوەرۆك و فۆرمدا، ئەوە لەوانەیە هەنگاوێك بەرەوپێشەوە بچی.

● کاک «م. ق» ئەوەی کەناوت ناوە لێکۆڵینەوە سست و بێ‌هێزەو دوورە لە پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی زانستی، هەرچەندە کە تۆ تووشی درێژە داوری بووی کەچی نیشانەت نەپێکاوە، خۆزیا نووسینەکەت پوخت و خەست بوایە نەك «زۆرو بۆر»

● کاک «ع. میراودەلی» هونراوەیەکی بۆ ناردووین تیادا دەڵێ:

شەوانە..
کە بیر لەتۆ بکەمەوە
ئەبێ بیدار بم
بۆیە رقم
لەخەوەو
بیداریم خۆش ئەوێ

وەك سەیر دەکەین نەیتوانیوە ئیقاعەکەی بەتەواوی بپارێزی بۆیە شیعرەکەی سەرکەوتنی بەدی‌نەهێناوە، چاوەڕوانی بەرهەمی بەپێزو هێزای لێ دەکەین.

● کاک «س. ع» ئەوەی کە دەربارەی محمد عارف جزیری‌یەوە نووسیوتە لاوازەو بابەتی (بەیان)نیە. بابەتی وامان بۆ بنێرە کە کەلکی بڵاوکردنەوەی هەبێ. داوای لێبوردن دەکەین.

● برای خاوەن هۆنراوەی «سترانا ئەی وولاتا» رەنگو رۆخساری شیعری پێوە دیارە، شیعر ئاوا نانووسرێ ئەگەر تۆ دەتەوێ بەرهەمت بڵاوبێتەوە، با دەنگ و رەنگت یەك بن.

● کاك «ف. ع. ر. خۆشناو» کاکی برا نەك شیعر نووسین بۆ گۆڤارێکی وەك (بەیان) بەڵکو نامەیەکی ساکاریش بەو جۆرە نانووسرێ کە تۆ نووسیوتە، کەمێك ئارامت هەبێ، هیچ مەرج نیە بەزوویی و لەپڕ ببی بە شاعیر. زۆر بخوێنەوە لە شیعر بگە ئەوسا دەس بدە قەڵەم.

● کاك «ع. س» ئەو سێ سترانەی بۆ ئێمەت ناردوە پێشتر بڵاوکراونەتەوە، هەروەها هی ئەوە نین ببنە بابەتی بەیان.

● بۆ خاوەن هۆنراوەی «ئازیزەکەم تۆو بە عەشقی خوا دەبێژەوە» ئەوەی ناردووتە ورێنەیەو چیتر، یا ئێمە لە شیعر ناگەین ئەگینا ئەمەی نووسیوتە کەی دەچێتە ریزی شیعرەوە کە دەڵێ:

ئازیزەکەم: لە هێلکەی بەختیاریا
بۆت دەبێژم
ئاردی هۆنراوەیەکی رووت
کە پەکەکەی تفت و تاڵە
ئاردی ووردە هەناسە درێژ
شەوو رۆژ لەتەنگەتاو دایە

وەك خۆت تەنگەتاو کردوە، شیعرەکەشت لەخۆت تەنگە تاوتر کراوەو هەناسەی لێبراوە، لێی گەرێ بابێتەوە هۆش خۆی و هەناسەیەکی تر هەڵکێشێ.

● برای نازنـاو «ڕۆ ڕۆ» هۆنـراوەیـەکی دوورو درێـژی بۆنـاردوین، وەك خۆی بەدەست یارەکـەی «ن»ە وەگـرفتارەو ناوی خۆی ناو ڕۆڕۆ، شیعرەکەت خەریکە دەست بکات بە گریان شین و ڕۆڕۆ. ئێمە وا خۆمان لەدەستی دەرباز کردو دەرگـای بڵاوکـردنـەوەمـان بەڕوو داخست، خۆ ئەگەر ئەویش واز لە (ن) بێنی‌و چیتر دەس نەکات بەڕۆ ڕۆ ئەوە هەردوولامان دەحەسێینەوەو دڵنیا دەبین.

● کاك «د. بناقی» چیرۆکە فولکلوری‌یەکەت هەندێ شتـی وای تیـایـە کە بەلای ئێـمـەوە پەسنـدنین، بۆیـە بەپێـویستمـان نەزانی بڵاوی بکەینەوە، بابەتی باشترمان بۆ بنێرە تابۆتی بڵاوبکەینەوە.

● کاك «ع.م. عامر» براکەم، دەبێ چیرۆکی فۆلکلۆر سوودبەخشن و ئەنجامێکی باشی هەبێ، ئێمە هەموو شتێ بڵاونـاکـەینـەوە تەنیـا فۆلکلۆربێ‌و چیتر. ببوورە. هەروەها حەیـرانـۆکـەکـانیش لەو شێـوە نین کەبەکەڵك بێن و شیاوی بڵاوکردنەوە بن.

● کاك (ابـراهیم عثمـان) هۆنـراوەیـەکی بۆ ناردوین بەخـەـتێکی ئەوەنـدە زلی نووسیـوە وەك بڵێی خەڵکـەکـە چاوی ئەوەندە کزە بۆی ناخوێنرێتەوە، وا ئێمە کۆپلەیەکی لێ بڵاودەکـەینـەوە هیـوادارین بابـەتی باشـترو بەپێـزمان بۆ بنێری‌و لەو قاوغە تەنگەبەرەدا خۆی دەرباز بکات، هەنگاو بەرەو جیهانی شیعر هەڵێنێ:

**چرپەی وەفات ئومێدێکە**
**ئەمرۆکە لە دایك بووە**

**نازو فیزت لەژیانا**
**هەناسەی دڵ ئەخاتە گەڕ**

**تا نەمردووم... ڕێزم بگرە،**
**نازم بکێشە... شیرین گیان.**

بۆ خاوەن هۆنـراوەی «لـەخـەومـا» کاکی برا هۆنراوەکەت جۆرە تەمومژی‌یەك و لێلی‌یەکی تێکەوتوە کە خۆشت سەرت لێشـاوەو بەخـۆت نەزانیـوە کە چ دەڵێی، دەبێ هۆنـراوە ڕوون و ئاشکـرا بی‌و دووربکـەوێتـەوە لەشێـوەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ، داوای لێبوردن دەکەین.

● کاك «ئازاد. ع.ك» وا چەند جارە شیعر بۆ گۆڤاری بەیـان دەنێـری‌و وەڵام دەدرێتـەوە، ئەمجـارە نیگـەران بی‌و دڵـی بشـکـێنین، وا پاش کەمێ دەسکـاری کردن چەنـد دێڕێکی بۆ بڵاودەکەینەوە:

**بەناوی ئاسمانی ساماڵا**
**بەباخی خۆشی خەیاڵا**
**نەی ئەزانی کە دڵداری**
**زۆر بە گوڕترە، ئازاری**
**لەو دۆزەخەی گوایە ئەڵێن**
**تاونباران تیا ئەبرژێن**
**بێ ئاگابوو لە ئەم شارە**
**عەشق مل کەچی دنیاوە.**

● کاك «ب. محـمـەد» ئەوەی ناردووتـە شتـێـکـی سەرپێی‌یە بە بابەتی گۆڤارێکی وەکو (بەیان)نیە. هەر چەندە وەك نووسیوتە یەکەم جارە کە نامە بۆ ئەم گۆڤارە دەنێری‌و دوو هۆنـراوەشت لەگـەڵیـا ناردوە، ببوورە کە هێشتا زۆرت ماوە ببی بەنـوسـەرو بەشـاعیر. پێش ئەوەی دەست بدەیتە قەڵـەم دەبێ ماوەیـەکی زۆر خۆت بەخـوێنـدنـەوە خەریـك بکەیت و ببیە ڕۆشنبیرێکی ئاوا کە دەرك بەکامڵ و کرۆکی ڕاستەقینەی نووسینی ئەدەبی بکەیت. ببورە کاکی برا.

# دوا وشە

## «وەلاتێ ئەدیب و هوزانڤان و شەرکەرا»

هەر ژ کەڤندا پایتەختێ وەلاتێ مە (بغداد) مەلبەندێ رەوشەمبیر و زانا بویە، و دیروکێ ئەو پەرێت خو تژیکریە، ئەڤە ژی چەندێ دگەهینیت کو مللەتێ مە یێ عیراقی حەز ل کەرێ خاندن و خاندنگەها بویە، و زانا و فیلسەڤان و هوزانڤانا ئەستا بەغدا کریە کانیا زانین و پێگەهشتنێ.. داکو تیهنانیا خو بشکێنت و فێری هەمی مەیدانێت خاندنێ ببن - و گەلەک زانا و پێگەهشتیا ناڤ و دەنگە بەلاڤە کرینە و خزمەتا مللەتێ خو کریە، و ئەڤ خەملە و رەوشە بەردەوام مایە هەتا نوکە ژیێک وەلاتێ مە هەر سال خو نیشادانەکا ژ ڤی تورعی بەرهەڤ دکەتن.. هەر وەک ل ڤەهەیا بوری ل رۆژا ١٧ هەتا ٢٣ ێ ئاداری کونگرا پانزدێ یا ئێکەتیا ئەدیب و نڤیسەڤانێت عەرەب و مەهرەجانا هەڤدێ یا هوزانا هاتە کرن گەلەک هوزانڤان و نڤیسەڤانێت بناڤ و دەنگ ئەستا وەلاتێ مە کر، دوی دەمیدا یێ کو عیراق بەرگریا وەلاتی دکەتن دژی زوردارێت ئیرانێ.. بەلێ کونگرا ڤی جارێ تامەکا خاسمە تێدا بو... ئەوژێک دیار کرنەکە بو هەمی دونیایێ کو مللەتێ عیراقی ل ئالەکێ بەرگریا وەلاتی دکەتن و ل ئالەکێ دی چاڤ دێریا کاروانێ رەوشەمبیریێ دکەتن... هەر وەسا خو نیشادانێت رەوشەمبیری و دلی دەمیدا چاڤ پێکەتنەک بەرکەتییە بو بەلاڤەکرنا رەوشەمبیریێ و بەرسینگ گرتنەکە بو پاشڤەمانێ و کەڤە پەریا و پیلانێت دوژمنا... و ئەگەر هوبرێک هزرا خو دزوردایا ئیرانێدا بکەین دێ بو مە خویا بیت کو بەلاڤەکرنا رەوشەمبیریێ چەندا پێدڤی یە دلێ فوناغا ئەم تێدا.. و ئەو رۆژ هات کو هەمی رەوشەمبیرێت عەرەب خو بدەنە ئێک و بەرگریا ل هێرشێ بکەن... چونکە وەلاتێ مە بخو کریە ئارمانج... و گەلێت ئیرانیا ژی وە ژ گەلێت صەهیونیا کێمتر نینە... بەلێ ل وەلاتێ مە ئەدیب و هوزانڤان و رەوشەمبیرا شەر کریە... هەر وەک ئەستا بەرکەتی یا سەروکێ فوماندار صدام حسین گوتی: کارێ پێنڤیس و تڤەنگێ ئێکە... و ژبلی نڤیسینا بکریار گەلەک ژ وانا پشکداری کریە لبەرێت شەری، و هندەکا گیانێ خو قوربانی وەلاتی کریە... و چیروکێت وان و هوزانێت وان و ئەدەبێ وان کارەکێ ئێکجار مەزن کریە سەر پیروباوەرا و بویە هێزەک و گیانێ هەمی مللەتێ عیراقیدا و دگیانێ هەمی شەرکەرادا - و پێشڤە هێزێ سەروکێ فوماندار گوتی ئەم وان ئەدیب و هوزانڤان و رەوشەمبیرێت هەڤال و برا ژبیر ناکەین ئەوێت پێنڤیسێ خو دایە دگەل عیراقیا و زاخا گیانێ مللی دیار کری... هەر وەک ئەمیندارێ گشتی یێ ئێکەتیا ئەدیب و نڤیسەڤانێت عەرەب د کونگرێدا گوتی: عیراقا ئەڤروکە وەلاتێ شارستانیەتێ و پێش کەتنێ یە وەلاتێ چاڤ دێر بو هەمی زانا و ئەدیب و نڤیسەڤانا ژبلی کو د فوناغەکێدا دبوریت ئەوژێک بەرگریا ئاخا خو و ئاڤا خو دکەتن دژی هێرشێت زوردارا.. هەروەسا دیارکر کو پێدڤیە ئەدیبێت وەلاتی هزر و بیرێت خو بێخنە دخزمەتا پێش کەتنێدا و بەرگریا وان پیلانا بهێنە کرن ئەوێت بزاڤێ دکەن کو شارستانیەتا وەلاتی و کەلەپوری و ئەدەبێ مە تێک دەن. و پاشیکا سەروکێ ئێکەتیا ئەدیب و نڤیسەڤانێت عیراقی دگوتارا خودا گوتی: ئەڤروکە ئاخێ کەرخ و روصافە ژ فلو دەست یێ دکەتن هەتا چوارنە... و عیراقیا ئەڤە شەش سالە وەلاتێ خو پاراستی... ئاخا خو و دیروکا مللەتێ خو پاراستی ژ هێرشێت زوردارا و ئالایێ عیراقێ بشانەهیا خودێ و پیروباوەرێت مللەتی دێ هەرێ بلند بیت...

و ئەڤ کونگرە هاتە گرێدان دگەل شەهیانێت وەلاتی بهەلکەتنا جەژنا نەورۆزێ... هەر وەک وەفدێ ئێکەتیا ئەدیب و نڤیسەڤانێت کورد شەهالکێت نەورۆزێ هەلکرین د شەمەندەفرا بەصرادا دەما دگەل میهڤانا چوینە بەصرا... و هەمی ئەدیب و هوزانڤان و نڤیسەڤانێت عەرەب پشکداری کری دگەل وان د جەژنا نەورۆزێدا.. ئەڤەیە مللەتێ عیراقی... ئەڤەیە کارێ عیراقیا...

عبدالله ئامێدی

بەیان

مجلة ادبية شهرية

تصدر عن دار الثقافة والنشر الكردية

وزارة الثقافة والاعلام

بغداد



رئيس مجلس الادارة ورئيس التحرير

مصلح مصطفى الجلالى





**BAYAN**

Litrary Monthly Magazine
Ministry of Culture and Information
Issued by: The Kurdish House for Cultuer and Publi shing
Baghdad - Iraq



EDITOR IN CHIEF

**MUSLEH MUSTAFA JALALY**



نرخی (200) فلسە

دار الحرية للطباعة